میژووی جەنگی جیهانی دووەم
زنجیرەی سەرکردە سەربازییەکانی ئەڵمانیا



منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# مارشاڵ
# هیرمان ویلهلم گۆرنگ

کۆمەڵێک لێکۆڵەرەوەی سەربازی

جیڤارا کمال

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ، عربي ، فارسي )

مێژووی جەنگی جیهانی دووەم

زنجیرەی سەرکردە سەربازییەکانی ئەڵمانیا

# مارشاڵ
# هیرمان ویلهلم گۆرنگ


نوسینی:

کۆمەڵێک لێکۆڵەری سەربازی

وەرگێڕانی: جەفارا کەمال



چاپی یەکەم

سلێمانی ..... ٢٠٠٩

# لەبلاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

## زنجیرە: (٢٣٠)


**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب: مارشاڵ هیرمان ویلهلم گۆرنگ

بابەت: ژیاننامە

نوسینی: کۆمەڵێك لێکۆڵەری سەربازی

وەرگێڕانی: جیفارا کەمال

شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج

دیزاین و بەرگ: وەرگێڕ

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٠٩ کوردستان

تیراژ: ١٠٠٠ دانە



ناونیشان:

سلێمانی ـ بازاڕی سلێمانی ـ نهۆمی دووەم ـ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژ، مۆبایل، ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣

ژ، مۆبایل، ساناء: ٠٧٥٠١١٩١٨٤٧

# پێڕست


**بەشی یەکەم:**

دروست بونی ژیانی مارشاڵ گۆرنگ و هەستکردنی بە لێپرسینەوە ..... ٥

گۆرنگ و بواری فڕۆکەوانی ..... ٩

هتلر پاش بێ هیوایی ..... ١٤

**بەشی دووەم :**

کودەتا و دورکەوتەنەوە ..... ١٩

شکست هێنان و دەستگیرکردنی هتلر ..... ٢٤

بوون بە ئەندامی گۆرنگ لە پارلەماندا ..... ٢٨

مردنی ژنی گۆرنگ و کاریگەری لەسەری ..... ٣١

**بەشی سێهەم:**

لەسەرکورسی فەرمانڕەوایی ..... ٣٧

پەیدابوونی جەستابو ..... ٤٤

فڕۆکەوانی و ڕاوکردن ..... ٤٧

پیاوانی گەورەی ئەڵمانیای نازی و ( روهم ) ..... ٥٠

تەقەمەنی لە جیاتی پەنیر ..... ٥٤

**بەشی چوارەم**

جەنگ یان ئاشتی ..... ٦٠

خەونەکانی هتلر و ڕاوەدوونانی یەهود ..... ٦٥

ئەو هەوڵانەی دەدران بۆ دەستگیرکردنی هتلر ..... ٦٨

داگیرکردنی راگ و پێشڕەوی بەرەو پۆلەندە.....٧٤
هتلر و بەریتانیا.....٨٠
تەوژمی هستریای هتلری.....٨٥
**بەشی پێنجەم :**
مەرگ.....٩٠
بەشی شەشەم :
دادگایی کردن.....١٢٠

# پێشەکی

ژیانی سەر هەسارەی زەوی پڕی چیرۆك و روداو و بەسەرهاتی مێژوویی و بیرنەکراوە کە هەندێك لەو رودا و بەسەرهاتانە بریتی قوڵی لای مرۆڤایەتی جێهێشتووە و بیر ناچنەوە ، یەکێك لەو رووداوانەی کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی مرۆڤی سەر زەوی هەبووە هەردوو جەنگە جیهانیەکەی تیایدا هەموو مرۆڤایەتی زیانی پێگەیشت ، کە یەکێك لەو جەنگانە هۆکاری هەڵنایسانی حیزبی نازی ئەڵمانی بووە کە جەنگی جیهانی دووەمی هەڵگیرساندوو بووە هەڵسوڕێنەری جەنگەکە لە تەواوی جیهاندا و زوڵم و زۆرێکی بێ سنوور بە مرۆڤ گەیشت ئەویش لە ئەنجامی خراپ مامەڵە کردنی سەرکردە جەنگیەکانی ئەو جەنگە لە پێش هەمویانەوە ئەدۆڵف هیتلەر سەرۆکی ئەڵمانیای نازی ، هەر یەکێکیش لەو سەرکردانە چیرۆك و بەسەرهاتی تایبەتی خۆی هەیە و کۆمەڵێك لە لێکۆڵەومران لە شێوەی زنجیرەیەکی سەرکردە نازیەکاندا بڵاویانکردۆتەوە کە ئەم کتێبە تایبەتە بە یەکێك لە هەرە سەرکردە باڵا دەست و بەتواناکانی سوپای نازی و دەستە راستی هیتلەر و سەرۆکی دەزگای ( جستابو ) پۆلیسی نهێنی ئەڵمانیا ئەو سەرکردەیە ( مارشاڵ / هیرمان ویلهیڵم گۆرنگ ) ە کە لەم کتێبەدا باس لە ژیانی و بەسەرهاتی لە کاتی شەڕی

ئەڵمانیای نازی و هەموو جیهان دەکات تا رۆژی خۆبەدەستەوەدانی و دادگایی کردنی لە لاهای و دواتر خۆکوشتنی لە زیندانداا بەر لە سێدارەدانی ، بەو هیوایەی سودێك بگەیەنێت بە کتێبخانەی کوردی وەك کتێبێکی مێژوویی ئەم کتێبە پێشکەش بە هەموو خوێنەرێکی کورد .

وەرگێڕ
www.jivarakamal.com

## بەشی یەکەم:

# دروست بونی ژیانی مارشاڵ گۆرنگ و هەست کردنی بە لێپرسینەوە

هرمان گۆرنگ لە (٢)ی یناێری سالّی (١٨٩٣)دا لە دایکبووە لە دوای (٩)هەفتە پاش لەدایکبوونی، دایکی لای چەند کەسێك لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی دەروننناسی باشووری (باڤاریا)ی ئەڵمانیا جێی دەهێڵێت کە ئەرکی بەخێوکردنی دەگرنە ئەستۆ، مەبەست لەم جێ هێشتنەش ئەوە بوو کە دایکی دەیویست بگاتە هاوسەرەکەی واتە باوکی گۆرنگ کە (قونسوڵ)ی ئەڵمانیا بوو لە دورگەی هاییتی لە دەریای کاریبی. شایانی باسەکە (هێزیش ئارنست گۆرنگ)لەوەو پێش ئەفسەری (هێزی سوارە / سلاح الفرسان)بوو لە پاشان ئەرکی (قونسوڵ)ی گرتە ئەستۆ پاش ئەوەی لە سوپا دورکەوتەوە، (هێزیش)بۆ جاری دووەم ژنی هێنابوو کاتێك کە لە (لەندەن)وانەکانی کارگێری هەرێمە داگیرکراوەکانی دەخوێند لە (٤٥)سالّیدا. بەڵام ژنەکەی کە ناوی (فرانزیکا)بوو بە رەچەڵەك (باڤاری)بوو لە دەرەوەی ئەڵمانیادا دەژیا لە باشوری رۆژئاوای (ئەفریقا)دا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیادا بوو و خاوەنی (٥)منالّ بوو لە (هێزیش)و ئەو منالّەی کە لە (باڤاریا)هاتە دنیاوە ناونرا (هرمان ویلهلم گۆرنگ)بەم

جۆرە ئەم قونسولّە ئەڵمانیيە بووە خاوەنی (٩)منالّ. کە (٥)یان لە ژنی یەکەمن ئەو کاتە هێشتا خێزانی گەورە ڕێپێدراو بوو (هێزیش گۆرنگ)وردە وردە لە خانەنشینی نزیك بوەوە لێرەدا بە یەکجاری دوری نێوان خۆی و خێزانەی نزیك بوەوە و خێزانێکی گەورە پێکەوە نرا ئەم خێزانە بژێویەکی ئەوتۆیان نەبوو چونکە زۆربون، بەهەرحالّ لە یەکێك لە گەڕەکەکانی ئەڵمانیادا هەر چۆنێك بێت ژیانی ئاسایی خۆیان لە یەکێك لە ناوچەکانی بەرلیندا دەبردە سەر.

هەر لە منالّیەوە (گۆرنگ)چاوکراوە و وریا بوو زۆر سەربەستانە هەڵسوکەوتی دەکرد، باوکی لە تەمەنی (٥)سالّیدا ڕۆژێك نیشانێکی ئەسپ سواری خۆیی پێشکەش کرد کە زۆر دڵخۆش بوو پێی بەو پێیەی کە باوکی کاتی خۆی ئەفسەر بووە زۆر لە ئەفسەرانی هاورێی کە هێشتا لە کاردا بوون سەردانیان دەکرد بۆ مالّەوە، شایانی باسە کە گۆرنگ هەمیشە لە چاودێری کردنی ئەو ئەفسەرانەدا بوو بە وردی سەرنجی جل و بەرگ و هەڵسوکەوتی دەدان و هیوای دەخواست کە ئەویش ببێتە یەکێك لەو ئەفسەرانە.

لە ڕێگەی دایکی یەوە ئەم خێزانە هاورێیەکیان هەبوو کە ناوی (هومان ئاینیش)بوو و زۆر جار لە کاتی منداڵ بوندا مامانی (فرانزیکا)بوو بەو پێیەی پزیشکی پسپۆر بوو لەم بوارەدا و (فرانزیکا)ش دۆستایەتیەکی پتەوی لەگەڵدا پەیداکردبوو و ئەو خانوەی کە لە بەرلین خێزانەکەی گۆرنگ ی تیادا دەژیا مولکی ئەم پزیشکە بوو بەبێ بەرامبەر ئەو

خێزانەی تیادا جێگیر کردبوو پاش ئەوەی ئەم پزیشکە لە دەرەوە گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا و پارە و پولێکی زۆر و نازناوێکی باشی بەدەست هێنا بوو هەستا بە گرتنی قەڵایەك لە نزیك (موترندورف)لەسەر سنوری (بافاریا / نەمسا)، بەڵام قەڵای یەکەم کە هەر ئەم پزیشکە خاوەنی بوو دەکەوتە (فالدنیشتین)لە دوری (١٥)میل لە (نورمبرگ)ەوە و لە سەر پاشماوەی دیوارێکی مێژوویی سەدەی (١١)بنیادنرابوو ئەم پزیشکە تەرخانی کردبوو بۆ خێزانەکەی (گۆرنگ)و داوای لێکردن لەوێ نیشتەجێ ببن، لە پاشاندا ئەم خێزانە بە دایك و باوکەوە کە بریتی بوون لە (ئەلبرت کوری گەورە و دوو کچ بە ناوی ئولها و پاولا ئنجا هرمان گۆرنگ)چوونە ئەو کۆشکە و لەم کاتەدا (گۆرنگ)تەمەنی (٨)ساڵان بوو بەم گۆرانکاریە زۆر دڵخۆش بوو کە لە خانویەکی وا فراواندا ژیان بەسەر دەبات و ئەو کۆشکەش لە هەر چوارلاوە دیمەنی سروشتی جوان ئەملاولایان رازاندبوەوە، ئەو رۆژانە خەریکی یاری کردن و هەڵگەران بوو بەسەر چیاکاندا و لەم بوارەدا چالاکی خۆی پیشان دابوو.

هاورێیەتی پزیشك (ئاینشتن)ماوەی (١٥)ساڵی خایاند وەك ئەندامێکی ئەو خێزانەی لێهاتبوو هەرچەندە بە هۆی پیشەکەیەوە زۆرجار دووردەکەوتەوە، ئاینشتن گۆرنگی لە قوتابخانەیەکی ناوخۆیی داناو گۆرنگیش زۆری پێخۆش بوو و خۆی دابوە خوێندنەوەی مێژوژ و زۆر حەزی بە باس و خوێندنەوە دەکرد لەسەر نازناو و نازایەتی بابەتێك لە مێژووی ئەوکاتە کە بریتی بوو لە (ئەسپ سوارانی تیوتون و فریدریکی

گەورە)بە تایبەت پاش ئەوەی زانی کە کاتی خۆی باپیرە گەورەی بەرێوەبەری ئابوری فریدریك بووە، ئەم باسە لە بیری گۆرنگدا وەك شتێکی پیرۆز مابووەوە تاوەکو ئەو کاتەش کە بەڕێوەبردنی پرۆژە چوار ساڵیەکەی هتلر دەگرێتە ئەستۆ لە تەمەنی (١٢)ساڵیدا (هرمان گۆرنگ)دەنێردرێتە (ئەکادمی سەربازی)لە (کارلسروو)لە پاش کۆتایی هێنانی خوێندن و لە تەمەنی (١٦)ساڵیدا پەیوەندی دەکات بە (کۆلێژی سەربازی)لە (لیشترفیلد)کە لە بەرلینەوە نزیك بوو، شایانی باسە کە ئەم حاڵەتە تەواو لەگەڵ حەزوو ئارەزووەکانی گۆرنگدا دەگونجا لەم ماوەیەدا بەهۆی ناکۆکیەکی نێوانی (ئاینشتن)و دایکی کۆشکەکە جێ دەهێڵێن و لە شاری (میونخ)جێگیردەبن لە ساڵی (١٩١٣)دا و پێش هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم بە ساڵێك گۆرنگ باوکی دەمرێت و گۆرنگیش زۆر بە کوڵ و پەژارەیەکی زۆرەوە لەسەر گۆرەکەی بە جل و بەرگی سەربازیەوە دەگری لە پاشان ئەرکی ئەو خێزانە و بژێویان دەکەوێتە سەر (ملازم هرمان گۆرنگ).

گۆرنگ بە ئازایەتی نازناوی وەرگرت بە تایبەتی پاش ئەوەی کە پاش شارۆچکەی (ئالالای)هەستا بە گرتنی شارۆچکەی (ملهوزی)لە هەرێمی (ئالزاس)بە هاوکاری تیپێك سەرباز.

* * *

## گۆرنگ و بواری فڕۆکەوانی

پاش ئەوەی کە هاورێیەکی بە ناوی (ملازم بروتو لورزر)پەیوەندی بە قوتابخانەی مەشقی فرۆکەوانی دەکات گۆرنگ هەوڵدەدات لە هەمان قوتابخانە وەربگیرێت بەڵام بە هۆی تووشبونی گۆرنگ بە نەخۆشی (رۆماتیزمە)کە لە ئەنجامی ژێرخانە گڵەکانەوە توشی هاتبوو بە ناچاری مۆڵەتی نەخۆشی وەردەگرێت لە پاشان داواکاریەکەی سەبارەت بە وەرگرتنی لەو قوتابخانەیە رەت دەکرێتەوە، بەڵام گۆرنگ هەر سور بوو لەسەر بەشداریکردنی بە شێوەیەك کە بەرپرسان ناچاربوون بیدەنە دادگای سەربازی دادگاش بڕیاریدا بۆ ماوەی (٣)هەفتە لەسەریەك گۆرنگ لە شەڕگەکاندا بمێنێتەوە و دانەبەزێت وەك سزایەك، پاش ئەوەی ماوەی دیاریکراو تەواو دەبێت بەهۆی ناوبانگ و حەزکردنی بە بەشداربوون لەم بەشە نوێیەی چەکی ئەڵمانیادا بڕیاردرا لەو قوتابخانەیە وەربگیرێت، لە پاش کۆتایی هاتنی مەشق گۆرنگ هەستا بە بەشداری کردن و هاوکاری کردنی هاورێکەی (لورزر)لە لیخۆڕینی فرۆکەیەکدا بە هاوبەشی، واتە فرۆکەیەکی دوو شوفێری کە (لورزر)ئەرکی لێخوڕینی گرتبووە ئەستۆ و گۆرنگیش ئەرکی چاودێری پاش ئەوەی ئەم دوو ئەفسەرە رەوانەی جەنگەکان کران لورزر هەوڵیدەدا لە ئاستێکی زۆر نزمدا بەسەر شەڕگەکاندا بفرێت بۆ ئەوەی گۆرنگی هاورێی بتوانێت وێنەی روون و

درشتی مۆلگە سەربازیەکان بگرێت، شایانی باسە زۆرجار بە دەمانچە تەقەی لە دوژمنان کردوە لە ئەنجامی فڕین بە شێوەیەکی یەکجار نزم و زۆرجاریش بە دەستی خۆی بۆمبی داوە بەسەریاندا. هێزی ئاسمانی ژمارە (٢٥)ی سوپای ئەڵمانی پرینس (فریدریك ویلهلم)سەرکردایەتی دەکرد زۆر بە زیرەکی و ئازایەتی ئەم دوو هاورێیە، و هەر ئەمەش وای کرد کە ئەم دوو ئەفسەرە لەلایەن جێگری سەرۆکی ئەڵمانیاوە بانگهێشت بکرێن و نیشانی ئازایەتی کە بە (خاچی جەنگی نمرە / ١)ناسراو بوو وەربگرن هەروەها ئەم دوو ئەفسەرە رێپێدران لەگەڵ گەورە سەرکردەکاندا گفتوگۆ لە بارەی شەڕگە و مۆلگە سەربازیەکانی دوژمن بکەن بە پاڵپشت بەو وێنانەی لەلایەن خۆیانەوە گیراون بە خێراییەکی زۆر ناوبانگی ئەم دوو هاورێ و ئەفسەرە بڵاوبۆوە.

لە ساڵی (١٩١٥)دا و لە مانگی ئەکتۆبەردا (گۆرنگ)بووە فرۆکەوان و شۆفێری فرۆکەیەکی (دوو ئامێری / طیارة ذات محرکین)کە پێویست بوو بەرگری و بەرهەڵستی بۆمب هاوێژە بریتانیەکانی پێ بکات لەجۆری (هاندلی بیگ)لە رۆژێکی زستانی ساڵی (١٩١٥)دا هەستا بە هێرش بردن بۆ سەر یەکێك لەم فرۆکە بەریتانیانە هەر خۆی بە تەنیا و بە هۆی دەمانچە دەستیەکەیەوە دەتوانێت یەکێك لە بۆمب هاوێژەکانی ئەو فرۆکەیە لە کار بخات بەڵام پاش کەمێك چەند فرۆکەیەکی بەریتانی دیکەی لە جۆری (سوبویر)لێ پەیدا دەبێت و فرۆکەکەی گۆرنگ دەدەنە بەردەستڕێژ و لە ئەنجامدا (تانکی سوتەمنی)یەکەی بەردەکەوێت و

فرۆکەکە بەرەو زەوی دادەگەڕێ و گۆرنگیش کەمێک لە هۆش خۆی دەچێت بەڵام لە پێش کۆتایی هاتن و بەرکەوتنی فرۆکەکەی بە زەوی گۆرنگ بە هۆش خۆی دێت و لە هەوڵێکی کەم وێنەدا توانی فرۆکەکەی بەرز بکاتەوە و ئاراستەکەی بەلای هێڵە نەڵمانیەکاندا بگۆڕێت لە پاشاندا لە یەکێک لە گۆرستانەکانی ناو خاکی نەڵمانیا دەکەوێتە خوارەوە و بەو هۆیەوە یەک ساڵی تەواو لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە لەم ماوەیەدا ناودارانی هێزی ئاسمانی لە ناوبانگ و ئازایەتیدا خەڵکی باسی دەکردن و وێنەی پاڵەوانە فرۆکەوانەکان لە بازاڕ و شوێنە گشتیەکاندا دەفرۆشرا لەو وێنانە وێنەی (ریشتهوفن)و (ئاودت).

شایانی باسە لەگەڵ هاتنی ساڵی (١٩١٧)دا وێنەی گۆرنگیش بووە یەکێک لەو وێنانە، پاش ئەوەی کە لە نەخۆشخانە دەرچوو دەستبەجێ پەیوەندی کردەوە بە پۆلەکەیەوە و لە مانگی مایۆدا گۆرنگ توانی سەرکردایەتی پۆلێک فرۆکە بکات و لە ساڵی (١٩١٨)دا بەنرخترین و بێ وێنە ترین (مەدالیا)وەردەگرێت کە بە نیشانێک دادەنرا، دەدرا بەو سەرباز و فرۆکەوانەی توانیبێتی (٢٥)فرۆکە لە فرۆکەکانی دوژمن بخاتە خوارەوە.

لە مانگی نەپریل ساڵی (١٩١٨)دا یەکەمین و بە ناوبانگترین فرۆکەوانی نەڵمانی دەکوژرێت کە ناوی (ریشتهۆفن)بوو لە پاشان سەرکردە (رینهارت)سەرکردایەتی پۆلە فرۆکەکەی ریشتهوفن دەکات پاش لەناوچونی (ریشتهۆفن)کە ئەویش لەکاتی تاقیکردنەوەی فرۆکەیەکی

نوێ دەکوژرێت، لە پاشان سەرکردایەتی پۆلەکە دەدرێتە دەست (گۆرنگ)و گۆچانەکەی (ریشتهوفن)و (رینهارت)وەردەگرێت و دەبێتە پاڵەوانی مەیدان.

گۆرنگ لە زۆربەی ئەو راپۆرتانەی لەکاتی جەنگەکاندا دەینارد بۆ سەرکردایەتی باسی لە گرانی و بە زەحمەتی پەیوەندیکردنی فرۆکە ئەکرد لەگەڵ یەکترا و پەیوەندی لە فرۆکەوە بۆ زەوی، هەر ئەمەش وایکرد کە گۆرنگ داوا بکات گۆڕانکاری و ئامێری نوێ لەناو فرۆکەکاندا دابنرێت بۆ ئاسانکردنی ئەرکی پەیوەندیکردن، لەلایەکی ترەوە پێویست بوو لەسەر هەر فرۆکەوانێك کە رۆژانە (٥)جار هەڵبسێت و چالاکی ئەنجام بدات، ئەم کارەش بووبوە هۆی ماندوبونێکی زۆری فرۆکەوانەکان و فرۆکەکانیش.

لە بەهاردا جەنگ کۆتایی پێدێت لەم کاتەدا گۆرنگ تەمەنی (٢٥)ساڵ بوو بەو پێیەی کە گۆرنگ لە سەرکردەکانی فەرمانڕەوایی ئەڵمانیا بوو هەرگیز نەیدەتوانی رەزامەند بێت بە دارمان و لەناوچوونی کتوپڕی ئەڵمانیا، لە ساڵی (١٩١٨)هەرچەندە چەند پروپاگەندەیەکی بیستبوو لەوانە دەست لەکارکێشانەوەی (قەیسەر)لە دەسەڵات و یاخی بوونی کەشتیەکی گەورەی جەنگ لە شێوەی (ئستۆڵ)لەگەڵ هەواڵی ئەگەری بەرپابوونی کودەتایەك لەناو سوپادا، چونکە بە ڕای سوپا حکومەتی ئەڵمانیا لە ناوەوە تووشی لێدانی خنجەری ژەهراوی هاتووە، ئەمانەو هەواڵی ئەنجامدانی کودەتایەك لە روسیای پێ ڕاگەیەنرا، بەڵام گۆرنگ

## هینرمان ویلهلم گورنگ

هەموو پیاوانی فرۆکەوانی کۆکردەوە و پێی راگەیاندن کە نابێت فرۆکەکانیان بدەنە دەست فەرمانسیەکان وەك فەرمانیان پێدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا فرۆکەوانەکان فرۆکەکانیان بەرەو ئەو جێگایە برد کە بڕیار وابوو بدرێتە دەست فەرمنسیەکان شایانی باسە لەکاتی نیشتنەوەی ئەو فرۆکانە لەلایەن فرۆکەوانەکانەوە تێك شکێنران لە ئەنجامی بەئەنقەست بە زەویدانیاندا گۆرنگیش بە فرۆکەکەیەوە لە فرۆکەخانەی (مانهایم)نیشتەوە و هەڕەشەی لە لیژنە کرێکاری و سەربازانی و شیوعیەکان کرد کە ئەگەر بێت و سەرجەم ئەو چەکانەی کە لە فرۆکەوانەکانی هاوڕێی سەندراوە نەدرێتەوە دەستیان ئەوا بەو چەکەی کە لە سەر فرۆکەکەیەتی گوللە بارانی هەمووان دەکات.

گۆرنگ لەو رۆژەدا دوا راپۆرتی خۆیی نووسی کە ئەمە دەقەکەیەتی: (ئەمڕۆ نوقمبەرە و ڕاوەستانی شەڕ راگەیەندراوە و پۆلە فرۆکەکەم لە بارودۆخێکی ناخۆشی کەش و هەاودا بەرەو (دارمستادت)کەوتۆتەرێ). شایانی باسە لەو رۆژەوەی ئەو پۆلە فرۆکەیە دامەزرابوو تاوەکو ئەوکاتەی شەر راگیرابوو رێژەی (٦٤٤)فرۆکەی دوژمنیان تێك شکاندبوو و زیانی فرۆکەوانەکانیش بریتی بووە لە (٥٦)کوژراو لەگەڵ (٦)سەرباز و بریندارکردنی (٥٢)ئەفسەر و دەرەجەدار و (٧)سەرباز.

# ژن هێنانی گۆرنگ و کۆبونەوەی لەگەڵ هتلر پاش بێ هیوایی

گۆرنگ بە پلەی (کابتن)لە سوپا دورخرایەوە، (تسریح)کرا و ئەم کارەش بووە هۆی بە هەڵم بوونی حەز و ئاواتەکانی.

پاشان شیوعیەکان داوایان لە کرێکاران و سەربازان کرد هەستن بە ئەنجامدانی شۆڕش و ئەفسەرەکانیش لە ترسی گیانی خۆیان نەیان دەوێرا بە جل و بەرگی سەربازیەوە بە شەقامەکاندا هاتوچۆ بکەن ئەنجا (قەیسەر)وازی لە حوکم هێنا و کۆتایی بەو دەسەلاتە هات و لە پاشاندا حکومەتێکی کۆماری نوێ دامەزراو و راگرتنی شەڕی بە رەسمی ئیمزا کرد، ئەم کارە لەلایەن سوپاوە بە خنجەری ژەهراوی لە قەڵەم دەدرا چونکە رەزامەندبوون بە شەڕ وەستان واتای هاتنە پێشی پەیمان نامەی (فێرسای)و مەرجە ناڕەواکانی.

گۆرنگ و هاوڕێکانی بەبێ هیچ پاداشت و موچەیەك لە سوپادا (تسریح)کران، ئەو کارە بوبووە مایەی نیگەرانی و ئەو قەیرانەی ولاتەکەیانی تێکەوتووە لەگەڵ مەترسی بەرپابوونی شۆرش وەك لە روسیا ئەنجام درابوو.

له پاشان گۆرنگ دەگەڕێتەوە شاری (میونخ)دەبینێت کە دایکی ژیانێکی مەژی و مەمرە دەژی ماوەیەك بێ کار دەبێت لە پاشان کۆمپانیای (فوکردولن)داوای لێ دەکات هەستێت بە تاقیکردنەوە و نمایشکردنی ئەو فرۆکە مەدەنیە نوێیانەی کە ئەو کۆمپانیایە بەرهەمی هێناوە لە سەرشێوەی (فوکر f 47)ە، بەو مەرجەی کە فڕۆکەیەك لە جیاتی کرێ بەرێت بۆ خۆی لە دوای نمایشکردنی بۆ جەماوەر.

گۆرنگ هەستا بەئەنجامدانی کاری پیشاندانی فرۆکەکە لە شاری (کۆبنهاگن)لە ولاتی (دانیمارك)و چەند کارێکی بەهلەوانی بەو فرۆکەیە ئەنجامدا کە بووە هۆی رەزامەندی و دڵخۆش بوونی جەماوەر بە تایبەت پاش ئەوەی کە دەستی بە نەفەر هەڵگرتن کرد لەگەڵ خۆی و هەر هاتن و چونێك بە بەرامبەر (٥٠)کراون کە جۆرێك بووە لە پارە. بەم هۆیەوە ناوی بلاوکرایەوە و باسی ژیانی پێشووی کە یەکێك بووە لە ئەفسەرە فرۆکەوانە جەنگیە بێ وێنەکانی ئەڵمانیا، ئەنجامەکەی بوە بەسەربردنی ژیان و گوزەرانێکی خۆش.

پاش ماوەیەك کۆمپانیایەکی فرۆکەوان لە ولاتی (سوید)دادەمەزرێت و داوای لێ دەکرێت کە بگاتە ئەو کۆمپانیایە و وەك فرۆکەوانێك کار بکات و لە هەمانکاتدا ئەرکی بریکاری کۆمپانیایەکی دروستکردنی (پەرەشوت)ی گرتبوە ئەستۆ. کاری فرۆکەوانیەکەی تایبەت بوو بە گواستنەوەی پیاوانی ناودار و خاوەن پلەو پایە و کەسێتی. لە زستانی سالی (١٩٤٠)دا داوای لێکرا هەستێت بە گواستنەوەی کۆنت (ئەریك فۆن

روزن)ی سویدی له فرۆکەخانەی شارەوە بۆ کۆشکەکەی خۆی هەرچەندە کۆشکەکە و فرۆکەخانە ئەوەندە لە یەکترەوە دوورنەبوون بەڵام لە ئەنجامی ناخۆشی باری ئاو هەواو و بارینی بەفر گۆرنگ رێگە هەڵە دەکات و پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر بە ناچاری لەسەر یەکێك لە دەریاچە بەستوەکانی نزیك کۆشکەکەوە دەنیشێتەوە، کە دەریاچەی (فۆن)بوو و لە کۆشکی (رۆکلستاد)بوو، ناوچەکە دەریاچەی جۆراوجۆر و دراستانی چڕوپڕی تێدا بوو لە پاشاندا کۆنت (ئەریك)داوای لە گۆرنگ کرد کە شەو لەگەڵ ئەودا بەسەر بەرێت و لە کۆشکەکەدا بمێنێتەوە شایانی باسە زۆرشت لەو کۆشکەدا سەرنجی گۆرنگی ڕاکێشابوو لەوانە ئەو وێنە و دیمەنە جۆرا و جۆرانەی بە دیواری کۆشکەکەدا لە ناوەوە هەڵواسرابوون لەگەڵ وێنەی باو و باپیرانی کۆنت (ئەریك)و زۆر بە شێوازی وێنەکانیان و ئەو جل و بەرگانەی ئەو کاتەی کە لە بەریاندابوو خۆشحاڵ بوو لە پاشان کاتێك سەرهەڵدەبرێت فەروە و کەللە سەری زۆر لە ئاژەڵە درندەکان بەدی دەکات، وشك کراون لە هەموو ئەمانە جوانتر کە بەدی دەکات ئەو شۆخەی کە لەو کۆشکەدا بوو و خوشکی خێزانی کۆنت بوو سەردانی کردبوون و هاتە لای گۆرنگ و کۆنت و لە نزیك ئاگردانەکە دانیشت، ئەو کچە شۆخە کە سەرنجی گۆرنگی ڕاکێشا ناوی (کارین فۆن کانتزوف)بوو و گۆرنگ لە یەکەمین دیدارەوە خۆشیویست پاش ئەوە لەگەڵ کۆنت دەست دەکەن بەوتنی گۆرانیە نەتەوەییە ئەڵمانی و سویدیەکان.

باوکی (کارین)بارۆن (فۆك)یەکێك بووە لە ئەفسەرانی سوپای سویدی و دایکی ئینگلیزی بووە و لە (ئێرلەندە)ژیاوە و باوکی لە بەشی پاسەوانی پادشایەتی بە ناوبانگی بەریتانی کە بە (گۆلد ستریم)ناسرابوو کاری کردبوو.

(کارین)شوی کردبوو بەلاّم لە هاوسەرەکەی جیابوبوەوە کە کاری دبلۆماسی دەکرد و ماوەی (١٠)ساڵ پێکەوە ژیاون و کارین کوڕێکی لێی هەیە بە ناوی (تۆماس)لە پاش ئەوەی کە گۆرنگ دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا زۆر بیری کارین دەکات و لە میونخ و لە ساڵی (١٩٢١)دا و لە تەمەنی (٢٨)ساڵیدا پەیوەندی دەکات بە زانکۆوە و دەست دەکات بە خوێندنی ئابوری سیاسی و زانستی سیاسی. پاش ماوەیەك و دوای ئەوەی بە تەواوی لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە (کارین)دێتە ئەڵمانیا بۆ لای گۆرنگ و لە میونخ لە (٣)ی فبارایردا لە ساڵی (١٩٢٣)دا کارین دەکاتە هاوسەری ژیانی.

گۆرنگ لە کاتی فەرمانڕەوایی کۆماری (دیمار)دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا و لە میونخ (حزبی کرێکارانی نیشتمانی سوسیالیستی ئەڵمانی)بەرچاو دەکەوێت کە (ئەدۆلف هتلر)سەرکردایەتی دەکات و لە ساڵی (١٩٢٢)دا گۆێ بیستی یەکێك لە وتارەکانی هتلر دەبێت و خۆشحاڵ دەبێت بە ناوەرۆکەکەی و زانیبوی کە رۆژانی دوشەممان هتلر کۆبوونەوە ئەنجامدەدات بۆیە خۆی ئامادە دەکات بەشداری ئەو کۆبونەوەیە بکات و گوێ بیستی داواکاری و ئامانجی ئەو حزبە بێت پاش ئەوەی کە دڵنیا دەبێت لە ئاوات و خواستی ئەو حزبە رۆژێك هەوڵدەدات سەردانی

**هیرمان ویلهلم گورنگ**

بارەگای حزب بکات و لەگەڵ خودی هتلر کۆبێتەوە بۆ ئەوەی هاوکاری و بۆچوونی خۆیی پیشان بدات پاش بیرو ڕا گۆرینەوە گۆرنگ بڕیار دەدات خۆی و هەموو توانا و خزمەتگوزاریەك بخاتە ژێر دەستی هتلر.

لەو ڕۆژەوە و لە تەمەنی (۲۹)ساڵیدا دەچێتە ناو حزبی نازیەوە و پەیوەندی تەواوی پێوە دەکات.

* * *

بەشی دووەم:

## کودەتا و دورکەوتنەوە

هتلر دەربارەی گۆرنگ وتبوی کە (برِیارم پێداوە چەند تیپێکی بەناوی بەرگ قاوەییەکان رێك بخەم)کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی (١١)هەزار پیاو بۆ ئەم مەبەستە رێك بخات. گۆرنگ هەستی بەو هیواو متمانەیە کرد لەلایەن هتلرەوە کە ئەڵمانیا دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ دۆخی جارانی گەر بێت و لەسەر رێبازی ئەم پیاوە واتە هتلر برۆن، هەرچەندە (عەریف)ێکی پێشووی سوپایە و سەرهەڵدان و لە دایکبوونیشی هیچ گرنگیەك و نازناو و ناوبانگێکی نیە.

گۆرنگ و خێزانەکەی لە شاری (میونخ)نیشتەجێ بوون هەمیشە دەرگای مالّیان ئاوەڵا بوو لە پێشوازی کردنی هتلر و هاورێکانی کە بریتی بوون لە (رودۆلف هیس)کە لە ساڵی (١٩٢١)موە پەیوەندی کردووە بە حزبی نازیەوە هەروەها کابتن (روهم)کە خۆی بە پیاوێکی سەربازی لەحزبدا دادەنا لە جیاتی گۆرنگ لەگەڵ (ئەلفرد رۆزنبرگ)کە بە رۆشنبیر دادەنرا و لە (بەڵتیق)موە هاتبوو زۆر دژی (شیوعیەت)بوو پاش ئەوەی ماوەیەك لە (مۆسکۆ)ژیابوو (روهم)کە تەمەنی (٣٤)ساڵ بوو و لە گۆرنگ بەتەمەنتر بوو وا خۆی پیشان دەدا کە ئەو سەرۆکی ئەرکانی جەنگی

حزبه و گۆرنگ سەرکردەی جەنگی مەیدانە، یاخود شەقام چونکە ئەوکاتە مەیدانی جەنگی حزب شەقامەکانی (میونخ)بوو.

بۆ یەکەمینجار گۆرنگ لەگەڵ (هیس)دا بەیەک گەیشتن کاتێک کە لە زانکۆی (میونخ)گوێ بیستی یەکێک لەو وانانە بوون کە باسی جەنگی رزگاری وئەڵمانیای دەکرد دژی هێزەکانی (ناپلیۆن پۆنابارت).

هیس کەستێتیەکی وشك و راستگۆ و و دڵسۆز و پڕ متمانە بوو بەرامبەر هتلر بە پێچەوانەی گۆرنگ کە ئارەزووی گاڵتە کردن و کراوەیی بوو لەگەڵ خەڵکیدا. شایانی باسە هتلر زۆرجار گاڵتەی بە ژنەکەی گۆرنگ دەکرد کاتێك کە لە زۆربەی بۆنەکاندا گۆرنگ بە (نازیزم)بانگی دەکرد و ژنەکەی گۆرنگیش بەڕێزەوە لە هتلری دەڕوانی و وەك هاورێیەك و سەرۆکی هاوسەرەکەی هەرچەندە هتلر کەمێك سەرنجی ئافرەتانی بەلای خۆیدا رادەکێشا.

هتلر دەیویست بیردۆزی (دورخەرەوە قازانج دەکەیت / فرق تسد)، لە گۆرانگدا بیادە بکات هتلر گۆرنگی دژی روهم دادەنا و بە پێچەوانەشەوە هەروەك چۆن هتلر بە بەکارهێنانی ئەو سیاسەتە ناسراو بوو بە درێژایی ژیانی بەڵام پێویستی بە هاوکاری و یارمەتی هەموو ناوداران و پیاوانی ئەڵمانیا هەیە چونکە روهم هتلری بە (بیلدندورف)ناساندبوو کە سەرۆکی هەینەی ئەرکانی جەنگی پێشووی ئەڵمانیا بوو. وە مەبەستی روخاندنی دەسەڵاتی حکومەتی (دیمار)ی ئەڵمانیا پێویستی بەو کەسانە هەیە لە جۆری (بیلدندورف)چونکە هتلر بڕیاری بەڕپاکردنی شۆرشی

**هیرمان ویلهلم گورنگ**

دابوو دڕی ئەو حکومەتەی ئەڵمانیا وەک چۆن (مۆسۆلینی)لە ساڵی (١٩٢٢)دا بەرە و (رۆما)رۆیشت و جڵەوی حوکمی گرتە دەست لە (ئیتاڵیا).

بۆ ئەم مەبەستە هتلر لە وتارێکیدا لە ینایری (١٩٢٣)دا لەگەڵ (٥)هەزار لە پیاوانی ناسراو بە (تیپەکانی گەردەلول)هانیدان بە پێویستی دەستگرتن بەسەر دەسەلاتی ولاتدا.

پیاوانی گەردەلول لە (١)ی مایۆی هەمان ساڵدا داوایان لە سەرکردەی سوپای (باڤاریا)کرد پەیوەندیان پێوە بکات، بەڵام ئەو سەرکردەیە کە پلەی (جەنەڕاڵ)بوو ئەو داوایەی ڕەت کردەوە هەرچەندە حکومەتی ئەوکاتەی ئەڵمانیا ئەو هێزو و توانایەی نەبوو بەڵام لە دڕی هەرجۆرە سەرکێشی و کودەتا و شۆرشێک دەوەستا.

هەر لە (١)ی مایۆی (١٩٢٣)دا (پیاوانی گەردەلول)کە سەر بە حزبی نازی هتلر و گۆرنگ بوون خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا دڕی شیوعیەکان کە هەموو رۆژێک لەو ساڵەدا ئاهەنگی خۆیان دەگێرن بۆ ئەم مەبەستە گۆرنگ و سەرجەم ئەندامانی حزب هەموو نیشان و جل و بەرگی سەربازی خۆیان کە کاتی خۆی لە جەنگدا پێیان بەخشرابوو لەبەرکرد و روهم هەوالێدا کە لەو ئاهەنگەدا سەربازانی سوپا چەکەکانیان بدەنە دەست پیاوانی حزب بەڵام (فۆن لوسوف)ی وەزیری جەنگی ئەوکاتە لە دڕی هەموو ئەو هەوڵانەی روهم و حزبەکەی وەستاو ناچار پاشەکشێیان کرد.

له مانگی نۆڤەمبەردا هتلر بڕیاریدا بە زەبری هێز لە سوپا بدات و بۆ ئەم مەبەستە پیلانێکی داڕشت. جەنەڕاڵ (لودندورف)پشتگیری حزبی دەکرد و جێی کردبووە وە لە ئەڵمانیادا و رۆژی (٨)ی مارس دەستنیشانکرا بۆ ئەنجامدانی کودەتا، کۆبونەوەیەك لە هۆڵی (بیرە)لە (بورجریورکلر)لەلایەن نازی سازکراو (جوستان فۆن کاهر)کە وەزیر بوو لە حکومەتی ئەڵمانیادا ئامادەی ئەو کۆبونەوەیە بوو لەگەڵ جەنەڕاڵ (فۆن لوسوف)و چەند وەزیرێکی ترو لەم کاتەدا و لە دەرەوەی هۆڵەکە هتلرو گۆرنگ ژنەکەی گۆرنگیان بە ناساغی لەلای ژن خوشکەکەی جێهێشت و چوو بۆ ئەو کۆبونەوەیە بەڵام جەنەراڵ (لودندورف)هێشتا نەگەیشتبووە جێ، پاش کەمێك و لەو کاتەی کە (فۆن کاهبر)خەریکی خوێندنەوەی وتارێك بوو دەنگی گوللەیەك بیسترا و هەموو ئامادەبووان پەرداخە بیرەکانیان لە بەردەمیاندا داناو (فۆن)یش لە نیوەی وتارەکەدا وەستاو هتلر و پاسەوانێکی تایبەتی خۆی کە زۆرانبازێکی پێشوو بوو بەرەو دەنگەکە رۆیشتن و بە دوایدا گۆرنگ و هیس، لە پاشان هتلر چووە سەر مێزێك و گوللەیەکی بە دەمانچەکەی خۆی ئاڕاستەی (سەقفی)هۆڵەکە کردوو پاش ئەوەی کە سەرنجی هەموانی بەلای خۆیدا راکێشا چووە جێگەکەی وەزیر (فۆن کاهبر)و بە ئامادەبوانی راگەیاند کە وا (شۆرشی نیشتمانی)دەستی پێ کردوو (٦٠٠)کەس ئابڵوقەی ئەم هۆڵەیان داوە و کەس ناتوانێت دەرباز بێت شایانی باسە ئامادەبووان وا هەستیان کرد کە ئەمە نەك هەر مانای کۆتایی هاتنی حکومەتی پاڤاری

ناگەیەنێت بەڵکو واتای کۆتایی هاتنی هەموو حکومەتی نەڵمانیا دەگەیەنێت ناچار وەزیرەکان و لە ژێر زەبری دەمانچەی هتلردا لە ژوورێکی بچوکی ناو هۆڵەکە کۆنگرەیەکی خێرایان لەگەڵ هتلردا سازکرد، هتلر چاوەڕوان بوو کە (لودندروف)بگاتە جێ و لە هەوڵی قایلکردنی وەزیرەکان و ئامادەبووانداا بێت بەڵام پاش ئەوەی کە (لودندروف)دواکەوتبوو نەهات هتلر وەزیرەکانی لە ژوورەوە جێهێشت و بەرەو (لافتە)ی قسەکردنەکە رۆیشت و بە ئامادەبووانی راگەیاند کە وا (حکومەتێکی هەمەلایەن)دامەزراو ئەو واتە هتلر بە پلەی (وەزیری بەرپرس لە بەڕێوەبردنی سیاسی / وزیرا مسئولا عن التوجیه السیاسی)لەو حکومەتەدا پێدراوە هەروەها رایگەیاند کە بە هاوکاری لەگەڵ (لودندروف)دا ئەم ڕێبازە بەرەو (بەرلین)دەبەن. لەم کاتەدا لودندروف دێت پاش ئەوەی تورە دەبێت لەبەرئەوەی هتلر هیچ ئاگاداری و پرسێکی لەو بارەیەوە پێ نەکردووە بەڵام هتلر بواری قسە کردنی نادات و بە (لودندروف)دەڵێت کە بچێت بۆ ئەوەی ناکۆکی نێوان پیاوانی بەرگی قاوەیی و هێزی سەربازی وەزیر (لوسوف)چارەسەر بکات پاش ئەوەی ئامادەبوان ڕێیان پێدرا هۆڵەکە جێ بهێڵن دوو وەزیر لەلایەن حزبی نازیەوە وەک بارمتە بە دیل گیران و گواستراندوە بۆ چیاکان لەژێر سەرپەرشتی (هیس)دا وەزیر (فۆن کاهبر)یش لەلایەن (لودندروف)ەوە بە مەرجی قایلبوون بەو حکومەتە نازادکرا بەڵام لەگەڵ گەیشتنی ئەم وەزیرە بۆ بارەگاکەی خۆی راستەوخۆ رایگەیاند کە حزبی نازی هەڵەوەشاوەتەوە و داوای لە هاوڵاتیان کرد هیچ یارمەتی و هاوکاریەکی هتلر و حزبەکەی نەکەن.

## شکست هێنان و دەستگیرکردنی هتلر

هتلر شەو لەگەڵ (لودندروف)و (گۆرنگ)و (روهم)کۆبونەوە و باس لە ئەو هەنگاوە پێویستانە کرا، لە رۆژی (٩)ی نوفەمبەری ساڵی (١٩٢٣)دا و بەجل وبەرگی مەدەنی یەوە (روهم)بە هاوکاری تیپەکانی پیاوانی بەرگی قاوەیی بەرەو ناوەندی شار کەوتنەرێ و کاتێك کە بە هێزەکانی پۆلیس دەگەن لە (لویدج)گۆرنگ توانی بەو نیشانانەی کە بە بەرۆکیەوەیە لەگەڵ ناوهێنانی بارمتەکان سەرۆکی ئەو هێزانە قایل بکات بۆ ئەوەی رێ بدەن رێپێوانەکە بەردەوام بێت بەم شێوەیە خۆپیشاندەران کە بریتی بوون لە (٣)هەزار کەس بەرەو هۆڵی شارەوانی کەوتنەرێ و پاش کەمێك لەگەڵ هێزێکی تر بەرامبەر هاتن بە سەرۆکایەتی (گولیوس ستڕایخر)و لە ئەنجامدا ئاراستەیان گۆڕی بەرەو رووی وەزارەتی جەنگی پاڤاری کە (روهم)ی تیادا ئابلوقە درابوو بە هێزی سوپا. بەڵام لە ئەنجامی تێپەڕبوونی رێپێوانەکە بە شەقامێکی تەنگەبەردا کە لەسەر شەقامەکە هێزی پۆلیس لە چاوەڕوانیاندا بوون رێپێوانەکە وەستاو و پاسەوانەکەی هتلر چووە پێشەوە و بە هێزی پۆلیس و سەرۆکەکەیانی ڕاگەیاند کە تەقە نەکەن ئێستا بەڕێز جەنەڕاڵ (لودندروف)تێپەر دەبێت لەپاشان هتلر هاوار دەکات و دەڵێت کە خۆتان بە دەستەوە بدەن و چەك بن بەڵام

هەر لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیە، دەستیان کرد بە گوللە باران کردنی خۆپیشاندەران (لودندروف)بەبێ ترس و بەناو گوللە بارانداا چووە ناو هێزی پۆلیس و ئەو پیاوەی کە لەگەڵ هتلردا بوو کوژراو هتلریش خۆی بە زەویدا داو لە پاشان بەرەو دواوە هەڵهات و بە ئۆتۆمبێلێك چوبووە ماڵی هاوڕێیەکی کە ناوی (ئارنست هانزفستیگل)بوو و (گۆرنگ)یش گوللەیەك بەر سمتی دەکەوێت و دەچێتە ماڵی هاوڕێیەکی کە جولەکە بوو و ژنەکەی پزیشك بوو بە مەبەستی چارەسەرکردنی لەکاتێکدا کە (روهم)و پیاوەکانی خۆیان بەدەستەوەدا لەگەڵ (لودندروف)و لەچەند چرکەیەکدا خۆپیشاندەران بلاوەیان پێ کرا.

ژنەکەی (گۆرنگ)بەم حاڵەی زانی و پاش ئەوەی لەو ناساغیەی رزگاری بوبوو هات بۆلای گۆرنگ لەگەڵ خوشکەکەیدا و گۆرنگ داوای لێکرد کە هەوڵ بدات بیباتە خاکی (نەمسا)وە لەبەرئەوەی بڕیاری دەستگیرکردنی دەرچووە بۆ ئەم مەبەستە و بەهاوکاری خزمانی ژن خوشکەکەی توانرا گۆرنگ بە ئۆتۆمبێلێکی شارۆچکەی (جارمیش)بگوێزرێتەوە هەرچەندە کە پۆلیس بە بوونی گۆرنگی زانی لە (جارمیش)هەستا بەدەست بەسەرا گرتنی (پاسپۆرت)مکەی و پاسەوانی کردن و چاودێری کردنی لەنەخۆشخانەدا بەڵام بە هاوکاری هاورێیان و بەهۆی چەند بەڵگەنامەیەکی ساختەوە توانرا گۆرنگ بگوێزرێتەوە خاکی (نەمسا)و لەسەر سنوری نەمسا لە (ئەنزبروك)جێگیر بوو بەڵام بەهۆی گواستنەوەی و ترسناکی برینەکەی ناچاربوون کە چەند جارێك

نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدەن و بە مەبەستی لە هۆش خستنی رۆژی دووجار (مۆرفین)ی لێدەدرا کە لە پاشاندا فێری بوبوو، هتلر لە (١١)ی نوفەمبەردا دەستگیرکرا و گۆرنگ بەردەوام پەیوەندی هەبوو لەگەڵیدا لە بەندیخانە، دادگا ماوەی (٥)ساڵ زیندانی دا بەسەریدا و لە کۆشکی (لاندسبیرگ)ئەو ماوەیەی بەسەر برد کە لە بەندیخانە نەدەچوو چونکە رێگەی خوێندنەوە و پێشوازی کردنی ئەو کەسانەی پێدرابوو کە دەهاتن بۆ لای. (هیس)هەستا بە خۆبەدەستەوەدان بۆ ئەوەی بگاتە لای هتلر لە بەندیخانەدا.

هتلر داوای لە گۆرنگ دەکرد کە لە نەمسا بمێنێتەوە و لەکارکردن بۆ حزب بەردەوام بێت و نەگەڕێتەوە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی دەستگیرنەکرێت، بەڵام گۆرنگ زۆر بێ حاڵ بوو بەهۆی وەرگرتنی بەردەوامی (مۆرفین)و ئازاری برینەکەی و هاوکات دەست بەسەراگرتنی سامانەکەی لە پارەو پول لە ئەڵمانیا، لەم کاتەدا حکومەتی (نەمسا)داوای لێکرد کە خاکەکەی جێ بهێڵێت چونکە گەلی نەمسا نایانەوێت پیاوێکی وا لە وڵاتەکەیاندا بێت گۆرنگ چووە (ئیتاڵیا)و لەوێ دەستی کرد بە خوێندنی هونەر و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لەوێ مانەوە تاوەکو مایوی ساڵی (١٩٢٥)و لەو ماوەیەدا توانی چاوی بە (موسولینی)بکەوێت لە پاشان و دوای ئەوەی هەواڵی نەخۆشی دایکی ژنەکەی دەبیستێت بەرەو (سوید)دەکەونە ڕێ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا و خانوویەکی بچوك لە (ستۆکهۆڵم)ی پایتەخت بەکرێ دەگرن و گۆرنگ لەم کاتەدا تەمەنی (٣٢)ساڵ دەبێت و هیچ پارەو پولێك

و سەرچاوەیەکی بژێوی نیەو بێ کارە و کێشی لەشی زیادی کردوە و فێری وەرگرتنی (مۆرفین)بووە و ژنەکەی دووچاری نەخۆشی دەبێت دەرامەتیان زۆر نالەبار دەبێت بەهۆی کەمی پارە و خراپی تەندروستی. گۆرنگ ناوبەناو توشی بورانەوە و لەهۆش خۆ چوون دەهات زۆر تورە دەبوو کە وایکرد بخرێتە نەخۆشخانەی دەرونی لە (لبفیرو)هەرچەندە کە بە زۆر خرایە ئەو نەخۆشخانەیەوە پاش ئەوەی کە جل و بەرگی شێتیان لەبەرکرد ئەمە لە سبتەمبەری (١٩٢٥)دا.

بەڵام چونکە زۆر ڕق نەستور و خۆراگر بوو توانی لە بەندیخانە لە (مۆرفین)دور بکەوێتەوە و لە دوای (٣)مانگ توانی نەخۆشخانە جێبهێڵێت لەگەڵ بەردەوامی وەرگرتنی چارەسەرکردنی ناوبەناو پاش چاکبوونەوەی ژنەکەی لە (سوید)جێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و ماوەیەك لە هتلر دابڕابوو لەم کاتەدا پاش بەسەربردنی (١٨)مانگ لە بەندیخانە هتلر بەردەبێت و دەست دەکاتەوە بە دامەزراندنی حزبەکەی وە دەچێتە هەڵبژاردنەوە و (١٤)کورسی لە پارلەماندا بۆ حزبەکەی دەباتەوە و لە ساڵی (١٩٢٧)دا دەبێت بە سەرۆکی حزب لە پاشاندا لەگەڵ گۆرنگ بەیەك دەگەن بەڵام هیچ پلەیەك لەحزبدا نادات بە گۆرنگ تاوەکو حاڵ و گوزەرانی دێتەوە سەرخۆ.

لە پاشان گۆرنگ لە (میونخ)ەوە دەگەڕێتەوە بۆ (بەرلین)و دووبارە دەبێتەوە بە بریکاری چەند کۆمپانیایەکی فرۆکەوانی و چاوەڕوانی چەند هەلێکە بۆ گەڕانەوەی بۆ ناوحزب.

## بوون به ئەندامی گۆرنگ لە پارلەماندا

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٢٨)دا گۆرنگ توانی هتلر قایل بکات وەک نوێنەری پاڤاریا خۆی بپاڵێوێت هتلریش ئارمزووی پاڵاوتنی بوو بەو پێیەی کە کۆرنگ خاوەنی مێژوو و سەروەرییەکی زۆرە لە جەنگدا و هەروەها پەیوەندی تۆندو تۆڵی هەیە لەگەڵ حزبە راست ڕەو و کەسایەتیە دەوڵەمەندەکانی ناو کۆمەڵ هەر بۆیە ڕەزامەند بوو بە پاڵاوتنی گۆرنگ بۆ ئەندامێتی پارلەمان، گۆرنگ بووە ئەندام پارلەمان لە نێوان (١٢)ئەندامی نازی کە لە ناویاندا پزیشکێکیش هەبوو بە ناوی (گۆبلز)بەم جۆرە گۆرنگ دەیتوانی سواری شەمەندەفەری ژمارە (١ / درجە أولی)بێت لە بەرلینەوە کە ناوەندی کاری بازرگانیەتی بوو بەرەو پاڤاریا کە وڵاتی هەڵبژاردنەکەیەتی. شایانی باسە نازیەکان لەم هەڵبژاردنەدا تەنها (٨١٠)هەزار دەنگیان بەدەست هێنا لە کاتێکدا کە حزبی سوسیالیستی دیموکرات زیاتر لە (٩)ملیۆن دەنگیان بەدەست هێنا و شیوعیەکانیش (٣,٥٠٠)سێ ملیۆن و پێنج سەد دەنگیان بەدەست هێنا بوو.

پاش ئەوەی گۆرنگ بووە ئەندام پارلەمان حاڵی لە رووی پارەو خەرجیەوە باش بوو و (فزاتزتیسن)کە بە پیاوی پیشەسازی ناسرابوو لەو ڕوەوە یارمەتی دەدا لەلایەکی تر بەهۆی بوونە ئەندامی لە (رایشتاغ)کە تەلاری پارلەمانی ئەڵمانیا بوو ئیشوکارە بازرگانیەکانی پەرەی سەند. هەمیشە لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ (ئیرهارد میلیش)سەرۆکی کۆمپانیای (لوفتهانزا)ی تایبەت بە فرۆکەوانی پاشان گۆرنگ و هاوسەرەکەی دەچنە خانویەکی قەشەنگەوە لە شەقامی (بادن شتراس)و میوانەکانیان کەسایەتیە ناودار و دەوڵەمەندەکان بوو لە نمونەی (فۆن تیس)، ئەنجا هەڵسا بە کۆبونەوە لەگەڵ (گۆبلز)و ئەندامانی تری حزب و بڕیاریدا کە بە هاوکاری کۆمپانیای (لوفتهانزا)سەر لە نوێ چەکی ئاسمانی ئەڵمانیا بنیاد بنێتەوە..

هتلر وەك سەرۆکی حزب لەجێی خۆی نە دەترسا لە گۆرنگ و گۆبلز و روهم بەڵام زۆر دوودڵ بوو بەرامبەر بە هەردوو برا کە بە (شتراسر)ناسرابوون و لە پێشکەوتوخوازانی حزب بوون و بەلای چەپدا دەیانڕوانی. زۆرجار دژایەتی هتلریان دەکرد بۆ لابردنی لەسەر دەسەڵاتی حزب و رزگاربوون لە هەڵسوکەوتی دکتاتۆریانەی هتلر لە بەرژوەبردنی حزبدا. ئەم دژایەتی کردنەش بە تەواوی کاتێك سەری هەڵدا کە لە ساڵی (۱۹۳۰)دا جولیوس شتراسر پشتگیری تەواوی ئەو خۆپیشاندانە جیهانیەیان کرد کە لە دژی خاوەن کارەکان ئەنجامدرا بوو کە پارە و پۆلێکی زۆریان دەدایە هتلر بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا لە گرێکاران بیانپارێزێت و نەهێڵێت

جوولانەوەی شیوعیەت بلاوبێتەوە و تەشەنە بکات. بەم شێوەیە هتلر هەستا بە دوورخستنەوەی ئوتو شتراسر لە حزب و لە ئەندامێتی خستن لە پاشان (ئوتو)هەستا بەدروستکردن و دامەزراندنی حزبێکی دژ بە حزبی نازی و ناوی نا (شەرگەی ڕەش).

نازیەکان توانیان پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٣٠)کاتێك توانیان (١٠٧)کورسی وەربگرن لە پارلەماندا لە (رایشتاغ)کە بریتی بوو لە دەنگی (٦)ملیۆن و پێنج سەد هەزار دەنگدەر وە بۆ ئەوەی بنکەی جەماوەری حزب زۆر فراوانتر بێت و پشتگیری نازی زیاتر بێت حزب بڕیاریدا چارەسەری کێشەی بێ کاری بکات لە ئەڵمانیادا پاش ئەوەی کە ئەمریکا زۆربەی پرۆژەکانی لە ئەڵمانیادا کێشابووەوە بە هۆی ئەو قەیرانە خەرجییەی کە (دوڵستریت)ی تێکەوتبوو لە نیویورك ساڵی (١٩٢٩).

لەم پێناوەدا هتلر هەستا بە بەکارهێنان و جوڵاندنی پیاوانی سەرمایەدار و پیشەسازمەندو پیاوانی ئابوری ناو ئەڵمانیا کە لە نێوانیاندا گۆرنگیش هەبوو کە خۆی ناساندبوو بە پزیشك (شاخت)بەڕێوەبەری بانکی (رایخ)هتلر بە توندوتۆڵی پەیوەندی لەگەڵدا بەستبوون بۆیەکەمینجار لە رێگەی گۆرنگەوە هتلر چاویکەوت بە (هلمار شاخت)لە ساڵی (١٩٣١)دا. شایانی باسە کە سیاسەتی هتلر لە ساڵانی (١٩٣٠، ١٩٣١، ١٩٣٢)بریتی بوو لە پەیداکردنی متمانە و پشتگیری خاوەن بانك و پیاوانی پیشەسازی و نیشتمان پەروەران لە رێگەی پەیوەندیکردنی تایبەتی پێیانەوە، بەڵام

.هیرمان ویلهلم گورنگ

لەلایەن دەنگدەرانەوە ئەوا گفتی نەهێشتنی بێ کاری دراوە لەلایەن حزبی نازیەوە لەو کاتەی کە رێژەی بێ کاران لە ئەڵمانیادا گەیشتبووە (٣٠)ملیۆن لە ساڵی (١٩٣٠)دا کە بەشێکی زۆریان چووبونە ریزی (پیاوانی بەرگی قاومیی)بەهۆی بێ کاریەوە بۆ ئەوەی کاتی بەتاڵیان بەسەربەرن.

## مردنی ژنی گۆرنگ و کاریگەری لەسەری

باری تەندروستی هاوسەری گۆرنگ رۆژبەرۆژ بەرەو خراپی دەچوو بە تایبەت پاش ئەوەی کە زۆر بە هیلاك دەچوو بەهۆی خزمەتکردن و هەڵسوڕان بە دەم میوانەکانی گۆرنگی هاوسەری و هەر کاتێك هەڵەیەکی گۆرنگی ببیستایەتەوە لە حزب و حکومەتدا زۆر نیگەران دەبوو لە پاش ماوەیەك گۆرنگ دەبێتە سەرکردەی بەرهەڵستکاران لە پارلەماندا بەرامبەر بە حکومەتی سوسیال دیموکرات خوازەکان کە زۆرترینیان لە ئەنجومەنن کاسولیکەکانی ئەڵمانیش پشتگیریان دەکەن چونکە پروپاگەندەی (بێ ئایین)بەرامبەر نازیەکان هەبوو.

هەرچەندە گۆرنگ (بروتستنتی)بوو بەڵام تاکە ئەندام بوو کە هەوڵی نزیك بوونەوەی لە (کاسولیك)دەدا. لە مایوی ساڵی ١٩٣١ دا نێردرا بۆ (رۆما)بۆ ئەوەی بتوانێت وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا قایل بکات کە (کەردینال ماسیللی)بوو کە لە پاشاندا بووە (پاپا لویسی ١٢)هەم کە گەر نازی دەسەڵات لە ئەڵمانیا بگرێتە دەست ئەوا کڵێسەی کاسۆلیك وەك خۆی دەمێنێتەوە و لە بەرامبەردا (پاپای کاسۆلیك)لە ئەڵمانیادا داوای هەموو جۆرە گیر و گرفتێك دەکات لە دژی هتلر.

لەلایەکی تردوە کەلێن کەوتبووە نێوان حزبە کەمینەکانی ناو پارلەمان و بە مەبەستی رووخاندنی حکومەتەکەی (فۆن یورنخ)گۆرنگ هەستا بە کێشانەوەی ئەندام پارلەمانە نازیەکان لە فبرایری (١٩٣١)دا و بە پچڕاوی لە کۆبونەوەکانی پارلەمان مانەوە تاوەکو مانگی سبتمبەر گۆرنگ هەوڵیدەدا جەنەڕاڵ (فۆن شیلخر)بەلای خۆیدا رابکێشێت، بەڵام نەیتوانی، لە پاشان هەستا بە سازکردنی چاوپێکەوتنێك بۆ هتلر لەگەڵ (هندنبرگ)سەرۆك کۆماری ئەڵمانیا.

شایانی باسەکە سەرۆك کۆمار ئەلفێلد مارشاڵێکی بەسالاچوو بوو (٨٤)ساڵ تەمەنی بوو، بەڵام هەردووکیان نەیانتوانی سەرۆك کۆمار قایل بکەن.

لە (١٧)ی ئەکتۆبەردا گۆرنگ ژنەکەی لە ولاتی (سوید)دەمرێ و بە پەلە دەگەڕێتەوە بۆ (ستۆکهولم)و لەسەر گۆڕەکەی چۆك دادەدات و بە کوڵ دەگری لە پاش رێوڕەسمی ماڵئاوایی گۆرنگ دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و لە میوانخانەی (کیزرهوف)نیشتەجێ دەبێت هتلر ئەو میوانخانەیەی کردبووە ناوەندی بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی نوێ.

گۆرنگ بە هەموو توانایەوە لەو هەڵمەتەدا بەشداریکرد بەستنی کۆبونەوە و وتار خوێندنەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ دەنگدەراندا ئەم هەڵبژاردنە تایبەت بوو بە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارێکی نوێ بۆ ئەڵمانیا و تیایدا هتلر خۆی لە دژی (هندنبرگ)پاڵاوتوە و بە (٧,٥٠٠)حەوت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دەنگ دەرنەچوو بەرامبەر بە (١٨,٥٠٠)هەژدە ملیۆن و نیو بۆ (هندنبرگ)و (تالمان)ی شیوعیش

(٥)پێنج ملیۆن دەنگی بە دەست هێنا بوو. هتلر توانی لە راکێشانی دووەمدا (٢)دوو ملیۆن دەنگی دیکە بە دەست بهێنێت بەڵام هەر نەیتوانی بەسەر (هندنبرگ)دا سەر بکەوێت کە زۆربەی دەنگەکانی بە دەست هێناوە.

سۆسیالیستە دیموکراتیخوازەکان لەوە دەترسان کە هتلر پەنا ببات بەر ئەنجامدانی کودەتای سەربازی بە هاوکاری و پاڵپشتی هێزەکانی لە پاسەوانی ڕەش و پیاوانی بەرگی قاوەیی هەر بۆیە بڕیاریاندا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو هێزو تیپانە.

لە (١٣)ی ئەپریلی (١٩٣٢)دا گۆرنگ توانی بە نهێنی هاوکاری و پشتگیری (فۆن شیلخر)وەربگرێت و توانی راوێژکاری سەرۆك (برونج)قایل بکات دەست لە کار بکێشێتەوە. پاشان (هندنبرگ)هتلر بانگ دەکات و پێی ڕادەگەیەنێت کە ناهێڵێت دەسەڵاتی حوکم لە ئەڵمانیادا بگرێتە دەست و ئەوەی دەسەڵات دەگرێتە دەست (فۆن باین)ە، وێڕای نیگەرانی هتلر وتی: کە ئامادەیە هاوکاری (فۆن باین)بکات گەر بێت و ڕێ بدات پیاوانی پاسەوانی ڕەش و تیپەکانی بەرگی قاوەیی دەست بە چالاکیەکانیان بکەنەوە کە هەرواش بوو لە دوایدا.

لە یولیوی (١٩٣٢)دا جارێکی دی هەڵبژاردنە گشتیەکانی ئەڵمانیا دەستی پێ کرایەوە و تیایدا نازییەکان بوونە خاوەنی (٣٢)کورسی پارلەمان کە برتی بوو لە سێ بەشی هەموو دەنگدەران بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (هندنبرگ)هتلر بە شایەنی گرتنە دەستی دەسەڵات نازانێت هەرچەندە

هتلر دەیزانی گەر بێت و بتوانێت هندنبرگ لەسەر حوکم لا ببات ئەوا هیچ پالێوراوێکی جگە لەخۆی نیە بۆ گرتنە دەستی جلەوی حوکم لە ولاتدا.

کاتێك کە (رایشتاغ)دادەنرێت گۆرنگ توانی لە ئۆگەستی (١٩٣٢)دا ئەوەندە دەنگ بۆ خۆی پەیدا بکات کە ببێتە سەرۆکی ئەنجومەن بەم شێوەیە ئەو پیاوەی کە بەر لە (٧)ساڵ خرابووە نەخۆشخانەی دەروونی و راهاتبوو لەسەر وەرگرتنی بابەتە هۆش بەرەکان بووە سەرۆکی هەیئەی تەشریعی گەلی ئەڵمانی. بەم پێیە رێی پێدرا کە لە کۆشکی تایبەت بە سەرۆکی پارلەمان نیشتەجێ ببێت کە لە پاڵ تەلاری حکومەتدا بوو واتە تەلاری پارلەمان گۆرنگ هەموو گرنگیەکی دا بە هەوڵدان بۆ لەسەر کار لابردنی حکومەتەکەی (فۆن باین)ئەویش بەهۆی کێشانەوەی متمانەی ئەنجومەن لە رێگەی بەش بەش کردنی بەرهەڵستکاران لەناو ئەنجومەندا.

بەڵام (باین)ئاگاداری ئەم هەوالانە بوو بۆیە داوای لە (هندنبرگ)کرد کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن بدات بە یاسای (فریاگوزاری / الطواری)کار بکات.

پاشان گۆرنگ هەستا بە کۆکردنەوەی ئەنجومەن و ئەندامانی و لەم کارەی (باین)ی ئاگادار کردن دواتر ئەنجومەن بە کۆی (٥١٣)دەنگ باینیان تاوانبار کرد و کاتێك کە (فۆن باین)بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنیدا گۆرنگ وتی: کە ئەو کارە گرنگی و توانای نیە چونکە لەلایەن پیاوێکەوە دراوە ئەنجومەن متمانەی لێ سەندۆتەوە و چیتر

راوێژکاری سەرۆك نیە لەگەڵ ئەوەشدا (هندنبرگ)هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی پارلەمان و دەستنیشانکردنی رۆژێك بۆ هەڵبژاردنی نوێ کە تیایدا نازیەکان (٣٤)کورسیان لەدەستدا کە بریتی بوو لە دەنگی (٢)ملیۆن دەنگدەر لە پاشان گۆرنگ دەچێت بۆ ئیتاڵیا بۆ حەوانەوە و چاوپێکەوتنی (موسولینی)و دواتر دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا و دەبینێت کە هێشتا (هندنبرگ)سوورە لەسەر دوورخستنەوەی دەسەڵات لە (هتلر)بەو پێیەی کە تەنها (١٠٠)کورسی پارلەمانی بەدەست هێناوە لە دیسەمبەری (١٩٣٢)دا (شلنجر)دەبێتە سەرۆکی ئەڵمانیا لەم کاتەدا (جولیوس شتراسر)قایل نەبوونی (هندبنرگ)ی بەرامبەر بە هتلر بە هەڵە زانی بۆ ئەوەی کە خۆی بپاڵێوێت لە دژی حزبی نازی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات (شلنجر)دەیویست (شتراسر)بکاتە جێگری راوێژکار کاتێك کە ئەنجومەن پێکهاتەوە و دەستی کردەوە بە بەستنی کۆبونەوەکانی گۆرنگ بە هاوکاری (فیودور لیبرت)کە سەرکردەی کرێکاران بوو و جێ متمانەی سۆسیالیست و دیموکرات خوازەکان بوو توانی خۆی بپاڵێوێت بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بەڵام هتلر تەواو نیگەران بوو بەو داواکاریەی (شتراسر)، هەردوولا لە (٨)ی مارسدا کۆبونەوە و پاش گفتوگۆیەکی چڕوپڕ (شتراسر)لە کاری سیاسی دورکەوتەوە و چووە پاڤاریا و نوسراوی دەست کێشانەوەی لە کاری سیاسی بۆ هتلر ڕەوانە کرد. پاشان هتلر بووە هاوڕێی (فۆن باین)و لە مااڵی (سکوردر)کە خاوەن

بانك بوو كۆبونەوە لە (٤)ی یەنایری (١٩٣٣)دا كۆبونەوەكە بە یەك گرتن و هاوكاری هەردوولا كۆتایی هات و ڕاگەیەندرا.

لە پاشان (شلنجر)دەست لە حوكم هەڵدەگرێت پاش ئەوەی كە پشتگیری تەواو بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن ئەنجومەنەوە بەدەست ناهێنێت. فۆن باین چاوی دەكەوێت بە (هندنبرگ)و قایلی دەكات كە هتلر دەسەڵات بگرێتە دەست و ببێتە سەرۆكی حكومەتی نوێی ئەڵمانیا و بڕیاری دەست بەسەراگرتنی هەڵەشەیی و تۆندڕەوی هتلر بە هندنبرگ دەدات.

لە كۆتاییدا (هندنبرگ)قایل دەبێت بە وەرگرتنی پلەی (راوێژكاری) لەلایەن هتلرەوە هەرچەندە پشتگیری تەواوی نیە لەلایەن ئەنجومەنەوە جگە لە متمانەی چەند حزبێكی بچوكی ناو پارلەمان نەبێت هەروەها رێكەوتن لەسەر ئەوەی كە باین جێگر بێت و سێ بەشی وەزیرەكان لە دەرەوەی حزبی نازی بن كە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت حزبی نازی دەبێت خاوەنی دوو وەزیر بێت لەو حكومەتەدا هتلر بەم داوایە قایل بوو بە مەرجێ گۆرنگ وەك وەزیرێك لە گەڵیدا بێت وە وەزیرەكەی تریش ناوخۆی (بلا روسیا)ی پێ بسپێردرێت واتە وەزیری ناوخۆی (بلا روسیا)كە بەهێزترین ویلایەتی ئەڵمانیا بوو.

لە (٣١)یەنایری (١٩٣٣)دا هتلر دەبێتە سەرۆكی ئەڵمانیا كە هەتا هەتایە جیهان ئەو بەرواره لە بیر ناكات.

بەشی سێیەم:

## لەسەرکورسی فەرمانڕەوایی

لە (٣١)ی یەنایری (١٩٣٣)دا جەماوەری پشتگیر و لایەنگری حزبی نازی رۆژانە سەر شەقامەکان و ناهەنگ گێڕان بە بۆنەی وەرگرتنی دەسەلاّت لەلایەن حزبەکەیانەوە سازکرا.

گۆرنگ چەند کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری بۆ بیانیەکان سازکرد هەر لەو شەوەدا هتلر یەکەمین کۆبونەوەی خۆی لەگەلّ وەزیرەکاندا بەست بە تایبەت ئەو وەزیرانەی کە لە دەرەوەی حزبەوە هاتبوون بۆ ئەوەی لە هەلّسوکەوتیان شارەزا بێت کە هەموو وەك (فۆن باین)پیاوی بەڕێز و یەکی یەکی بوون، ئەمانە بوون (باین)خۆی کە جێگری راوژێکار بوو، (فۆن فوراپ)وەزیری دەرەوە، کونت (شکورن فۆن کورنسیبك)وەزیری جەنگ و سەرکردەی گشتی هێزی چەکداری ئەلّمانیا.

لە پاشان هتلر هەلّدەسێتە سەرپێ و لە پەنجەرەی تەلاری بارەگای راوێژکارانەوە سەیری ئەو ناهەنگ و نمایشانەی دەکرد کە پیاوانی بەرگی قاوەیی لەسەر شەقامەکان سازیان کردووە بە بۆنەی سەرکەوتنەوە. لە

کاتێکدا (هندنبرگ)یش بە هەمان شێوە دەیڕوانیە ئەو جەماوەرە سەرشێتەی کە بە پێی خۆی بەرەو دۆزەخ دەچێت.

گۆرنگ وتارێکی خوێندەوە کە ئەمە دەقەکەی بوو: (ئەمڕۆ رۆژێکی نوێیە بۆ گەلی ئەڵمانیا و هەموو نازارەکان چارەسەر دەکرێن و گرنگی بە هێزی سەربازی پێشوو دەدرێت).

هتلر لەلای خۆیەوە هەستی بە نائارامی دەکرد چونکە دەیزانی گەربێت و پشتگیری تەواوی ئەنجومەن بەدەست نەهێنێت ئەوا سەرئەنجام وەك (فۆن شلنجر)و (فۆن باین)ی لێ دێت، بۆ رۆژی دوایی پارلەمان هەڵدەوەشێتەوە و رۆژی (٥)ی مارس دادەنرێت بۆ هەڵبژاردنی نوێ.

بەم شێوەیە گۆرنگ سێ پلەی دەبێت لەو حکومەتەدا کە هتلر سەرۆکیەتی کە ئەوانیش وەزیری دەوڵەت لە رایخ و وەزیری فرۆکەوان و وەزیری ناوخۆی (بلا روسیا)لە ژێر سەرپەرشتی فۆن بایندا بەو پێیەی وەزیری (بلا روسیا)یە لە ئەنجومەنی وەزیرانی یەکگرتوودا بەڵام گرنگترین پلە لەو ماوەیەدا پلەی وەزیری ناوخۆی (بلاروسیا)بوو کە (بەرلین)بە پایتەختی دادەنرا بەم پێیە گۆرنگ دەستی گرتبوو بە سەر تەواوی هێزی پۆلیسی ئەو ویلایەتە.

یەکەمین کار کە گۆرنگ پێی هەستا لەسەر کار لابردنی (٢٢)بەرپرسی پۆلیس بوو لە کۆی (٣٢)بەرپرسەر بە دوایاندا هەزاران لە چاودێر و سەرپەرشتیاری پۆلیس و پیاوانیان لەسەر کار لابران و لە جێگەیان

پیاوانی پاسەوانی ڕەش و بەرگی قاوەیی دامەزران کە هەموو نازی بوون بە مەبەستی خۆ سازدان بۆ هەڵبژاردنی نوێ، (گۆبلز)کە پزیشك بوو دەستی کرد بە هەڵمەتی پروپاگەندە لەبەرامبەر هەموو چینەکانی گەلی ئەڵمانیا هەر لە سەرۆك خێزان و کرێکار و فەرمانبەران کە گوایە مانەوە و بەردەوامی حزبی نازی لەسەر دەسەڵات تاکە زامنە بۆ نەهێشتنی کەم دەرامەتی و بێ کاری بەڵام ئەم کارە بەتەنها زامنی هەڵبژاردن و بردنەوەی نەدەکرد بۆیە بە باش زانرا کە هەموو جۆرە چالاکیەکی حزبی شیوعی قەدەغە بکرێت و رێیان نەدا هیچ جۆرە کۆبونەوەیەك ئەنجام بدەن بە مەبەستی پروپاگەندە کردن بۆ هەڵبژاردن، بۆ ئەم مەبەستە حزبی نازی پەنای بردەبەر هێزی پیاوانی بەرگی قاوەیی بۆ ئەوەی هەموو جۆرە کۆبونەوە و پروپاگەندەیەکی حزبی شیوعی بلاوە پێ بکات بە زەبری هێز و لە هەمانکاتیشدا وریای کۆبونەوەکانی حزبی نازی بن لە دەست تێوەردانی شیوعیەکان.

لێرەدا شیوعی و سۆسیالیست و دیموکرات خوازەکان خۆیان لەبەردەم هێرشی نازیەکاندا بینی، بێئەوەی پۆلیس هیچ دەخالەتێك بکات بۆ پاراستنیان لەم کاتەدا گۆرنگ لە وتارێکدا لە (دورتمند)پیاوانی پۆلیسی هاندا بۆ تەقەکردن لەهەر کەسێك گەر بەرهەڵستی پۆلیس بکات و پەیمانی دانێ کە لە هەموو گیروگرفتێك بیان پارێزێت و بە مەبەستی بەرگریکردن لەخۆیان ئەنجامی بدەن.

## هیرمان ویلهلم گورنگ

وردەوردە پیاهەڵپژان و پێکدادان سەری هەڵدا و خوێن ڕژا و شیوعیەکان بڕیاریاندا بەرپەرچی ئەم هێرشەی نازیەکان بدەنەوە لە پاشان گۆرنگ داوای یارمەتی و هاوکاری هێزی پیاوانی بەرگی قاوەیی کرد بۆ هاوکاری کردنی پۆلیس و ڕێی هاتووچۆی بێ کرێ ی لە شاردا پێدان و ئەم هێزانە هەستان بە پێچانی نیشانێکی ڕەنگی (سپی)لەسەر قۆڵیان و گۆرنگ هەستا بەدامەزراندنی بەڕێوەبەرێکی نوێی پۆلیس بۆ شاری (بەرلین)بە ناوی (ڕۆدۆلف دیالز)کە فەرمانبەرێکی نارەزومەند بوو بڕیاریدا هێرشێك بکاتە سەر ناوەندی بەڕێوەبردنی حزبی شیوعی لە بەرلین، و لە ئەنجامدا بڕێکی زۆر لە بەڵگەنامە و نوسراوی ڕەسمی دەستیان بەسەرداگیرا کە لە پاشاندا بەکاریان دەهێنا.

لە ڕۆژی (٢٧)ی فبرایری (١٩٣٣)دا قوتابیەك کە لە بەردەم تەلاری (رایشتاغ)ەوە تێدەپەڕێ تارمایی پیاوێك بەدی دەکات فتیلێکی ئاگری بەدەستەوەیە و لە نهۆمی دووەمی ئەو تەلارەدایە لە ناوەوە، پاش ئەوەی لەلایەن چەند ڕێبوارێکی ترەوە هەست بە جموجۆڵ و ئاگر و دوکەڵ دەکەن لە نهۆمی خوارەوەی تەلاری (رایشتاغ)هەڵدەسن بە ئاگادارکردنەوەی ئاگرکوژێنەرەوەکان کە لە کات ژمێر (٩,١٥)ی شەو چەند ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوە دەگەنە بەردەم تەلاری (رایشتاغ)کە پارلەمانی ئەڵمانیایە لەم کاتەدا ئاگر تەواوی تەلارەکەی داگیرکردبوو لەناکاو گۆرنگ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە وەزارەتی ناوخۆ خۆی دەکات بەژوردا و سەیر دەکات کە ئاگر لە ژوری کۆبوونەوەی گشتی

هیرمان ویلهلم گورنگ

بەردراوە و لەو ژورەدا لە کاتژمێر (٩,٣٥)گەنجێك بە دەستی خۆی دەگرێت کە لە ناوك بەرە و سەروەی روتە و لە پانتۆڵەکەیدا پێناسێکی ئەندامێتی حزبی شیوعی ئەڵمانی پێیە و ناوی (فان دیرلوب)بوو بە ڕەچەڵەك (کەنەدی)یە و نیمچە ناتەواوە و هەروەك هتلر وتبوی ئەم هەلە لە ئاسمانەوە هاتووە بۆ لە ناوبردنی شیوعیەکان. هەڵبژاردن ئەنجامدراو و حزبی نازی لەگەڵ چەند حزبێکی سویالیستی هاوپەیمان دەرچوو بەبڕی (٢٠)بیست ملیۆن دەنگ کە مافی وەرگرتنی (١٦)کورسی پێ دەدان لە ئەنجومەن لەگەڵ ژمارەیەك کورسی دی بۆ جێگرەکان کە بریتی بوو لە (٣٤٠)جێگر.

پاشان (فان دیرلوب)درایە دادگا بەڵام هیچ شتێکی سەبارەت بەو هۆیانە نەدرکاند کە ئایا بۆچی پارلەمانی ئاگر تێ بەرداوە هەرچەندە ئەم کارە بە تەنها ئەنجام نەدراوە (فان دیر)ناسراو بوو کە چەند جارێك بۆتە هۆی ئاگرخستنەوە و لە حزبی شیوعیدا چالاکە لە پاشان بە هەزاران لە خەڵکی گیران و بۆیەکەمینجار گرتوخانە لە ئەڵمانیادا دروستکرا لەم بارەیەوە گۆرنگ وتی: ئەم گرتوخانانە لەسەر دیزاینی گرتوخانەکانی دیلەکانی جەنگی (یویر)لە باشوری (ئەفریقیا)دروستکراون.

دواتر پروپاگەندە بلاوبۆوە کە گوایا نازیەکان خۆیان هەستاون بە سوتاندنی پارلەمان بەڵام کراوەتە بیانوو بۆ ئەوەی حزبی شیوعی لەناو ببرێت و بۆ ئەم کارە پیاوانی بەرگی قاوەیی لە تەلاری تایبەت بە سەرۆکی پارلەمان کە گۆرنگ تیایدا نیشتەجێ یە بە هۆی تونێلێکی ژێر

هیرمان ویلهلم گورنگ

زوییەوە چونەتە ناو تەلاری پارلەمانەوە و بڕێکی زۆر لە بابەتی کیمیایی کە بە خێرایی گڕ دەگرێ کراوە بەسەر کورسی و دەرگا تەختەکاندا و ئەنجا (فان دیرلوب)یان هێناوە و ئاگرەکەیان پێ لێداوە پاش ئەوەی کە ئەوان گەڕاونتەوە جێگەی خۆیان لە هەمان ڕێوە، شایانی باسە ئەو هۆیەی کە تەواو نەم چیرۆك و باسەی کردبووە جێی بڕوای خەڵکی نەوە بوو کە کارمەندی خزمەتگوزاری ناو تەلاری پارلەمان لە کاتژمێر (٨,١٥)دەچێتە ناو هۆڵی تایبەت بە کۆبوونەوەی گشتی و گلۆپەکان هەڵدەکات و هیچ دیاردەیەك بەدی ناکات و لە کاتژمێر (٨,٥٠)ش کارمەندێکی پۆست و گەیاندن دەچێتە هەمان جێگە و هیچ بەدی ناکات بەم پێیە چۆن پیاوێکی وەك (فان دیرلوب)توانی هۆڵێکی گەورە کە جێگەی (٧٠٠)کەسی تێدایە گڕ تێ بەربدات لە هەمانکاتدا توانیویەتی ئەو بڕە زۆرە لە کەرەستە و بابەتی کیمیایی تەنها لە ماوەی (١٠)خولەکدا ئامادە بکات بەبێ هیچ یارمەتیەك، نازیەکان دەیانوت تەلاری پارلەمان لە کاتژمێر (٩,٠٠)گڕی تێ بەردراوە.

لە نێوان ئەوانەی کە درابونە دادگا لەسەرکردەکانی حزب (جۆرجی دیمتڕیوف)کە لە دوایدا دەبێتە سەرۆك وەزیری (بولغاریا)هەرچەندە گۆرنگ زۆر سوربوو لەسەر تاوانبارکردنی ئەم سەرکردەیە و سەرکردەکانی دیکەش لەناو حزبی شیوعی بەڵام بە تەنها (فان دیرلوب)بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا دراو سەری بە هۆی گوێزانی ئەوکاتەوە پەڕێندرا لەلایەن سەربڕی یاسایی و ڕەسمی دەوڵەتەوە کە

**هیرمان ویلهلم گورنگ**

بەرگێکی تایبەتی لەبەردابووە و دەم و چاوێکی دەستکردی لەسەر بووە لە ئاهەنگێکی فراواندا بڕیارەکە جێبەجێ دەکات.

لە هەڵبژاردنی (٥)ی مارسدا پارلەمانی نوێ لە (بوتسدام)دەکرێتەوە لە ئاهەنگێکی گەورەدا لە رۆژی (١١)ی مانگ کە تیایدا (بروتستانت و کاسۆلیکەکان)بە ئاهەنگێکی ئایینی بەشداری دەکەن گۆرنگ هەڵدەبژێردرێت بە سەرۆك پارلەمان و یەکەمین کار کە پارلەمان هەستا پێی ڕەزامەند بوونی ئەنجومەن بوو لەسەر لێبوردنێکی گشتی بۆ هەموو ئەندامە بەرهەڵستکارەکانی ئەنجومەن و ئابڵوقەدانی ئەنجومەن بوو لەلایەن پیاوانی بەرگی قاوەیی یەوە.

# پەیدابوونی جەستابو

گۆرنگ بڕیار دەدات کەمێك بحەوێتەوە پاش ماندوبونێکی زۆر، بۆ ئەم مەبەستە بەرەو (ئیتالیا)جارێکی تر دەکەوێتە ڕێ و چاوی بە (موسولینی)دەکەوێت موسولینی بە گۆرنگ دەڵێت ڕەزامەند نیە بەو پیلانە (یاخیە / تطرفە)ی کە حزبی نازی دەیکات دژ بە (سامیە)کە لە ئەڵمانیادا سەری هەڵداوە. پاش ئەوەی گۆرنگ لە (ئیتالیا)دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا دەبێتە سەرۆك وەزیرانی (بلاروسیا)دوای ئەوەی بە زۆر فون باین لا دەبرێت لەو کارە.

لە (٢٣)ی ئەپریلدا گۆرنگ ناوێکی نوێ لە پۆلیسی ئاسایشی (بلاروسیا)دەنێت کە (جەستابو)بوو پیتەکانی سەرەتای ئەم ناوە مانای (پۆلیسی ئاسایشی نهێنی دەوڵەت)دەگەیەنێت.

ئەنجا گۆرنگ هەستا بە خۆ دەوڵەمەندکردن و خۆشکردنی گوزەران و ژیانی ئاسایی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە بووە خاوەنی تەلارێکی فراوان و دلگیر لە (کیردام)کە لەو تەلارەدا ژورێکی تایبەتی وەك پەرستگایەك ڕازاندبوەوە بۆ یادی هاوسەرە لە ژین دەرچووەکەی (کارین)لە سنگی

هۆڵەکەشدا وێنەیەکی گەورەی کاریی هەڵواسیبوو ژیانی بە سەڵتی بەسەر دەبردوو بۆ بەرێوەبردنی کاروباری خانوەکەی بەڕێوەبەرێکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دانا کە ناوی (روبرت کروب)بوو پاش ماوەیەك پەیوەندی توند و تۆڵ لەگەڵ ئەکتەرێکی ئەڵمانی بە ناوی (ئیمس سونیمان)دروست دەبێت کە بۆ یەکەمینجار گۆرنگ لە ساڵی (١٩٣٢)دا بەرچاوی کەوتبوو تەمەنی لە (٣٠)ساڵ تێپەری کردبوو بێوەژن بوو بەڵام لە بواری شانۆدا پلەیەکی دیاریکراوی خۆی هەبوو لە دەوڵەتدا، لە ساڵی ١٩٣٥ دا شوو دەکات بە گۆرنگ. شایانی باسە لەلای گۆرنگ خۆشەویستی هاوسەری یەکەم (کارین)هەر بە زیندویی مابوەوە و خانوەیەکی هاوینەی کڕی و ناوی نا (کارین هۆڵ)، لەلایەکی ترەوە خاوەنی بارەگایەکی ڕەسمی بوو وەك سەرۆك وەزیرانی (بلاروسیا)لە پاشان کۆشکێك بۆ خۆی بنیاد دەنێت لە ساڵی ١٩٣٣ دا لە نزیك سەرۆکایەتی (جەستابو)لە شەقامی (پرنس ئەلبرت)، گۆرنگ لەناو خەڵکیدا خۆشەویست بوو چونکە هەمیشە دەیویست بە پیاوێکی لەخۆ بوردو و ڕێکوپێك و خاوەن کەسێتی خۆی پیشان بدات وا ڕاهاتبوو کە لە یادی ڕۆژی لەدایکبوونی ئاهەنگی فراوان و گەورە ئەنجام بدات و خەڵکی پێویستە دیاری بە نرخی پێشکەش بکەن بە تایبەت وێنە هونەرییە بە نرخەکان.

گۆرنگ دەستی گرتبوو بەسەر ڕێژەیەکی زۆر فراوان لە زەوی جەنگەڵستان لە (شکورفیلد)لە باکوری بەرلین کە (کوخێکی)بچکۆلەی

.هیرمان ویلهلم گورنگ

تیادا دروستکردبوو بەڵام وردەوردە بووە کۆشکێکی گەورەی هاوینەی و ناوی ژنی یەکەمی لێنا.

لە پاشان خانویەکی دیکەی لە چیاکانی (ئەلب)لە نزیك بارەگای تایبەتی هاوینەیی هتلر بۆ خۆی دروستکرد لە (ویبرز ئەلز برگ)و لەسەر پیاوانی پیشەسازی پێویست بوو کەم و کوڕیەکانی تەواو بکەن بۆ ئەوەی پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتدا پتەو بێت.

گۆرنگ زۆر قورس بوبو و کێشی لەشی زیادی کردبوو بە هۆی خۆشی باری ژیانی و ناتەواوی بەرنامەی خۆراکی کێشی لەشی بووبووە (٢٨٠)کیلۆ زۆر حەزی لە خواردنی کێك و دروستکراوە هەویری و کرێمدارەکان دەکرد زۆرجار کە هەستی بە برسێتی دەکرد لەفە و بیرەی دەخوارد شەو و رۆژ، خەوی قوڵ نەبوو بەیانیان زۆر بە زەحمەت لە خەو هەڵدەستا، هەروەها گۆرنگ ڕاهاتبوو بە ڕازاندنەوەی خۆی خێراخێرا نینۆکی کورت دەکردەوە و بە (مانیکیر)چەوری دەکرد و (بۆدرە)دژە هەوکردنی لە دەم و چاوی دەدا لە دوای هەموو ریش تاشینێك و جل و بەرگی ژێرەوەی (حەریر)بوو بەڵام بۆ جل و بەرگی یاسایی سەربازی و مەدەنی زۆر حەزی بە لەبەرکردنی قاپوتی درێژ دەکرد کە بگاتە سەر زەوی هەر بۆیە سەرنجی دەوروبەری خۆی رادەکێشا. شەوانیش کاتێك دەنوست (دشداشە)ی حەریری لەبەر دەکرد و لە ژیانیدا قاتی بیجامای لەبەر نەکردووە.

گۆرنگ بەوە ناسرابوو کە هەر کارێك ئەنجام بدات زۆر بە چوست و چالاکی و وردی دەچووە سەر ئەو کارە. لە پاش ماوەیەك و لە ساڵی (١٩٣٤)دا

**هیرمان ویلهلم گورنگ**

بەڕێوەبەرێتی (جەستابۆ)و گرتوخانەکان و سەرکردایەتی هێزی پاسەوانی رەش دەسپێرێت بە (هنریش هملر)و لە ساڵی (١٩٣٤)دا لەسەر داوای هتلر هەموو کاروبارێکی پۆلیس و ئاسایش سپێردرا بە (هملر)و بوە تاکە بەرپرس لە ئاسایشی هەموو ئەڵمانیا.

# فڕۆکەوانی و ڕاوکردن

گۆرنگ لە سەرەتای ژیانیەوە گرنگی دایە هێزی ئاسمانی ئەڵمانی کاتێك کە کرا بە وەزیری فڕۆکەوانی، لە مایۆی (١٩٣٣)دا کرا بە وەزیری گواستنەوەی ئاسمانی ئەڵمانیا و پرووپاگەندە بلاوبوەوە کە فڕۆکە ڕوسیەکان لە ئاسمانی ئەڵمانیادا هاتوچۆ دەکەن بەم هۆیەوە (ئینگلتەرە)بڕیاریدا هەندێك فڕۆکەی جەنگی بفڕۆشێت بە ئەڵمانیا بۆ بەکارهێنانی لەلایەن پۆلیسەوە.

ئەنجا گۆرنگ هەستا بە کۆکردنەوە و گفتوگۆکردن لە وەزارەت لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانی خۆی وەك (ئیرهارد میلش و ئەدۆلف گالاند)کە یەکێك بوو لە مەشق پێکەرانی هێڵی ئاسمانی ئەڵمانی بازرگانی کە بە (لوفتهانزا)ناو دەبرا و لە ساڵی (١٩٣٥)دا هێزی ئاسمانی ئەڵمانی بە ڕەسمی بنیادنرا و چەندین فڕۆکەوانان ئامادەکرابوون بۆ لێخوڕینی فڕۆکەی جەنگی کە بە نهێنی لە ڕوسیا و هەندێ وڵاتی تری بیانی لە ساڵانی ڕابردودا مەشقیان پێ کراوە چونکە یەکێك لە مەرجەکانی پەیماننامەی (فێرسای)بریتی بوو لەوەی کە نابێت بە هیچ جۆرێك ئەڵمانیا مەشق بە فڕۆکەوانانی جەنگی بکات هەروەك نابێت خاوەن هێزی ئاسمانی بێت

## هیرمان ویلهلم گورنگ

هەرچەندە ئەڵمانیەکان بە هۆی فرۆکە مەدەنیەکان و فرۆکەی تاقیکاری و هەوایی لە ناو ئەڵمانیدا بە بیانوی وەرزشەوە خەریکی مەشقی خۆیان بوون.

لە پاشان هتلر گۆرنگ دەکات بە سەرۆکی ڕاوچیان کە پلەیەك بوو زۆر بەلای گۆرنگەوە گرنگ و خۆشەویست بوو و گۆرنگ بە هەموو توانایەوە خۆی دایە ئەم وەرزشە و بۆئەم مەبەستە جل و بەرگی تایبەتی بۆ بۆنە و ئاهەنگە تایبەتەکانی بە ڕاوکردن ئامادە کردبوو شایانی باسە لە ساڵی (١٩٣٤)دا وەزارەتێکی تایبەت بەڕاو پێکهێنرا.

هتلر هەرگیز خوی نەدەدایە ڕاوکردن و کوشتنی باڵندە و گیانلەبەران بەڵکو تەواوی ئەم کارەی بۆ گۆرنگ جێهێشتبوو.

لە پاشان گۆرنگ هەستا بەدەرکردنی هەندێك یاسای تایبەت بە ڕاوەشکار کە تاوەکو ئەمڕۆش لە ئەڵمانیادا پەیڕەوی دەکرێت لەو یاسایانە قەدەغە کردنی نانەوەی داو و وشککردنی گیانلەبەرانە، بە زۆری گرنگیدا بە بەخێوکردن و ژیاندنەوەی سامانی ئاژەڵ و پاراستنیان. گۆرنگ خۆی خاوەن زەوی و زارێکی کشتوکاڵی بەرفراوان بوو کە فراوانیەکەی خۆی دەدا لە (١٠٠)سەد هەزار دۆنم هەر لەو زەویانەدا بڕێکی زۆری ئاژەڵ هەبوو وێڕای بوونی چەند دەریاچە و دارستانێکی دڵڕفێن. لە پاشان بووە خاوەن کوخێکی دیکەی تایبەت بە ڕاو لە (بلاروسیای ڕۆژهەڵات)لە نزیك بارەگای هتلر.

لەلایەکی دیکەوە گرنگیدا بە کۆشکە هاوینەکەی کە بە (کارین هۆڵ)ناسراوبوو لەبەرەوە ناو بە ناو زەوی تر دەخاتە سەر زەوییەکانی و پشت بە ئەندازیارانی تایبەت بە بنیادنان دەبەستێت لەم کارەیدا بە جۆرێك کە کاتی جەنگیش بەردەوام بوو لەم زەوی و زارانەدا. پاش ئەوەی بووە (مارشاڵی رایخ)هەستا بە دروستکردنی وێنەیەکی گەورەی خۆی و لە سەردەروازەی کۆشکەکەی هەڵیواسی وێنەکەشی بریتی بوولەوەی گۆرنگ بەپێوە راوەستاوە، ومشتی داوەتە خنجرێك. باخ و باخاتێکی زۆر ئەملاولای تەنیوە، کۆشکەکەش لە دەرەوە بڕێکی زۆری لە پەیکەری جۆراوجۆری تێدا بوو ژورەکانی ناوەوەی کۆشکەکەشی بە وێنە و دیمەنی هونەری جۆراوجۆر رازاندبوەوە و لە یەکێك لە ژورە فراوانەکانی کۆشکەکەشدا هێڵێکی ئاسنی بە شەمەندەفەر و تەواوی پێویستیەکانیەوە دروست کردبوو بۆ ئەوەی وەك منداڵێکی گەورە لە کاتە بەتاڵەکانیدا یاریان پێ بکات.

لە وڵاتی سوید کاتێك کە خەڵکی ئەو (خاچە لاشکاوە)یان لەسەر گۆڕی ژنەکەی لابرد کە بە هێماو ناڕمی نازی ناسراوە کە کاتی خۆی گۆرنگ داینابوو وەك ناڕازی بوونێك بەرامبەر بە سیاسەتی ئەڵمانیای نازی، گۆرنگ هەستا بە دروستکردنی گۆرستانێك لە ناو باخچەی کۆشکەکەی لە نزیك یەکێك لە دەریاچەکانەوە و هەموو (زەخرەفە)و دروستکراوەکانی سەر گۆرەکەی لە (سوید)ەوە گواستەوە بۆ ئەڵمانیا و بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ژمارەیەکی زۆر لە (دبلۆماسی)و پیاوانی کاربەدەستی بانگهێشت

کردبوو لەناو ئامادەبواندا هتلر یەکێك بوو لەوان، هەرچەندە تەرمی ژنەکەی رۆژی (١٩)یونیوی (١٩٣٤)گەیشتبووە جێ و بە یەکێك لەو جل و بەرگە تایبەتانەوە کە یەکێك لەو پلانەی نیشاندەدا کە لە دەوڵەتدا خاوەنی بوو پێشوازی لە میوانەکانی کرد.

## پیاوانی گەورەی نەڵمانیای نازی و (ڕوهم)

لە ساڵی (١٩٣٤)دا (گۆرنگ و هملر)لە دوای هتلر گرنگترین کەسایەتی بوون لە ئەڵمانیادا بەدواياندا (گۆبلز)دێت وەزیری پروپاگەندە، ئەنجا (هنریش هملر)کە بە خێرایی بە پلەکاندا سەر دەکەوێت، پیاوان و ئەوانەی کە لە هتلرەوە نزیك بوون هەموو لە هەوڵی ڕەزامەندبوون و خۆشی سەرکردەدا بوون هتلریش بە بەرامبەر پێویستی و هەلومەرجی تەواوی دەخستە بەردەم ئەو پیاوانە بۆ ئەوەی کەسیان بیر لە جێگەی نەکەنەوە و هەوڵی لەسەر حوکم لابردنی بدەن جگە لە (ڕوهم)نەبێت کە بوبووە سەرکردەی سوپای پیاوانی بەرگی قاوەیی کە بڕوایان وایە بە هەوڵ و هیمەتی ئەوان هتلر بەو پلەو پایەیە گەیشتووە و ئەوان گُەیاندویانەتە سەردەسەڵات هەر بۆیە ئەم سوپاو کۆمەڵە بوبووە مایەی نیگەرانی و مەترسی هتلر ڕوهمیش ئاواتە خواز بوو کە ببێت بە وەزیری جەنگ و ئەو تیپە حزبیە کە پیاوانی بەرگی قاوەیین لەگەڵ سوپادا لێکیان بدات و سوپایەکی شۆرشگێری نوێ لەسەر یاسا و ڕێنمایی نوێ دروست بکات.

هتلر له دیسمبەری (١٩٣٣)دا (روهم)دەکات بە وەزیر و هەست بە مەترسی دەکات و دەیەوێت لە ناوی بەرێت لە پاشان هتلر بڕیار دەدات لە زەبرێکی بە کۆمەڵ و کتوپڕدا روهم و ئەوانەی لە دژی ئەون لەناو بەرێت.

شەوی (٣٠)یونیو لە ساڵی (١٩٣٤)دا قەسابخانەیەك دروست بوو کە تیایدا زیاتر لە (٦٠٠)کەس لە سەرکردەکانی بەرگی قاوەیی کۆژران لە ناویاندا (روهم و جەنەراڵ فون شلنجر)و سەرکردە (فون بردو و جولیوس شتراسر)هەبوون ئەم پاکسازیە لە هەموو ئەڵمانیادا ئەنجامدراو لە (بەرلین)گۆرنگ ئەنجامدەری ئەم ئەرکە بوو کاتێك کە هاواری دەکرد بیانکوژن لە ناویان بەرن.

شایانی باسە گوبلزی وەزیری پروپاگەندە بە بیانوی ئەوەی کە ئەمانە دڵسۆزی (فوهرر)نەبوون پاساوی بۆ گەلی ئەڵمانیا دەهێنایەوە سەبارەت بەئەنجامدانی ئەم کارە. کاتێك کە (هندنبرگ)دەمرێت هتلر دەبێتە سەرۆکی دەوڵەت لەگەڵ سەرۆکی وەزیران و پیاوانی بەرگی قاوەیی سوێندی دڵسۆزی بۆ خودی هتلر دەخۆن لە جیاتی سوێند خواردن بۆ دەوڵەت یاخود (دەستور).

گۆرنگ هەرگیز خۆی بە تونڕە و نەدەزانی بەرامبەر بە دژایەتی کردنی (سامیەت)و بەرهەڵستی کردنی (یەهود)بەڵام ناچاربوو بەم کارە قایل بێت لە پێناو مانەوە و لەدەستنەدانی جێ و ڕێی، (هیس)کە جێگری (فوهرر)بوو لە حزبدا و کرابووە وەزیر لە دەوڵەتدا هەروەك خۆی مایەوە پاش ئەوەی کە هتلریش دەچێتە سەرحوکم ئەمەش وای کردبوو

گۆرنگ بە زۆری دەزانی چونکە گۆرنگ خۆی بە دووەم کەس دەزانی دوای هتلر هەر بۆیە ویستی پلەیەك یاخود نازناوێکی لەلایەن هتلرەوە پێ بدرێت، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی، بەڵام هتلر کارەکەی وەك خۆی هێشتەوە.

لە تەمنی (٤٢)ساڵیدا گۆرنگ بڕیاریدا پەیوەندی لەگەڵ (ئیمس سونیمان)دا لەسەر بناغەی (شەرعی)دابمەزرێت و لە (١٠)ی ئەپریلی (١٩٣٥)دا ئیمسی بە رەسمی لە ئاهەنگێکی گەورەدا کردە هاوسەری خۆی و هتلر ئامادەی مەراسیمی هێنانەکە بوو لە کلێسا کاتێك قەشەیەکی نازی بە ناوی (لویدج سۆلەر)گۆرنگ و ئیمس لەیەك مارە دەبڕێ لە مەراسیمێکی ئاینیدا و لە ئێوارەدا ئاهەنگێکی گەورە لە تەلاری (ئۆپیرا)سازکرا و شەقامەکانی (بەرلین)رازایەوە بەو بۆنەیە و هێزی فرۆکەوانی ئاسمانی بە فڕین بەسەر ئەو شارەدا بەشداری ئەم بۆنەیەیان کرد و ئامادەبوان دیاری گرنگ و بە نرخی خۆیان پێشکەشی بە زاوا کرد.

پاش ئەوەی گۆرنگ هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا دەژێنێتەوە و جێگیری دەکات گرنگی دەدات بە بواری سیاسەتی دەرەوە و مەیدانی ئابووری.

لە ساڵەکانی (١٩٣٥ بۆ ١٩٣٩)گۆرنگ بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت کە جێبەجێ کردنی سیاسەتی هتلرە بە مەبەستی کۆکردنەوەو یەکخستنی ئەڵمانیا لە یەك دەوڵەتدا.

له پاش ئەوەی هتلر بە سەرباز بوون دەکات بە زۆر (التجنید الاجباری)لە سالّی (١٩٣٥)دا هەر لەو سالّەدا زەوی و زارەکانی ناوچەی (رین)داگیردەکات لە پاشان ڕاپرسیەك لە هەرێمی (سار)ئەنجام دەدرێت لە هەمان سالّدا کە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ئەو هەرێمە بۆ ئەلّمانیا.

پاشان ئەلّمانیا رێکەوتن نامەیەك لەگەلّ بەریتانیاکاندا مۆر دەکات کە ڕێ دەدات ئەلّمانیا هێزی (ئوستۆل)ە دەریاییەکان لە (٣٥٪)زیاد بکات بەرامبەر هێزە بەریتانیەکان.

هتلر سوربوو لەسەر گێڕانەوەی ئەو زەویانەی کە بە (سویدت)ناسراوە و کەوتۆتە (چیك و سلۆفاکیا)وە لەگەلّ داگیرکردنی (نەمسا)بەلّام هتلر ئەنجامدانی ئەم کارەی دواخست تاوەکو سوپا بە تەواوی پڕچەك دەبن و بۆ ئەوەی ترسی دراوسێ و (پۆلّەندیەکان)بڕەوێتەوە گۆرنگی لەم ئەرکە بەرپرس کرد کە تیایدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا چونکە گۆرنگ بەهۆی ئەو ئاهەنگانەی کە بەبۆنەی ڕاوەوە بانگهێشت دەکرا سەرکردە و کاربەدەستانی لە نیازپاکی هتلر ئاگادار دەکردەوە بۆ زیاتر دلّنیا بوونیان گۆرنگ پەیماننامەی هاوکاری پاراستنی لەگەلّ هەر کەس و لایەکدا مۆر دەکرد گەر بیانویستایە.

# تەقەمەنی لە جیاتی پەنیر

کاتێك کە جەنگی ئەهلی لە (ئیسپانیا)لە نێوان هێزەکانی (فرانکۆ)و حکومەتی (مدرید)بەرپا دەبێت فرانکۆ داوای یارمەتی لە هتلر دەکات و هتلریش بە خێرایی داواکەی جێبەجێ دەکات و گۆرنگ داوا لە پیاوانی فرۆکەوانی ئەڵمانیا دەکات بچن بۆ (ئەفریقیا)بۆ هاوکاری کردنی (فرانکۆ)کە ئەمە باشترین هەلە بۆ تاقیکردنەوەی هاوکاری توانای هێزی ئاسمانی جەنگی ئەڵمانیا لە جەنگێکی راستەقینەدا، بەم پێیە ئەڵمانیەکان شاری (جرنیکا)یان وێرانکرد وەك سەرەتایەك بۆ وێرانکردنی (وارسۆ و رۆتردام)دوای (٣)ساڵ لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا

لە رووی ئابوریشەوە هتلر (هلمار شاخت)ی بەرپرس کرد بۆ ئەوەی ئەڵمانیا رابگیرێت لەسەر بنچینەی ئابووری جەنگی و پیشەسازی ئەڵمانیا بەرهەمی سەربازی ئامادە بکات، ئەمە ئەو سیاسەتە بوو کە گۆرنگ ناوینا (تەقەمەنی لە جیاتی پەنیر)کاتێك کە لە وتارێکیدا دەڵێت: (پەنیر و خواردن چیمان لێ دەکات چ سودێکی هەیە جگە لە قەڵەوی)بۆ ئەم مەبەستە وەك گاڵتەجارپەك دەست دەدات بە ورگی خۆیدا و بە نمونە دەیهێنێتەوە کە ئەنجامەکەی دەبێتە پێکەنینی ئامادەبوان و هەموو بە

## هیرمان ویلهلم گورنگ

یەك دەنگ هاوار دەکەن (گۆرنگ پیرێکی خۆشەویست)و دەست دەکەن بەچەپڵە لێدان.

(شاخت)توانی جوامێرانە ئەرکی ڕاگرتنی ئەڵمانیا لە ڕووی ئابوریەوە ڕابگرێت و کەل و پەلی تەواو بۆ جەنگ ئامادە بکات ئەویش بە هۆی هێنانی کەرەستەی خاو و کەل و پەلی سەرمتایی لە دەرەوە و ناوەوەی ئەڵمانیا.

لە ساڵی ١٩٣٦ دا هتلر گۆرنگ بەر پرس دەکات لە سەرپەرشتی پارە و سیولە بیانیەکان و هێنانی بابەتە سەرەتاییەکانی پێویست بە پرۆگرامی پرچەك کردن لە پاشان پرۆژەیەکی چوار ساڵی خستە بەر دەست، مەبەست لەم پرۆژەیە ڕێکخستنی ئابوری ئەڵمانیا بوو کە گۆرنگ وەك وەزیرێك بۆ سەرپەرشتی ئەم پیلانە دامەزراو دەستنیشانکرا گۆرنگیش بەم پلە نوێیە زۆر خۆشحاڵ بوو چونکە ئەو یادەی هەر لە بیربوو کە کاتی خۆی باپیرە گەورەی بەڕێوەبەری خەرجی (فریدریکی گەورە)بوو بوو، ئەم دامەزراندن ودەستنیشانکردنەی گۆرنگ لەلایەن هتلرەوە بە بێ ئاگاداری شاخت بوو کە زیاتر گۆرنگی دڵ خۆش کردبوو.

پەیڕەوکردنی ئەم کارە وەك سیاسەتێك کە بە (فرق تسد)ناسراو بوو لەلایەن هتلرەوە پیادە دەکرا لە دژی هەموو بەرهەڵستکارانی.

گۆرنیگش لای خۆیەوە دەبووە ڕێگرو قورس کردنی هەموو جۆرە کار و بارێك لەبەردەم شاخت.

خۆشەویستی گۆرنگ لەناو کۆمەڵ و گەلی نەڵمانیادا وەک ئەڵمانیەک کە ئارەزوی زۆری خواردن و خواردنەوە دەکات و لە هەمانکاتیشدا حەزی لە گاڵتەکردن و گەمەی سەر پێییە ئەم هۆکارانەی گۆرنگ لەناو خەڵکیدا بووە ڕۆح سوککردنی لە ناو جەماوەردا و کاتێک کە داوای لە گەلی ئەڵمانیا کرد بەشداری و هاوبەشی بکەن هەر کەسێ لای خۆیە بۆ دروستکردن و بنیادنانی کارگە و کارخانەی سەربازی خەڵکی (ئەڵقە و مستیلەی)تایبەت بە ژیانی هاوسەرێتی خۆیان پێشکەش کرد لەو پێناوەدا، بەم جۆرە شاخت و بوونی هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لە ئاکامدا دەستی لە کار کێشایەوە و مەیدانی بۆ گۆرنگ چۆڵکرد هتلر زۆر هەوڵیدا (شاخت)لە پۆستەکەی بمێنێتەوە بەڵام شاخت لە نۆڤە مبەری ١٩٣٧ دا وەزارەتی جێ هێشت. گۆرنگ دەبێتە (نێردراو / سفیر)ی هتلر بۆ گفتوگۆ و وتوێژکردن لەگەڵ (موسولینی)چونکە تەرازوی سەنتەری سیاسی زۆر ڕەق بوو بوو بەرامبەر (ئیتاڵیا)بە هۆی ئەوەی کە ئیتالیا دەخالەتی جەنگی ئەهلی (ئیسپانیا)ی کردبوو وێڕای بوونی پەیماننامەیەک لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا کە هاتوچۆی سەربەست دەکرد لەناو دەریای سپی ناوەڕاستدا، لەو کاتەشدا ئیتالیا نیگەران بوو بە هۆی ئەو پچڕان و دوور کەوتنەوەیە کە بە سەریدا درابوو لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە لەسەرداوای نەتەوە یەکگرتووەکان لە تۆڵەی داگیرکردنی (حەبەشە)لەلایەن ئیتالیاوە، ئیتالیاش لای خۆیەوە ناڕازی بوو بەرامبەر بە لکاندنی وڵاتی (نەمسا)بە ئەڵمانیاوە و گۆرنگ بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٣٧ دا دووجار چاوی بە

موسولینی دەکەوێت و پێی ڕادەگەیەنێت کە نەمسا (بواریێکی زیندوو)ی بژێوی دەگەیەنێت بە ئەڵمانیا.

بەڵام پەیوەندیەکانی گۆرنگ لەگەڵ کاربەدەستانی بەریتانیادا سەرکەوتوو نەبوو وەك ئیتالیا هەرچەندە گۆرنگ ویستی ئامادەی (تاج لەسەرنانی جۆرجی شەشەم)بێت لە ساڵی ١٩٣٧ دا وەك نوێنەری حکومەتی ئەڵمانیانێردرایە بەریتانیا لە ئەنجامدا هەڵایەکی گەورە بەرپاکرا لەلایەن ئەنجومەنی (عموم)ی بەریتانیاوە کە نایەوێت پێڵاوی خوێناوی ئەم پیاوە بە خوێنی بێتاوانان بچێتە وڵاتەکەیانەوە.

لە پاشان (فۆن و ینترۆب)ی باڵێوزی ئەڵمانیا لە (لەندەن)داوای لە حکومەتەکەی کرد کە ئەڵمانیا نوێنەرێکی جگە لە گۆرنگ بنێرێت و ئەڵمانیاش هەستا بە ناردنی جەنەڕاڵ (بلومبرگ)لە جیاتی گۆرنگ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆرنگ هەستا بە سەردان بۆ (ئینگلتەرا)و لە باڵیوزخانە داوایان لە گۆرنگ کرد کە سەر بەرز نەکاتەوە لە دەرەوەی بارەگای باڵیوزخانە و پێش ئەوەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێی بزانن بگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا.

گۆرنگ لە کۆشکەکەی خۆی لە کارین هول پێشوازی لە میوانە بەریتانیەکانی کرد لە ناهەنگێکی گەورەدا و لە پێشەوەی ئامادەبووندا (دۆق و دۆقە وندسور)هەبوون کە دۆق وندسۆر بریتی بوو لە (پاشا ئەدواردی هەشتەم)لە ڕابردودا پاشای بەریتانیا بوو هەروەها لە ناو میوانەکاندا (لۆرد لندندری)و باڵیۆزی بەریتانی (نیفل هندرس)و باڵیوزی

**هیرمان ویلهلم گورنگ**

ئەمریکا (ویلیام رود)و باڵیوزی فەڕەنسا (ئەندریە فرانسوا بونسبی)ئامادە بووبوون.

شایانی باسە کە پیاوانی بواری دبلۆماسی لەناو هەموو نازیەکاندا گۆرنگیان بە باشترین کەسایەتی دادەنا بۆ ڕاوێژکردن و بیروڕا گۆڕینەوە و گۆرنگیش جوامێرانە لەم بوارەدا ئەرکی خۆی بینی، توانیبوی ترس و دودڵی هەمووان بڕەوێنێتەوە ــ سەبارەت بە چاوچنۆکی و دەستدرێژی ئەڵمانیا کە ئەم کارەی گۆرنگ تەواو مەبەستی هتلری نیشاندەدا بنیادنرا بوو لەسەر (درۆ و دەست بڕین).

هەروەها لۆرد (هالیفاکس)سەردانی گۆرنگی دەکرد کە لە پاشان بوبووە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا و گۆرنگ پێی ڕاگەیاندبوو کە ئەڵمانیا هیچ نیەتێکی نیە دەربارەی بەرپا کردنی جەنگ، ئەمە لە کاتێدا کە هتلر خۆی کۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٠ دا و پاش ئەوەی تەواو ئەڵمانیا لە ڕووی سەربازیەوە ئامادە بێت هەڵنایسانی جەنگ ڕابگەیەنێت.

گۆرنگ بە هۆی پەیمان و بەڵێننامەوە و قسە بریقەدارەکانی وای لە هەردوو دەوڵتی (فەرەنسا و نەمسا)کرد کە نەترسن و هیچ خۆ ئامادە نەکەن بۆ ئەگەری شەڕ لەگەڵ ئەڵمانیادا، هەروەها گۆرنگ توانیبوی بەریتانیەکان بە هەمان هەڵەدا بەرێت تەنها چەند کەسانێکی کەم نەبێت لە نمونەی (وینستون چرچڵ).

## هیرمان ویلهلم گورنگ

له هەمانکاتدا لەسەر گۆرنگ پێویست بوو کە بە خێرایی ــ ئەڵمانیا پڕچەك بکات وەك سەرپەرشتکاری ئابوری ئەڵمانیا. هەر لەم پێناوەدا گۆرنگ بە شێوەیەکی قوڵ و سامناك دەخالەتی دەکرد لە کارو باری پیشەسازیدا و هەستا بە کەمکردنەوەی وەدەست هێنان و بەستن و ڕاگرتنی نرخ و قانزانجەکان کە بڕیار وابوو دابەش بکرێت بەسەر ئەو پیشەسازیانەی پێویستیان بە دەستی کارکەر هەیە و لە پاشان سەندیکای کرێکارانی هەڵوە شاندەوە و لە جێگەی سندوقی پیشتیوانی حزبی نازی دامەزراند تا کۆمەك و پیتاك کۆ بکاتەوە بۆ حکومەت. پاش ماوەیەك پرۆپاگەندە بڵاو بۆوە لە (بەرلین)کە گوایا گۆرنگ گەڕاوەتەوە سەر خواردن و وەرگرتنی بابەتە بێ هۆش بەرەکان ئەویش لە ئەنجامی ئەو نەهامەتیانەی کە لە ڕابردوودا بە سەری هاتووە لە نێوان ساڵانی ١٩٣١ بۆ ١٩٣٣ و پرۆفیسۆر (هوبرت کاهل)ئەرکی چارەسەری گۆرنگی گرتبووە ئەستۆ لە نەخۆشخانە تایبەتەکەی خۆی لە نزیك شاری (کۆلۆن)، گۆرنگ تاوەکو لە تەمەندا بەرەو پێش بچوایە زیاتر حەزی بە سەرکردایەتی و خۆ بە زل زانین دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا زۆر حەزی لە کۆکردنەوەی خشڵ و زێڕی گرانبەها دەکرد نەك بۆ فرۆشتن بەڵکو بۆ سەیر کردن و یاری کردن پێیان.

ئەم هۆکارانە و زۆر هۆکاری تایبەتی تر گۆرنگی والێکردبوو ئەرك و فرمانەکانی پشتگوێ بخات کە کاریگەری خۆی هەبوو لە دۆڕاندن و شکاندنی ئەڵمانیادا.

بەشی چواردەم

## جەنگ بان ناشتی

لە ساڵی ١٩٣٨ دا کات بە پەلە تێدەپەڕی و (فۆن بلومبرگ)وەزیری جەنگ بوو و تەمەنی (٦٠)ساڵ بوو و هەمیشە ناڕازی بوو بەرامبەر بە چوونە ناو جەنگی ئەڵمانیا دژی ڕوسیا و بەم پێیە لەگەڵ ویست و خواستەکانی هتلری سەرکردەدا نەدەجوولا و بەڕێگر دەژمێردرا لەبەردەم هتلردا. هتلر نەیدەویست ڕاستەوخۆ (بلومبرگ)لە دەسەلات دور بخاتەوە بە هۆی کاریگەری لەسەر سوپا. بەڵام هەڵێکی زۆرچاك هاتە پێش بۆئەوەی هتلر بلومبرگ لە دەسەلات دور بخاتەوە و ڕێگە ئاوەڵا بێت بۆ هەلگیرساندنی جەنگ، ئەو هەلەش ئەوە بوو کاتێك کە فۆن بلومبرگ دڵی دەچێت بە کچە شۆخێکدا بەڵام لە تەمەندا زۆر لەو بچوکتڕە وە ئەم سکالایەی لەلای گۆرنگ دەدرکێنێت بە هیوای ڕێگە چارە دۆزینەوە و گۆرنگیش چاوی بڕیبوە ئەو پلە و پایەیەی کە بلومبرگ هەیبوو دەیویست لێی داگیر بکات و ببێت بە سەرکردەی گشت هێزی چەکدار و وەزیری جەنگ و کاتێك کە بلومبرگ باس لە هێنانی ئەو کچە دەکات گۆرنگ زۆر بە گەرمی پشتیوانی دەکات و گفتی ئامادە بوونی خۆی و هتلری پێ دەدات وەك (شاهد)لە

کاتی مارەبڕیدا و لە ڕۆژی (١٢)ی یەنایری ١٩٣٨ دا بلومبرگ هاوسەری خۆی لە ئاهەنگێکی گەورەدا دیاری دەکات و گۆرنگیش بەڵێنەکەی بەسەر دەبات و (بوك و زاوا)بەرە و دەریاچەی (کایدی)بەڕێ دەکەون بۆ بەسەر بردی وەك دەڵێن مانگێگ لە هەنگوین ژین بەسەر بردن.

بۆ ڕۆژی دوایی بەڕێوەبەری پۆلیسی (بەرلین)دۆسیەیەکەچڕوپڕ دەخاتە بەردەم گۆرنگ لە ڕێگەی (کیتل)ەوە و لەبەر گرنگی باسەکەش ئەوەبوو کە بەپێی ئەو زانیارییانەی لەو دۆسیەیەدا بوون هاوسەر واتە ژنی وەزیریجەنگ ــ مێژوویەکی کۆنی هەیە لە بەد ڕەوشتیدا و ئەم هۆیە بوە ئەنجامی لادانی (فۆن بلومبرگ)لەسەر دەسەڵات لە لایەن هتلرەوە و بە پاڵپشتی ئەو دۆسیەیە. هەندێك سەرچاوە دەڵێن پێشتر گۆرنگ ئاگاداری ئەم ڕووداوە بوە بەڵام گوێی لێ خەواندووە بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە وەك چەکێك لە دژی بلومبرگ بەکار بهێنێت بۆئەوەی لەسەر کار لا ببرێت و خۆی و هتلر بە ئاواتەکانی خۆیان بگەن، پاش لەناو بردن و لا بردنی بلومبرگ بەپێی یاسا یەکێکی دی لە جێگەی دانرا کە کۆلونیل جەنەڕاڵ (فون فریش)بوو بەڵام بەو پێیەی کە ئەم جەنەڕاڵەش وەك پێش خۆی دژی بەکارهێنانی هێزە هتلر بڕیاری لابردنی ئەویشی دا لەسەر کار، ئەم ئەرکەی بە (هملر)و پیاوان (جەستابو)سپارد ئەوانیش جوامێرانە بەم کارە هەڵدەسن و لە (٢٦)ی یەنایردا ئەم دەزگایە ڕایگەیاند کە سەرکردەی هێزی چەکدار تووشی حەزکردن بە کاری بەد ڕەوشتی و لادان (إنحراف جنسی)دەکات و بۆ ئەم مەستە و بۆ سەلماندنی (شاهد)ە کەش کابرایەکی

بەد ڕەوشتی بێ کەڵك بوو بە ناوی (شمیدت)کە وتی هەندێك پارەی لە سەرکردەی گشتی هێزی چەکدار لەم پێناوەدا وەرگرتوە، هەرچەندە (فون فریش)ئەم تۆمەتەی بە گاڵتەجاڕ و درۆ لە قەڵەمدا بەڵام لە ئەنجامدا لەسەر کار لابرا لە پاشان ساغ بوونەوەی نادروستی ئەم تۆمەتە ڕوون بوەوە لەدادگادا بەڵام پاش وەك دەڵێن (باران کەپنەك).

گۆرنگ چاوەڕوان بوو لە لایەن هتلرەوە ئەم پلەیەی پێببەخشرێت بەڵام هتلر ئەم پلەیەی بۆ خۆی هەڵگرت و پاش ئەوەی کە ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوەوە و گۆرنگیش ئامادەبوو پێی ڕاگەیاندن کە لەمڕۆ بە دواوە خۆی پلەی سەرکردایەتی گشتی هێزی چەکدار دەکات لە پاڵ سەرکردایەتی باڵا وەك سەرۆکی دەوڵەت و وەزارەتی جەنگی هەڵوەشاندەوە و (١٦)جەنەڕاڵی لەسەر کار لابردو لە جێگەی (فۆن فریش)جەنەڕاڵ (فۆن فریشتش)ی دانا کە زۆر نەدوو بوو و بە ئاسانی ئیش و کاری پێ ئەنجامدەدرا لە هەمانکاتیشدا بۆ ئەوەی دڵی گۆرنگ ڕابگرێت پلەی (ئەلفیلد مارشاڵ)ی پێ بەخشی لە ئاڵوگوڕ کردنێکی تردا هتلر دوا وەزیری لە کۆنەکان کە ساڵی ١٩٣٣ درا بووبە سەریدا لادا و (بارون فۆن ڕینتروب)ی دامەزراند.

ئەنجا باسی خستنە سەری وڵاتی (نەمسا)بۆسەر ئەڵمانیا هاتە پێش و گۆرنگ لەم بوارەدا ئەرکی گرنگی بینی. چونکە (نەمسا)لەسەر پەتەکە بوو خەریك بوو دەکەوت، کاتی خۆی (فۆن باین)کە باڵیوزی ئەڵمانیا بوو لە (نەمسا)ساڵی ١٩٣٦ داوای کردبوو لە حکومەتی نەمسا کە مافی

هیرمان ویلهلم گورنگ

نازییەکان بدات بۆ ئەوەی چالاکی سیاسی ئاسای خۆیان ئەنجام بدەن پاش ئەوەی کە ئەم چالاکیە لە نازییەکان قەدەغەکرابوو لەو ولاتەدا بەهۆی تیرۆرکردنی ڕاوێژکار (دلفوسی)ەوە هەرچەندە ڕاوێژکاری نوێ کە (کیرت فون شوشنگ)بوو هەوڵی زۆریدا کە (موسولینی)قایل بکات دژی دەستدرێژی و زوڵم و زۆری هتلر بوەستێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە گۆرنگ زۆر لەگەڵ (موسولینی)دا تێکەڵ بوو ئەم هەوڵە سەری نەگرت. لە پاشان شوشنگ ناچار بوو کە بە هاوکاری وەزیری دەرەوەی ولاتەکەی کە ناوی (جید و شمیدت)بوو لە (١١)ی فبرایردا سەردانی هتلر بکات لە بارەگای تایبەتی خۆی لە (برگهوف)لەم چاوپێکەوتنەدا هتلر داوای لە (شوشنگ)کرد (سامی ئەنکوارت)بکرێتە وەزیری ناوخۆی نەمسا کە پیشەی پارێزەرە و بە ڕەچەڵەک نەمساوییە و سەرکردەی نازییەکانی ناو ولاتی نەمسایە و ماوەی (٧)ڕۆژی دانا بۆ بیرکردنەوەی و جێبەجێ کردنی ئەم داوایە. لە (١٦)ی فبرایردا شوشنگ داواکاریەکەی هتلری جێبەجێ کردوو (ئەنکوارت)ی کردە وەزیری ناوخۆی (نەمسا)بەو هیوایەی نەمسا بەسەربەخۆی بمێنێتەوە هەر بۆئەم مەبەستە شوشنگ بڕیاریدا لە (١٢)ی مارسدا دەنگدانێکی گشتی لە هەموو نەمسادا ئەنجام بدرێت بە (ئا یا نە ء)ی چوونە سەر ئەڵمانیای ولاتەکەیان، بەڵام پاش ئەوەی هتلر لە ئاکامیئەم دەنگدانە دەترسا گەر بێت و گەلی نەمسا بڕیاری دوور کەوتنەوە بدەن لە ئەڵمانیا ئەوا هیتلر بیانوی نامێنێت لە بەردەم ڕای گشتیجیهانیدا بۆ داگیرکردنی نەمسا هەر بۆیە بە پەلە ڕۆژی (٩)ی مارس

پێش ئەنجامدانی دەنگدانەکە هتلر داوای لە سوپا کرد خۆی ئامادە بکات بۆ داگیرکردنی نەمسا لە رۆژی (١٢)ی مارسدا. لە هەمانکاتدا بە نوسراوێك (مۆسولینی)دڵنیا کردەوە لە پاراستنی سنوری ئیتاڵیا لە هەر دەستدرێژیەك کە بکرێتە سەری. لە رۆژی (١١)ی مارسدا بە نوسراوێك شوشنگی ئاگادار کرد کە هەموو جۆرە هەڵوێستێك و کارێك کە پەیوەندی بە دەنگدانەوە هەیە ڕابگرێت ئەنجا سوپایەکی زۆر لەسەر سنوری (پاڤاریا – نەمسا)کۆکرایەوە و فرۆکەکانی سوپای ئەڵمانیا دەستیان کرد بە هاتوچۆکردن بە ئاسمانی ناوچەکەدا لە پاشان گۆرنگ دەستی بە گفتوگۆ و وتوێژ کرد لەگەڵ شوشنگ هەروەها لەگەڵ سەرۆکی وڵاتی نەمسا (میگلاس)بە تەلەفۆن (٢٧)پەیوەندی ئەنجامدا و لە هەموو وتوێژەکاندا گۆرنگ داوای لە سەرۆکی نەمسا کردبوو کە شوشنگ لەسەر کار لا ببات و لە جێگەی ئەنکورات دابنێت لە حکومەتێکی سۆسیالیستدا واتە نازیدا لە کاتێکدا کە خەریك بوو ئەنکورات لە دەسەڵاتی حکومەتی نەمسادا کارەکانی دەگرتە دەست , بروسکەیەکی نارد بۆ هێتلر کە با هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا دەخالەت بکات لە پاراستنی دەسەڵات لە نەمسادا. هتلر لە رۆژی (١٤)ی مارسدا چووە ناو (ڤییەنا)ی پایتەخت پاش ئەوەی کە هملر هێمنی بارودۆخی شاری بە هتلر راگەیاندبوو هەرچەندە (٣٠٠)یەهودی لەو شارەدا بوو و هەموو ئەوانەی کە گومانیان لێکراوە گیراون. شایانی باسە هەموو دەوڵەتانی رۆژئاوا لەم کارەی هتلر دەستەوەسان بوون و هیچ شتێکیان لە دژی ئەم کارە بۆ نەکرا.

## خەونەکانی هتلر و ڕاوەدوونانی یەهود

لە پاش داگیرکردنی (نەمسا)هتلر دەیویست دەست بگرێت بەسەر زەویەکانی (سویدت)کە بە پێی پەیماننامەی (فرسای)ئەو زەویانە خرابووە سەر دەوڵەتی (چیك و سلۆڤاکیا)کە دانیشتوانی بە ڕەچەڵەك ئەڵمانین. هتلر چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی سپارد بە (رۆدۆڵف هیس)کە لەگەڵ سەرکردە نازیەکان ئەو زەویانە چارەسەر بکات کە (کونراد هنلی)بوو. بەڵام گۆرنگ سەرقاڵی چارەسەری باری ئابووری وڵات بوو هەر لەو پێناوەدا لە کۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ سەرجەم پیاوانی پیشەسازیدا رایگەیاند گەرەنتێت و کەرەستەو بابەتی تەواوی پێویست بەرهەم نەهێنن ئەوا هەڵدەستێت بەخۆمالێکردنی هەموو کارگە و کارخانەکان , هەروەها داوای کرد کاتژمێرەکانی کارکردن زیاد بکرێت و گەر پێویستی کرد با ژنانیش کار بکەن گەر نا ئەوا بە زۆر کاریان پێدەکرێت.

ئەنجا دێتە سەر یەهود و سیاسەت و یاسا نابەجێکانی (نۆرمبرگ)کە لە ساڵی (١٩٣٥)دا ردانراوە جێبەجێ دەکات کە بریتی بوو لە بەستن و دەست بەسەراگرتنی سامانەکانیان هەروەها قەدەغەکردنی هاوبەشی کردنیان لە

بزاڤی پیشەسازیدا و هانی دەدان کۆچ بکەن و خاکی ئەڵمانیا جێ بهێڵن. لە ساڵی ١٩٣٨ دا هەموو مالٌ و سامانەکانی یەهود ناونوس کرا لە دەوڵەتدا بەڵام کاتێك کە (گۆبلز)خۆپێشاندانێك ئەنجامدەدا لە (١٠)ی نۆڤەمبەری ١٩٣٨ دا لە دژی لەسەر کار لابردنی کارمەندێك لە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە (پاریس)بەدەستی گەنجێکی یەهودی زەرمر و زیانێکی زۆر لەوخۆپێشاندانەدا بە کۆگا و گەنجینە ئابوریەکان دەگەیەنێت , گۆرنگ کە ئەم هەواڵەی بیست زۆر نیگەران دەبێت و هەموو بەرپرس و کاربەدەستان بانگهێشت دەکات لە سەرو هەمویانەوە (گۆبلز و رینهارد هیدریش)جێگری (هملر)و (والتر فنك)وەزیری ئابوری و نارەزایی خۆی پیشاندا و رایگەیاند زیان گەیاندن بە ئابوری ولات هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەسەر یەهودیەکان , بەڵکو ئەڵمانیا زەرەرمەند دەبێت پێویستە یەهود لەناو ببرێت نەك مالٌ و سامانیان و داوای لێکردن کە ئەو زیانانە ببژێرن.

شایانی باسە گۆرنگ لەو ماوەیەدا زۆر دەوڵەمەند بوبوو و گەیشتبوە لوتکە , بەڵام لە کۆتایدا زۆر بە خێرایی رووخا. بە پێی وتەکانی (ئەلبرت شبیر)وەزیری پرچەك کردن و تەقەمەنی کە لە نزیکەوە گۆرنگی ناسیبوو لە کاتی لێکۆلینەوە لەگەڵیدا لە دادگای (نورمبرگ)رایگەیاندبوو کە گۆرنگ لە ساڵی ١٩٣٩ دا گەیشتبوە لوتکە , هەروەها وتی: کە زۆر ژیر و بە توانا بووە و زۆر بیری نوێ بوو بەڵام هیچ کام لەو بیرەنوێیانەی نەدەخستە قاڵبی جێبەجێ کردنەوە و هەندێك بیری زیان بەخش بون

کەوای کردبوو بالّ بکێشێت بەسەر ژیریەکەیدا. هەروەك حەزی دەکرد بەرپرسیارێتی ئەو کارانە وەربگرێت کە لە توانای خۆی گەورە ترن.

گۆرنگ تاوەکو ساڵی ١٩٣٩ زۆر باش کاری دەرکرد و بەرپرس بوو لە پرۆژە چوار ساڵیەکەی لە دژی پیاوانی پیشەسازی ئەنجامی دابوو , بەڵام لە پاش ئەو ساڵە هەموو کارە باشەکانی وەل اناو تەنها خراپ و زیان بەخشەکانی مانەوە. (شبیر)کاتێك گۆرنگی ناسیبوو وەك دیکۆرسازێکی هتلر کاری کردبوو لە بڵاوکراوە تایبەتیەکەیدا باسی کردبوو کە چۆن پارە و پول و خەرجی بەڵای گۆرنگەوە کارێکی ئاسان و ئاسایی بووە. گۆرنگ وەزارەتی (بلاروسیا)کە کەوتبووە مەیدانی (لیزغ)ەوە لە یەکێك لە باخچەکاندا کردبویە کۆشێکی گەورە و یەکێك لە نوسینگەکانی لەو وەزارەتەدا فراوانی ئەو ژورەی بریتی بوو لە (١٥٠٠)پێ چوار گۆشە , بەڵام نوسینگە هەرە گەورەکەی بە کورسیەکی شاهانە رازاندبوەوە کە هیچ گوێی بەو پارە و پولە نەدەدا کە دەچووە ئەم جۆرە کارانە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٩ دا باوەژنێکی دەمرێت و هەموو کۆشك و سامانەکەی بۆ گۆرنگ جێ دەهێلێت و بەم شێوەیە گۆرنگ دەیویست ببێتە دەوڵەمەندترین کەس لە ئەڵمانیادا و سامانێکی یەکجار زۆری هەبوو لە تابلۆی هونەری و خشڵ دا.

## نەو هەوڵانەی دەدران بۆ دەستگیرکردنی هتلر

لەم کاتانەدا کێشەی (چیك)گەیشتبووە ئاستەنگ بەهۆی هەڵوێستەکانی هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و فەرەنسا نەك هەر تەنها بەرامبەر حکومەتی وڵاتانی دراوسێ و هاوپەیمان بەڵکو بەرامبەر گەلەکانیشیان چونکە نەو سەردەمە سستی بەرێوەچوونی ئابووری و بڵاو بونەوەی رێژەیەکی زۆری بێ کاری لە ئارادا بوو هەر لەبەر ئەم هۆیەش زۆربەی نەو گەلانە حەزیان نەدەکردو و نەیان دەویست دووچاری جەنگ و ئاکامەکانی ببنەوە بەڵام هتلر ئەم هەلانەی قۆستبوەوە و بە ڕواڵەت بانگهێشتی ئاشتی دەکرد و ئەوەشی دوپات دەکردوە کە بوونی دەوڵتێکی گەورە و بە توانا لە ئەڵمانیادا ڕێ دەگرێت لە بڵاوبونەوە و تەشەنەکردنی شیوعیەت بەرە و رۆژئاوای ئەوروپا.

گۆرنگیش لە هەموو ئاهەنگی ڕاو و نەو ئاهەنگە گەورانەی کە پیاوانی کاربەدەست و سیاسەتمەداری وڵاتان تیایدا ئامادە دەبوون وتەکانی سەرکردەکەی دەدا بە گوێی ئامادەبووانداً کە گوایا هتلر داوای ئاشتیەکی سەرتاسەری و هەمیشەیی دەکات لە جیهاندا و لە هەمانکاتیشدا ئاستی توانا و هێزی نەو وڵاتانەی پێوانە دەکرد گەر بێت و لێیان بدرێت. لە پاشان بە ئامادەبووان دەڵێت لە دبلۆماسی و سیاسەتمەدارانی (فەرەنسا و

هیرمان ویلهلم گورنگ

ئەنگلتەرا)کە (چیك و سلۆڤاکیا)دەوڵەتێکی ئاسایی نیە و پێشکەوتووە و هیچ پێویست نیە لەبەرهاژە و هوژەی هتلر بە مەبەستی گەڕاندنەوەی زەویەکانی (سویدت)بۆ ئەڵمانیا جەنگ بەرپا ببێت.

لە مانگی مایۆی ١٩٣٨ دا باڵیۆزی بەریتانیا لە براگ لە نوسراوێکیدا حکومەتەکەی ئاگادارکردەوە کە گۆرنگ چیتر ناتوانێت نیەتی هتلر لە داگیرکردنی (چیك و سلۆڤاکیا)بشارێتەوە کە بە نیازە لە هاوینی داهاتوودا ئەنجامی بدات.

لە ٢٨ ی مایوی ١٩٣٨ دا هتلر بە هەریەك لە گۆرنگ و (بروشتش و فون رینترۆب)ی راگەیاندا کە سورە لەسەر ونکردن و خاپورکردنی (چیك و سلۆڤاکیا)لەسەر نەحشەی ئەوروپا.

ئەنجا گۆرنگ هەستا بە وتوێژکردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی سنوریان لەگەڵ چیك و سلۆڤاکیادا هەیە کە هەردوو دەوڵەتی (پۆلەندا و مەجەر)بوون سەبارەت بە دابەشکردنی چیك و سلۆڤاکیا لەگەڵ ئەڵمانیادا. لەلایەکی ترەوە سەرکردەکانی جەنگ و لەسەر و هەموویانەوە جەنەرال (لویدج بك)سەرۆکی هەیئەتی ئەرکانی گشتی جەنگ لەوە دەترسا کە سیاسەتەکانی هتلر دووچاری جەنگێکیان بکات کە پێشتر خۆیان بۆ ئامادە نەکردبێت لەگەڵ دەوڵەتانی فەرەنسا و ئەنگەلتەرا , بۆ ئەوەی لەم جۆرە مەترسیە رزگاریان بێت بڕیاریاندا هەستن بە ئەنجامدانی کودەتایەك و تیایدا هتلر دەستگیر بکرێت.

فەرەنسا لای خۆیەوە رایگەیاند کە بەپێی ئەو پەیماننامەیەی لە نێوان ئەوان و چیك و سلۆڤاکیادا بەستراوە ,فەرەنسا مافی بەرگری کردنی هەیە لە هەر دەستدرێژیەك کە بکرێتە سەر سنوری چیك و سلۆڤاکیا , بەڵام بەو پێیەی کە گۆرنگ شارەزاییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا , ئەنجامدانی ئەو کارەی لەلایەن فەرەنساوە بە دوورزانی.

(چمبرلن)سەرەك وەزیرانی بەریتانیا هیچ گرنگی نەدەدا بە چارەنوسی چیك و پەنای بردە بەر زمانی دبلۆماسی بۆ چارەسەری کێشەکە لەگەڵ ئەڵمانیا.

(هندرسن)ی سێری بەریتانیاش بە هتلری راگەیاند کە سەرەك وەزیرانی بەریتانیا ئامادەیە کاری ناوبژیوان ببینێت لە نێوان ئەو و (ئەدوارد نەبەش)سەرەك وەزیرانی چیك و سلۆڤاکیا. لەو ئاهەنگە سالانەیەی کە نازییەکان لە نۆرمبرگ سازیان دەکرد گۆرنگ لە وتارێکیدا دەربارەی چیك وتبوی ؛ (ئەو میللەتە بێ کەڵکە کورتە باڵا بەرهەڵستکارە دژ بە ئەڵمانیا).

لەو کاتەی کە خەریك بوو جەنگ هەڵدەگیرسا رایگەیاند کە ئامادەیە بچێتە ئەڵمانیا بۆ گۆڕینەوەی بیر و ڕا و گەر پێویست بوو داواکارییەکانی ئەڵمانیا جێبەجێ دەکات.

کۆبوونەومیەك لە نێوان (چمبرلن)و هتلر لە ١٥ ی سیبتەمبەر ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی گۆرنگ و رینترۆب وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا. پێش ئەوەی کە چمبرلن بگەڕێتەوە هندرسن چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆرنگ لە

کارین هۆل ئەنجامدا , بەڵام دەمودوی گۆرنگ گۆرانکاری تیادا بوو , بۆ رۆژی دواتر گۆرنگ داوای لە کەمایەتیەکانی ناو حکومەتێچیك و سلۆڤاکیا کرد خۆپێشاندان و گیر و گرفت بۆ حکومەتی چیك ئەنجامبدەن بۆ زیاتر گۆشە گیرکردنی.

لە پاشان بە یارمەتی و هاوکاری فەرەنسا چمبرلن توانی پەستان بخاتە سەر چیك بۆئەوەی زەویەکانی سویدت بدەن بە ئەڵمانیا و هەڕەشەی لە سەرۆك وەزیران (نەبەش)کرد گەربێت و ئەو زەویانە نەدرێتە ئەڵمانیا ئەوا هەردوو دەوڵەتی فەرەنسا و ئەنگەلتەرا پاشگەز دەبنەوە لە پاراستنی سنوری چیك. نەبەش لە سەرەتادا قایل نەبوو بەڵام لە پاشان ڕەزامەندی پیشاندا. کاتێك کە چمبرلن گەڕایەوە بۆ بینینی هتلر بینی کە هتلرسورە لەسەر داگیر کردنی سەربازی زەوییەکانی (سویدت)لە جیاتی وەرگرتنی ئەو زەویانە بە ڕێگەیەکی ئاشتی.

لێرەدا چمبرلن زۆر هەستی بە شکان و نیگەرانی کردوو گەرایەوە (ئەنگلتەرە). لەو کاتەدا چیك خاوەنی یەك ملیون سەرباز بوو و فەرەنساش کەوتە خۆ ئامادەکردن لە ڕووی سەربازییەوە و بەریتانیاش دەستی کرد بە پڕچەك کردنی (ئوستوڵ)ە کانی و ئەمریکاش ناڕەزایی خۆی پیشاندا بەڵام هتلر هیچ گوێی بەم کارانە نەداو لە وتارێکدا لە ڕۆژی (٢٦)ی سبتەمبەردا سوربوونی خۆی لەسەر داگیرکردنی زەوییەکانی ناسراوە بە (سویدت)ی بە زەبری هێز لە (١)ی ئەکتۆبەردا ڕاگەیاند.

بەلای فەرمنسی و بەریتانیەکانەوە تەنها گۆرنگ دادەنرا بە هۆیەك بۆ فریاکەوتنی ئاشتی.

گۆرنگ قایل بوو بە کاری ناوبژیوانی , بەڵام سوربوونی هتلر گۆرنگی بێ متمانە کرد لەبەردەم ئەو دەوڵەتانە. هتلر کەوتبووە ژێر فشاری (رینترۆب)ەوە کە هانی هتلری دەدا بە بەکارهێنانی هێز هەرچەندە گۆرنگ بەردەوام لەژێر فشاری (فرانسوا بونسیە و هندرسن)بالێۆزانی فەرەنسا و بەریتانیادا بوو، داوای لە هتلر دەکرد کە رێگەی وتوێژ و لەسەر مێز کێشەکە چارەسەر بکرێت چونکە گۆرنگ پێی وابوو هێشتا ئەڵمانیا لەو توانایەدا نیە دووچاری جەنگ بێتەوە و ئەو لە پلەیەکی وادایە کە لە فۆن رینترۆب باشتر دەتوانێت بڕیار بدات.

(هندرسون)وتبووی لەبەردەم هتلردا گۆرنگ (رینترۆب)ی بە نەزانێکی تاوانبار ناوبرد و هەریەك لە گۆرنگ و رینترۆب وێستوپانە سەرنجی هتلر بەلای خۆیاندا رابکێشن تاوەکو ئەو کاتەی کە (مۆسولینی)دەخالەت دەکات و بڕیار دەدات کە لە هەوڵێکدا خۆی و هتلر و چمبرلن و ودلادیەی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا لە میونخ کۆ بکاتەوە و هیچ بانگهێشتێك نەکرا بۆ نوێنەرایەتی چیك و سلۆڤاکیا و لەو کۆبوونەوەیەدا پێکهاتنی میونخ مۆرکرا بەبێ ئامادەبوونی گۆرنگ و زۆر لە سەرکردەکانی ئەڵمانیا کە بڕیاریاندا بە کودەتایەك هتلر لەسەر حوکم لابچێت چونکە داواکاریەکانی خۆی بەبێ جەنگ هێنایە دی. هتلر لە وەرگرتنی زەویەکانی (سویدت)دا کارگەکانی (سکودای)جەنگی چیکی قازانج کردبوو

هیرمان ویلهلم گورنگ

, له پاشان خستیه سەر ئابوری ئەڵمانیا و له ٥ ی ئۆکتۆبەردا چمبرلن دەستی له کار کێشایەوە و دورکەوتەوە و هتلر بێ ئەوەی بوار بدات به تێپەڕبوونی ئەو کێشەیە لەگەڵ گۆرنگدا خەریکی پیلان دانان بوون بۆ دەست بەسەرا گرتنی تەواوی چیك و سلۆڤاکیا و بۆ ئەم مەبەستە هەستان به هاندانی (سلوك)که به شێکە لەو ولاتە، لەرووی ئابوریەوە سەربەخۆ بێت و لەگەڵ ئەڵمانیادا یەك بگرێت هەروەك (پۆلەندە و مەجەر)یان هاندا بۆ سەندنەوەی زەویەکانی تایبەت به دەوڵەتەکانیان که دەکەوێتە لای چیك و سۆڤاکیا.

## داگیرکردنی راگ و پێشڕەوی بەرەو پۆلەندە

گۆرنگ بەردەوام پەیوەندی هەبوو لەگەڵ (جۆزف لیبسکی)بالێۆزی پۆلەندە لە ئەڵمانیا بۆئەوەی هەوڵ بدات نیەتی هتلر لە داگیرکردنی ئەو دەوڵەتە بڕەوێنێتەوە.

شایانی باسە کە هتلر پۆلەندەی لە سەرەتای لیستی خۆی دیاری کردبوو دوای کۆتایی هاتنی کێشەی چیك و سلۆڤاکیا لە هەمانکاتدا گۆرنگ پەیوەندیەکانی گەرم دەکرد لەگەڵ رۆبەرت کولاندەر بالیۆزی نوێی فەرەنسا و پێی راگەیاندبوو گەرهاتوو لەگەڵ رینتروب پێکنەهاتن ئەوا لەگەڵ ئەو وتوێژ بکات ئەمە لەو ساڵەدا بوو کە گۆرنگ سەردانی ئیتالیای کرد ساڵی ١٩٣٩ بوو لەگەڵ کۆنت شیانو وەزیری دەرەوەی ئیتالیا و لە هەمانکاتیشدا زاوای مۆسۆلینی بوو وە مێردی دوتش ئارا بوو.

(شیانو)زۆر سەرنجی گۆرنگی داو بە (کاوبۆی)لە قەڵەمیدا , چونکە گۆرنگ جل و بەرگێکی خاکی تاریکی لەبەردا بوو و بۆینباغەکەی ملی بە چنراوێکی زێڕین رازاندبۆوە کە چەند یاقوتێکی لەسەربوو، لە دەستیدا چەند مستیلەیەکی پلاتینی تێرکراوی بە یاقوت لە پەنجەکانیدا هەبووە و نینۆکەکانی بە (مانکیر)پۆلیش کردبوو وە لەلای راستی جل و بەرگەکەی ئاڕمی نازی لە ئەڵماس دروستکراوی بە خۆدا هەڵواسیبوو.

له سەرەتای ساڵی ١٩٣٩ دا تەندروستی گۆرنگ ئاڵۆز دەبێت و دەستدەکات بە کەمکردنەوەی کێشی لەشی. کاتێك ئاڵۆزی دەکەوێتە نێوان (چیك)و (سلۆڤاك)وە بەهۆی نەخشە و پیلانەکانی هتلرەوە، هتلر گۆرنگ لە (سانرپیمۆ)دەگێڕێتەوە لەو کاتەی سەرگەرمی سازکردنی کۆبوونەوەیەك بوو لە نێوان (رامیل هاشا)سەرۆکی دەوڵەتی چیك کە هاتبووە بەرلین، لە بارەگای راوێژکاران پاش ئەوەی کە هاشا بڕیاری بەرێوەبردنی دەسەڵاتی عورفی لە وڵاتدا دەرکرد بە هۆی ئاڵۆزی نێوان وڵاتەکەی و سلۆڤاك. هتلر سەرکردەکانی سلۆڤاکی قایلکرد کە بڕیاری جیابوونەوە لە چیك بدەن و سەربەخۆیی رابگەیەنن , لە پاشان هتلر بە هاشا رادەگەیەنێت کە وڵاتەکەی داگیر دەکرێت لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە و وتبوی کە پێویستە بە تەلەفۆن بە وڵاتەکەی رابگەیەنێت بەرهەڵستی لە دژی هێزی داگیرکەری ئەڵمانی نەکەن. گۆرنگیش لای خۆیەوە بە سەرۆکی دەوڵەتی چیکی راگەیاند گەر بێت و ئەم داواکارییە جێبەجێ نەکات ئەوا (براگ)بۆمبا باران دەکرێت لەلایەن هێزی ئاسمانی ئەڵمانیاوە.

سەرۆك هاشا بەهۆی ئەم وتە رەقانەوە هەر لەوێدا توشی (تەوژم / جەڵتە)دەبێت و بە هاوکاری پزیشکی تایبەتی هتلر کە (مۆلەر)ناوێك دەبێت سەرۆك لە مردن رزگار دەکەن. لە پاشان هاشا بە تەلەفۆن بە براگ رادەگەیەنێت بەرگری نەکەن و هەموو چەك بن و بەم شێوەیە چیك و سلۆڤاکیا لە شەوی ١٥ ی مارسی ١٩٣٨ دا سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدات و بۆ رۆژی دواتر کە رۆژی ١٥ ی مارس دەبێت هتلر بەرەو

براگ بەرێ دەکەوێت بۆ ئامادەبوون لە نمایشێکی سەربازی سوپا داگیرکەرەکەی لە کاتێچوونە ناو ئەو شارەوە. جیهان لە ئاست ئەو روداوەدا چاوی لێك ناو رووی بەولادا کرد.

بەلأم پۆلەندە هەستی بەو مەترسیيە کردوو زانی کە دواتر هتلر داوای (دانزغ ومەجەڕ)ی پۆلەندی دەکات. بارودۆخەکە خراپتر بوو کاتێك کە (لیتوانیا)شاری (ممل)ی دابوو بە ئەلمانیا لە ٢٢ ی مارسدا.

ولأتانی رۆژئاوا زۆر نیگەران بوون بەرامبەر بەو کارانەی هتلر , هەربۆیە (چرچل)لە وتەیەکیدا لەبەردەم ئەنجومەنی (عموم)ی بەریتانیادا رایگەیاندبوو کە بەریتانیا بەرگری لە پۆلەندە دەکات گەر دەستدرێژی بکرێتە سەر , بەلأم هتلر ئەنجامدانی ئەم کارەی بە دوور زانی چونکە کاتێك کە زەوی (رین)و لە پاشان (سار)و ئەنجا (نەمسا)و زەویيەکانی (چیك و سلۆفاکیا)داگیرکران لەلایەن ئەلمانیاوە زۆرێك لەم جۆرە وتە و بەلێنانەی دەبیست لەلایەن ئەنگلتەرە و فەرمنساوە بێئەوەی هیچیان جێبەجێ بکرێن هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو هیچ گرنگی نەدا بەو پەیماننامەیەی لە (١٦)ی ئەپریلی ١٩٣٩ دا لە نێوان پۆلەندە و بەریتانیادا بەستراوە و بڕیاری داگیرکردنی پۆلەندە دەدات لە (١)ی سیبتەمبەری ١٩٣٩ دا و فرمان دەدات بە هێزەکانی وشکانی و ئاسمانی و دەریایی کە ئامادە بن.

## هیرمان ویلهلم گورنگ

له (براگ)ریبنتروب هاوڕێیەتی هتلری دەکرد له جیاتی گۆرنگ که پیشەی بووبوە هێورکردنەوەی ئەوانەی که له نەخشە و پیلانەکانی هتلر دەترسان.

لەپاش مۆرکردنی (بەڵگەنامەی ئاسنین / الميثاق الحديدي)له نێوان (ئیتاڵیا و ئەڵمانیا)دا پادشای ئیتاڵیا (ڤیکتور عمانوئیل)مەدالیایەك که بریتی بوو له (ملوانکەی ئەنوتزیاتا)بەخشی بە (ریبنتروب)که نیشانێکی بەرز بوو له ئیتالیادا.

گۆرنگ له کاتی نامادەبونی مەراسیمی ئەم نیشانە و بەخشینی بە ریبنتروب خەریك بوو دەگریا و له پاشان پێویست بوو لەسەر مۆسۆلینی و شیانو و بالیۆزی ئەڵمانیا له ئیتالیا که کۆشش بکەن بۆ ئەوەی پادشا هەمان نیشان بداتە گۆرنگ گەر نا ئەوا پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات ئاڵۆز دەبێت.

بەڵام پادشا قایل نەدەبوو بە بەخشینی ئەونیشانە بە گۆرنگ تا ئەو کاتەی مۆسۆلینی دەخالەت دەکات له پاشان له مایۆی ١٩٤٠ دا هەمان نیشان دەدات بە گۆرنگ.

هەرچەندە گرنگی گۆرنگ لای هتلر رووی له کزی دەبوو , چونکە گۆرنگ زیاتر بەهۆی دەوڵەمەندیەوە تێکەڵ بە خۆشیەکانی ژیان بوبوو ئەو گرنگیەی بە حکومەت و ئیشوکارەکانی نەدەدا.

له (٢٣)ی مایوی ١٩٣٩ دا هتلر له کۆنگرەیەکدا بەسەرجەم سەرکردەکانی ئەڵمان دەڵێت که رەگی ژیانی ئەڵمان له رۆژهەڵاتە و پێویستە پۆڵەندە

داگیربکەین و ئەگەر هاتوو فەرەنسا و بەریتانیا دەخالەتیان کرد ئەوا دەبێت بە هێز قایل بکرێن و دان بەم کارەدا بنێین.

لە پاشان بەڵێنیدا بە گۆرنگ کە لە سەروو ئەوەی کە سەرکردەی گشتی هێزی ئاسمانی و وەزیری فرۆکەوانیە و لە هەمانکاتدا سەرپەرشتیاری پرۆگرامی پرچەك کردنی ئەڵمانیایە , هەستێت بە کەمکردنەوەی گرنگی بەریتانیا بە پۆلەندە و وەك پارویەك ئەڵمانیا قوتی بدات ئەوەش لە رێگەی بانگهێشت کردنی ئاشتی لە کاتێکدا کە هتلر خۆی ئامادە دەکات بۆ جەنگ.

لە مایۆی ١٩٣٩ دا گۆرنگ بە (هنریش)رادەگەیەنێت کە پێویستە پەیوەندیەکانی نێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا زیاتر پتەوتر بێت و گرنگ نیە کە بەریتانیا خۆی ببەستێتەوە بە پۆلەندەوە. هنریش گۆرنگی خۆش دەویست و زۆر لە سەردانەکانیدا بۆ ئەڵمانیا سەردانی گۆرنگی کردووە لە کارین هۆل.

هندرسن دەربارەی گۆرنگ نوسیبوی کە گۆرنگ لە سەرکردەکانی دیکەی ئەڵمانی جیاوازتر نیە و باشترین نیە بەڵام ئەوەی من لێی دڵنیام ئەوەیە کە گۆرنگ نایەوێت جەنگ بەرپا بێت و لەلایەکی ترەوە زۆر رق ئەستورە بەرامبەر رینترۆپ , بەڵام بەو پێیەی کە گۆرنگ بەرپرسە لە کۆشش کردنی خۆ سازدان بۆ جەنگ لە ئەڵمانیادا پێویست بوو لەسەری هەستێت بە بەرێوەبردنی ئەرکەکانی هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو لە ٢٣ ی یۆنیۆی ١٩٣٩ دا سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی کرد کە بە (لیژنەی

بەرگری لە رایخ)ناسرابوو , لەو کۆبونەوەیەدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەرك و هاندانی کرێکاران کراو برپیار درا کرێکاران پەیوەندی بکەن بە کارگە و پیشەسازیەیە جەنگیەکانەوە بە تایبەت چیکیەکان و دیلە سیاسیەکان لەگەڵ بەکارهێنانی (بە زۆر کارپێکردنیان / العمل الاجباری).

لە هەمانکاتدا بەردەوام بوو لە سیاسەتی فێڵکردن و دەست برپینی بەریتانی و پۆلەندیەکان و پێی دەوتن کە تاکە رێگر لەبەردەم پتەوکردن و قوڵ کردنەوەی برایەتی و تێگەیشتن لە نێوان ئەڵمانیا و پۆلەندە و ئینگلتەرەدا بوونی ئەو پەیماننامەیە یە کە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و پۆلەندەدایە و بە هەرهشەیەکی بێ پێویست دەزانرێت لەلایەن ئەڵمانیاوە.

# هتلر و بەریتانیا

شایانی باسە ئەم جۆرە کارە دبلۆماسیەی گۆرنگ بووە هۆی پەیدابوونی چەند رووداوێك لە نێوان مانگی یۆلیۆ و ئۆگەستدا , لەو رووداوانە یەکێك لە هاولاتیانی سوید کە ناوی (بیرجروا ملریس)بوو پەیوەندی توندوتۆڵی هەبوو لەگەڵ گۆرنگدا هەوڵیدا هاوکاری گۆرنگ بکات بۆ ئەوەی ئاشتی لە ئەوروپادا بەرقەرار بێت پاش ئەوەی هەموو کارێکی دبلۆماسی لەو روەوە شکستی هێنابوو ,ئەم هاولاتیە سویدیە ماوەیەکی زۆر لە بەریتانیا ژیابوو , دڵنیا بوو کە نازیەکان لە زۆر مەبەست و هیوای بەریتانیا بێ ئاگان و ناتوانن لەو مەبەستانە بگەن لە ئەوروپادا لە پشت بەستنی پەیماننامەی هاوبەشی تایبەت بە بەرگری لە پۆلەندە و ئەو وای بۆ دەچێت کە هتلر بە هەڵەدا چووە لەمەڕ بەریتانیەکانەوە و نەیدەزانی کە بەریتانیا چەند سورە لەسەر متمانەو پەیوەست بوون بەو پەیماننامەیەوە لەگەڵ پۆلەندە.

بۆیە هەوڵی دا پەیوەندی بکات بە هاورێکەیەوە کە گۆرنگ بوو بۆ ئەوەی ببێتە گەیەنەرێك لەگەڵ حکومەتی ئەڵمانیادا و بڕیاریدا کە گۆرنگ چاوی بکەوێت بە کۆمەڵێك لە کەسایەتی و پیاوانی پیشەسازی بەریتانی

به شێوەیەکی نهێنی بۆ ئەوەی لە راستی بارودۆخەکە بگات دوور لە بەرژەوەبەرێتییە دبلۆماسیە تەسکەکان.

لە (٥)ی یۆلیۆ (واهلریش)چاوی کەوت بە گۆرنگ لە کۆشکی کارین هول و گۆرنگ زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرد و پاش ئەوەی رەزامەندی هتلری وەرگرتبوو لە هەموو راو بۆچوونەکاندا رەزامەندی خۆی پێشاندا لە پاشان گۆرنگ وتی کە زەحمەتە بەریتانیەکان پابەند بن بەو پەیماننامەیەوە لەگەڵ پۆلەندەدا.

جگە لەوە نەبێت کە بەریتانیەکانرەش بینن بەرامبەر بە فراوان بوونی خێرای ئەڵمانیا و پیچشکەوتنی وە دەیانەوێت کە پۆڵەندە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی لالە دژی بوەستن لەگەڵ ئەوەشدا گۆرنگ چاوی دەکەوێت بە کۆمەڵێك لە پیاوانی پیشەسازی بەریتانی.

لۆرد (هالیفاکس)یش کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو قایل بوو بە ئەنجامدانی ئەو کارە بەڵام نکوڵ لە پابەندبوون بەو بڕیارانەوە کرد کە لەو کۆبوونەوەیەدا دەدرێت.

هتلریش بەو هیوایە دەیڕوانیە ئەو کۆبوونەوەیە کە ئەنجامەکانی ببێتە لە رزۆك کردنی پابەندی بەریتانیەکان لە مەڕ پۆلەندە.

لە (٧)ی ئاگۆستدا حەوت لە پیاوانی خاوەن کەسایەتی بەریتانی لەگەڵ گۆرنگ کۆبوونەوە لە خانوی خێزانەکەی (واهلریش)لە باشووری دانیمارك.

## هیرمان ویلهلم گورنگ

پاش ئەوەی گۆرنگ خۆی دەناسێنێت، وەك ئەرکێکی دبلوماسی بڕیار دەدرێت لەو کۆبونەوەی خوانەدا (پێکی ئاشتی)بخورێتەوە لە پاشان گۆرنگ باس لە نیەت پاکی ئەڵمانیا دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە ئەڵمانیا هیچ مەبەست و نیەتێکی نیە لە ئابڵوقەدان یاخود لەناوبردنی پۆڵەندە هەرەوەها وتبووی چارەسەرکردنی کێشەی (دانزج)و ڕێرەوی پۆڵۆنی دوا دواکاری هتلرە لە ئەوروپادا.

بەریتانیەکان لای خۆیانەوە سەرزەنشتی هەڵسوکەوتی هتلریان کرد لە مەڕ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەمایەتیە ئەڵمانیەکان کە نەك هەر مانای دەستدرێژی دەگەیەنێت بەڵکو سروشتیش نیە.

ئەو کۆبونەوەیە تەواوی ئەو ڕۆژەی خایاند و هەمووان دڵخۆش بوون و کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات بە هیوای ئەوەی کە کۆنگرەیەك بە ئاگاداری حکومەتی بەریتانی و ئەڵمانی ببەسترێت لە وڵاتی (سوید)کە بێ لایەن بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی ئەڵمانیا و پۆڵەندە.

شایانی باسە (واهلریش)زۆر دڵخۆش بوبوو بە سەرکەوتنی هەوڵکەی.

بەڵام ئەو کۆنگرەیە نەبەسترا چونکە تەنها سێ هەفتە مابوو بۆ ئاشتی هەرچەندە واهلریش تەواوی توانای خۆی خستە کار و بەردەوام لە پەیوەندی کردندا بوو لەگەڵ گۆرنگ و بەریتانیەکان، بەڵام هیچ ئەنجامی نەبوو.

**هیرمان ویلهلم گورنگ**

چونکه ڕینتروب پەیدابوو و پەیمانی نامەیەکی لەگەڵ ڕووسدا مۆر کردبوو بە مەبەستی دابەشکردنی پۆڵەندە هەروەها پەیماننامەی پاراستنی خاکی ڕوس.

گۆرنگ ئاگاداری ئەم کارەی ڕینتروب بوو بەڵام گوێی نەدایە و لەسەر سیاسەتی خۆی بەردەوام بوو تا کۆتایی.

لە (١٤)ی ئاگۆستدا گۆرنگ و سەرجەم سەرکردە ئەڵمانیەکان لەلایەن هتلرەوە بانگهێشت کران بۆ (بریخستگادن)کە بارەگای هتلر بوو لە چیاکانی (ئەلب)لەوێوە هتلر ڕایگەیاند.

بەریتانیا ناتوانێت سەرکردایەتی بکات لە جەنگدا هەروەك داگیرکردنی پۆڵەندە تەنها یەك هەفتەی دەوێت و هیچ شتێکی لە پەیماننامەی نێوان ئەڵمانیاو ڕووسیا باسی نەکرد تاوەکو دوای کۆتایی هاتنی ئەو کۆبونەوەیە بەیەك هەفتە.

کە تەواوی جیهانی سڕکرد بە ڕاگەیاندنی ئەو پەیماننامەیە.

گۆرنگ هەوڵیدا لەو چەند ڕۆژە کەمەدا بەر لە دەست پێکردنی جەنگ دژ بە پۆڵەندە سەردانی بەریتانیا بکات بە نیازی هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری یارمەتی بەریتانیەکان بۆ پۆڵەندە لە ڕۆژی ٢٣ ی ئاگۆستدا لە کۆشکە هاوینەکەی لە (چیکرز)بە هیوای کۆبونەوە بوو لەگەڵ سەرۆك وەزیران بەڵام سەرۆکی ئەو دەوڵەتە ئامادەبوو بۆ چاو پێکەوتنی گۆرنگ دواجار لەلایەن هتلرەوە ئەو کۆبونەوەیە هەڵوەشێنرایەوە.

ڕۆژی ٢٤ ی ئاگۆست واهلریش سەردانی گۆرنگی کرد لە بەرلین و گۆرنگ داوای لێکرد کە بەرەو بەریتانیا بکەوێتە ڕێ و بە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕابگەیەنێت کە چەند ڕۆداوێکی گرنگ لە ئارادایە و بەندە بەو هەڵسوکەوتانەی بەریتانیا دەیکات لە کاتی جەنگدا و ئەو پەیماننامەیەی لەگەڵ روسیادا مۆرکراوە هتلری زیاتر سورکردوە لەسەر داگیرکردنی پۆلەندە. لەسەر داوای گۆرنگ واهلریش گەیشتە لەندەن و داوای لە لۆرد هالیفاکس کرد نوسراوێك لەسەر داوای گۆرنگ بۆ گۆرنگ خۆی بنوسێت و تیایدا خواستی (ئەنگلتەرە)بۆ ناشتی ڕوون بکاتەوە , ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە گۆرنگ زانیبووی لەو ڕۆژەدا لە لەندەن هەردوو حکومەتی بەریتانی و پۆلەندی پەیماننامەیەکیان مۆرکردوە بە مەبەستی هاریکاری یەکتری و نوێ کردنەوەی بەڵێنی (چمبرلن)لەبەردەم ئەنجومەنی عمومدا. کاتێك کە واهلریش گەڕایەوە بۆ بەرلین , بینی گۆرنگ زۆر بە نیگەرانی و خەمباریەوە لەناو شەمەندەفەرە تایبەتەکەی خۆی لە نزیك کارین هول دانیشتوە , پاش ئەوەی کە نوسراوەکەی لۆرد هالیفاکسی دەداتێ بەیەکەوە بە وردی گوێ لە دەقەکەی بە وەرگێردراوی بۆ سەر زمانی ئەڵمانی دەگرن , لەپاشان گۆرنگ بڕیار دەدات ئەو نوسراوە بگات بە هتلر بە زوترین کات.

## تەوژمی هستریای هتلری

لە پاشان واهلریش لەلایەن هتلەرەوە بانگهێشت کرا بۆ بارەگای راوێژکاران و لەگەڵ گۆرنگ لە چاوەڕاونی هتلردا بوون کاتێك کە هتلر دێتە لایان دەست دەکات بە باسکردنی مێژووی ئەڵمانیا و ئەو سیاسەتەی کەوا پێویست دەکات ئەڵمانیا فراوان بێت بۆ واهلریش , هەروەها باسی هێزی سوپاکەی و هێزی چەکی ئاسمانی پتەوی کرد , گۆرنگیش ناوبەناو تیشکی دەخستە سەر چەند باسێك و دڵنیایی دەخستە سەر باسەکانی هتلر.

لە ناکاو هتلر دەنگی بەرز دەبێتەوە و هاوار دەکات و دەڵێت: گەر بێت و جەنگ هەڵبگیرسێت ئەوا زیاتر و زیاتر کەشتی ژێر دەریایی دروست دەکەم. لەپاشان زیاتر دەماری گرژ دەبێت و دەڵێت زیاتر پەرەش دەدەم بە دروستکردنی فرۆکەی جەنگی و دوژمنانمی پێ لەناو دەبەم. لەم کاتەدا گۆرنگ هیچ گوێ بەو تەوژمە هستریەی هتلر ناجات و بێ دەنگ بوو , ئەو هەموو هاوار و پەشۆکانەی هتلر هیچ کاریگەری نەبوو لەسەری , واهلریش ئەم دیمەنەی گۆرنگی بەلاوە سەیر بوو بەڵام گۆرنگ بەم دیمەنە شانۆییانەی هتلر ڕاهاتبوو دەشیزانی کە هۆکەی چیەو

ئەنجامەکەشی چی دەبێت. پاش کەمێك هتلر هێواش دەبێتەوە و بە واهلریش رادەگەیەنێت بگەڕێتەوە بۆ لەندەن و ئەم باسە بۆ بەریتانیەکان رونبکاتەوە , ئەنجا واهلریش لە هتلر دەپرسێت ئەو داواکاریە ئەڵمانیانە چین لە پۆلەندە.

گۆرنگ یەکێك لە نەخشە جوگرافیەکان لە دیواری ناوەوەی ژورەکە دەکاتەوە و بە قەڵەمێك ئەو هەرێمانە دیاری دەکات کە ئەڵمانیا خواستێتی لە پۆلەندەدا , هەروەها هتلر قایل بوو بە بەستنی پەیماننامەیەك لە نێوان ئەڵمانیا و بەریتانیادا بە گێڕانەوەی ئەو ناوچە داگیرکراوانەی سەربە بەریتانیان لە ئەفریقیاو رێگەی نەدا کە واهلریش ئەم باسە و هیچ شتێك لەم روەوە لەسەر کاغەز بنوسێت.

کاتژمێر ٤ ی سەر لە بەیانی واهلریش بارەگای راوێژکارانی جێهێشت و بۆ پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە کە ٢٧ ی نۆگەستی ١٩٣٩ بوو گەیشتە لەندەن و لەگەڵ هەریەك لە چمبرلن و لۆرد هالیفاکس کۆبوەوە کە قایل بوبوون واهلریش وەك ناوبژیوانێکی نایاسایی ئەم کارە ئەنجام بدات. لە کۆتایی گەشتەکەیدا بە فرۆکەیەکی تایبەت گەڕایەوە بەرلین لەم کاتەدا بەریتانیا خەریکی خۆ سازدان بوو بۆ روبەروبونەوەی هەر روداوێك , هەرچەندە کە سوپای ئەڵمانیا ساز و ئامادە بوو زۆر لە پێشتر.

واهلریش لە کاتژمێرێکی درەنگی شەودا گەیشتە بەرلین و هیچ نوسراوێکی یاسایی پێ نکیە لە بەریتانیاوە , جگە لە چەند وەڵامێکی سەر زاری نەبێت و دوو شەو بێ خەو مایەوە , باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە

بەرلین چاوەڕوانی وەڵام بوون جگە لەوەی کە وەڵامەکە دواکەوتبوو بەڵایانەوە سەیر بوو کە واهلریش لە نیوەی شەودا داوای چاوپێکەوتنی باڵیۆزی بەریتانی کرد , لەپاشان بەرێ کەوت بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆرنگ لە شەمەندەفەرە تایبەتەکەیدا و هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر چاوپێکەوتنی هتلر جارێکی تر. بۆ جاری دووەم لە ڕۆژی ٢٩ ی ئۆگەستی ساڵی ١٩٣٩ واهلریش چاوی کەوت بە باڵیۆزی بەریتانیا هندرسن کە نیگەران بوو بە هەڵسوکەوتی گۆرنگ.

لەپاشان ڕوون بوەوە کە هەموو هەوڵەکان شکست خواردوو بوون , چونکە ڕینتڕوب تێکەڵ بە کێشەکە بووە و هتلر سوربوو لەسەر هاتنی دوو نوێنەری حکومەتی پۆلەندی بۆ بەرلین بۆ ئەوەی گوێ بیستی داواکاریەکانی ئەڵمانیا بن و لەسەر بەریتانیا پێویست بوو هانی پۆلەندیەکان بدەن وتوێژ بکەن لەگەڵ ئەڵمانیادا و لەم کاتەدا سوپای ئەڵمانیا لەسەر سنوری پۆلەندە کۆکرابوەوە , گۆرنگیش داوای لە واهلریش کردبوو کە کاتژمێر ٥ ی بەیانی بگەڕێتەوە بۆ لەندەن بۆ ڕزگاربوون لە دەستی. بەڵام بەریتانیەکان نەیاندەویست پۆلەندیەکان بچنە ئەڵمانیا بۆ وتوێژ , بەڵکو دەبێت لەسەر خاکی وڵاتێکی بێ لایەن ئەنجام بدرێت , پاش ئەوەی فۆن ڕینتڕوب داواکاریە ئەڵمانیەکان دەخوێنێتەوە کە بانگکرابوو بۆ وەزارەتی دەرەوە ئەوەی ڕەتکردەوە کە وێنەیەکی ئەو داواکاریانە بداتە هندرسن بۆ ئەوەی بیداتە حکومەتەکەی , بەڵام واهلریش توانی وێنەیەکی ئەو داواکاریانە لە گۆرنگ وەربگرێت و

بە تەلەفۆن بیدات بە بالیۆزخانەی بەریتانیا. بۆ رۆژی دواتر کە ٣١ ی ئەگۆست بوو کاتێك کە واهلریش سەردانی بالیۆزخانەی بەریتانیا دەکات دەبینێت کە هندرسن لەگەڵ بالیۆزی پۆلەندە لیبسکیدا کۆبۆتەوە و بالیۆزی پۆلەندە پێی وایە کە گەلی ئەڵمانیا لە دژی ئەم شەڕ فرۆشتنەی هتلر رادەپەڕن و ئەوکاتە سوپای پۆلەندی لە سوپای ئەڵمانیا دەدات و دەچێتە بەرلینەوە. بۆ بەرەبەیانی رۆژی دوایی , هتلر فەرمان دەدات بە سوپا بە داگیرکردنی پۆلەندە بێ ئەوەی گرنگی بدات بە هەوڵەکانی گۆرنگ و واهلریش و هندرسن و لیبسکی.

لەپاشان واهلریش داوای لە گۆرنگ کرد مۆڵەت لە هتلر بخوازێت بۆ ئەوەی لەگەڵ هندرسن راستەوخۆ گفتوگۆ بکات , هتلریش بەم داوایەی گۆرنگ قایل بوو و واهلریش خۆشی ئامادەی دانیشتنی گۆرنگ و هندرسن بوو بەڵام سەرنجیدا کە هیچ گرنگی و مەبەستێك لە وتەکانی گۆرنگدا نیە ئەوە نەبێت کە تەنها کاتی پێ دەکوژێت.

بۆ رۆژی دوای کاتێك کە واهلریش هەوالّی پەرینەوەی سوپاو هێزی ئاسمانی ئەڵمانی لە سنوری پۆڵەندە دەبیستێت چاوی دەکەوێت بە گۆرنگ لە شەمەندەفەرە تایبەتەکەی خۆی دەبینێت کە گۆرنگ نیگەرانە بەرامبەر ئەم ڕوداوە ئەنجا گۆرنگ بەرێ دەکەوێت بەرە و (ڕایشتاغ)بۆ بیستنی وتاری هتلر دەربارەی بارودۆخەکە.

## هیرمان ویلهلم گورنگ

هتلر له وتارەکەیدا ئۆبالّی هەلگرساندنی جەنگی خستە ئەستۆی پۆلّەندە بە بیانوی ڕەتکردنەوەی وتوێژ لە پاشان هتلر ڕایگەیاند کە لە پاش مردنی خۆی ئەوا گۆرنگ جێ نشین دەبێت.

جارێکی تر هلریش چاوی کەوت بە هتلر بەلّام گۆرنگ کێشەکەی بەلاوە ناسایی بوو چونکە جەنگ هلگیرسا و گرنگ بردنەوەیەتی. بۆ ڕۆژی دواتر واهلریش لەگەلّ گۆرنگ نانی نیوەڕۆی خوارد بێ ئەوەی هیچ هیلاکیەك لە سیمای گۆرنگ بەدی بکات پاش هەلگیرسانی جەنگ.

ڕۆژی ٣ ی سێپتەمبەر واهلریش دەقی چەند هەواڵێك و ئاگاداری دەوڵەتی بەریتانیای لە باڵیوزخانەی بەریتانیاوە گواستەوە بۆ گۆرنگ کە تیادا بەریتانیەکان هتلر ئاگادار دەکەنەوە هێزەکانی لە پۆلّەندە بکێشێتەوە لە کاتژمێر ١١ ی ئەو ڕۆژە هەرچەندە دەزانن کە ئەم داواکاریە لەلایەن هتلرەوە جێبەجێ ناکرێت.

هەروەك ئەم ئاگادار کردنەوەیە واتە هەلگیرساندنی جەنگ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانیاو بەریتانیایە واهلریش داوای لە گۆرنگ کرد کە بە فرۆکەیەك سەردانی لەندەن بکات بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بەریتانیەکان قایل بکات لە جیاتی داواکردنی کشانەوەی هێزە ئەڵمانیەکان داوا بکەن کە چیتر پێشڕەوی نەکەن لە خاکی پۆلّەندەدا گۆرنگ بەم داوایەی واهلریش قایل بوو بەلّام بەریتانیەکان سەردانی هەموو جۆرە کەسێکی ئەڵمانیان بۆ (لەندەن)ڕەتکردەوە تاوەکو تەواوی داواکاری دەوڵەتەکەیان لەلایەن ئەڵمانیاوە جێبەجێ نەکرێت.

لەپاشان گۆرنگ لە بن سێبەری دار قۆخێکدا لە نزیك شەمەندەفەرەکەیدا دادەنیشێت و دەزانێت کە هیچ هیوایەك نەماوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی

نێوان هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانیا و بەریتانیا جگە لە خێرا داگیرکردنی پۆڵەندە نەبێت.

بۆ ئەوەی بەریتانیا بە چەند مەرجێك قایل بێت بۆ و وێژ لەگەڵ گرنگترین بەشدا کە لێوەی نزیك بێت لە بەشەکانی ئەوروپاوە پاش داگیرکردنی پۆڵەندە ئەڵمانیایە.

## بەشی پێنجەم:

# مەزن

داگیرکردنی پۆڵەندە بەلای چەکی ئەڵمانیەوە وەك گەشتێك وابوو. درندەیی جەنگ هەموو هێزی فڕۆکەوانی پۆڵەندی تێك شکاند بەبێ ئاگادار کردنەوە زۆربەی فڕۆکە پۆڵەندیەکان لەسەر زەوی تێك شکێنران.

کاتێك کە نۆرە هاتە سەر داگیرکردنی شاری (وارسۆ)پێش پێشڕەوی کردنی هێزی پیادەی ئەڵمانی بۆ ئەو شارە لەلایەن هێزی ئاسمانیەوە بە شەپۆل تەقەمەنی درا بەسەر ئەو شارەدا بە مەبەستی خۆ بە دەستەوەدانی.

تەقەمەنیەکانی لە جۆری (شتوکا)بە شێوەیەکی ترسناك ئەو شارەی دەکوتا شایانی باسە لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو هەڵمەتە پیاوانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە نامێری کامێرای (فۆتۆ گراف و کامێرای سینەمای)چونە ناو شارو دەستیان کرد بە گرتنی شوێنەوار و کاولکاری ئەو تەلارە خاپورانەی کە جێی شانازی ئەو شارە بوون.

یەکەمین فلیم کە بوە پروپاگەندە بۆ هێزی ئاسمانی ئەڵمانی بە ناوی (یەکەمین کاولکاری بە ئاگر)بوو لە پاش کۆتایی هاتنی فیلمەکە گۆرنگ

لەسەر شاشە دەردەکەوێت و دەڵێت: ئەوەی کە بینەران بینیان هەمان چارەنوسە کە بەریتانیا چاوەڕوانی دەکات.

هەرکاتێك کە کێشەیەك دێتە پێش گۆرنگ هاوار دەکات لێ گەڕێن بۆ چەکی ئاسمانی، دەگێڕنەوە کە گۆرنگ گفتی داوە بە هتلر کە گەر هاتوو تەنها فڕۆکەیەکی دوژمن توانی ئاسمانی ئەڵمانیا ببەزێنێت ئەوا پلەی خۆی دەکات بە (مایر)کە نزمترین پلەیە لە ئەڵمانیادا شایانی باسە گۆرنگ ئەوەندە ژیا بۆ ئەوەی لەم وتەیە پاشگەز ببێتەوە.

بەڵام کاتێك کە پۆڵەندە لەبەردەم هێزی ئاسمانی ئەڵمانیادا وەك تەلارێکی لە کاغەز دروست کراو داڕما جیهان پێیان وابوو کە چەکی ئاسمانی ئەڵمانیا نابەزێت و زەوی و ئاسمانی ئەڵمانیا لە هەمووان قەدەغە دەکرێت لە پاشان ئەڵمانیا کە لێکەڵەی ئەوروپای کەوتە سەر بە بەریتانیاشەوە گۆرنگ لای خۆیەوە دەیوت ئەو کارە بسپێرن بە (لوفتوات)لوفتواتیش پشتی بە بۆمبی دورهاوێژ دەبەست لەسەر کەوتنەکانیاندا بەڵام هتلر ناکۆك بوو بە کارهێنانی ئەم جۆرە چەکە و لە ئەڵمانیادا بەرهەم هێنانی قەدەغە کرد.

لەپاش داگیرکردنی پۆڵەندە بە پێی پەیماننامەکە لە نێوان ئەڵمانیا و ڕوسیادا دابەشکرا. هتلر هەوڵی دەدا لەگەڵ هەریەك لە بەریتانیا و فەڕەنسادا ئاشتی نامە مۆر بکات بەڵام ئەم هەوڵە سەری نەگرت.

لە زستانی ١٩٣٩ بۆ ١٩٤٠ هتلر بانگێشتی و توێژی دەکرد بۆ گەیشتن بە ئاشتی لەم کاتەدا بزوتنەوەیەکی نهێنی لە ئەڵمانیادا دروست دەبێت

لەبەشە ڕاست ڕەوەکان کە بریتی بوون لە سەرکردەکانی سوپا بە مەبەستی وتوێژ کردن بۆ ئاشتبونەوە و پێك هاتنەوە و لە هەمانکاتدا کارکردن لە پێناو لابردنی هتلر لەسەر دەسەڵات. لەم کاتەدا گۆرنگ خەریکی تێکەڵ کردنی ئابوری پۆڵەندە بوو لەگەڵ ئەڵمانیادا.

بۆ ئەم مەبەستە هەرێمە ڕۆژئاواییەکانی خستە سەر دەسەڵاتی ئەڵمانیا بەم پێیە هەرێمەکانی ناوەندی پۆڵەندە بوە دەوڵەتیکی سەر بە ئەڵمانیا و گۆرنگ بوە بەرپرسی گشتی ئەو دەوڵەتەو ئەویش واهلریشی سەر پشك کرد لە ئاسایش و پاکسازی ئەو هەریمانە لە ئەکتوبەری ١٩٣٩ دا.

ئەنجا گەلی پۆڵەندە لایان ئاشکرا بوو کە وەك گەلێکی کۆیلە سەیریان دەکرێت. پیاوانیان لەو کارگانەری کە سەر بە هەرێمەکانی ئەڵمانیا بوون کاریان پێ دەکراو ڕەچەڵەکی ئەڵمانی لە شوێن پۆڵەندی نیشتەجێ دەکران و یەهودیەکانی گەلی پۆڵەندە لە گەڕەکی تایبەت یاخود ڕاپێچ دەکران بۆ نوردوگای زۆرە ملێ و نیشتەجێ دەکران کە لە ناو پۆڵەندەدا بۆیان ئامادە کرابوو لە ژێر چاودێری هێزەکانی پاسەوانی ڕەشدا بوون.

ئەم کارانە زۆر بە دڵ ڕەقی لە مانگەکانی زستانی ١٩٣٩ بۆ ١٩٤٠ ئەنجام دران شایانی باسە گۆرنگ لە هەموو ئەم کارانەدا بەشدار بووە بە بەڵگەی بوونی ئیمزاکەی لەسەر هەموو فەرمانێکی تایبەت بەم کارانە.

لە نۆڤەمبەری ١٩٣٩ دا گۆرنگ بەو پێیەی سەرپەرشتیاری ئابوری ئەڵمانیا بوو هەستا بە دەستنیشانکردنی ڕێژەی خواردن و جل و بەرگ بۆ گەلی ئەڵمانیا و لە مارسی ١٩٤٠ دا فەرمانیدا بە گەلی ئەڵمانیا کە هەستن

بە گێڕانەوەی ئەو کەل و پەلانەی لە (نوحاس و برۆنز و تەنەکە)و هەر جۆرە کانزایەکی بە کەڵک دروست کراون بۆ کارگە حکومیەکان.

ئەنجا هتلر کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ داگیرکردنی ڕۆژئاوای ئەوروپا و گۆرنگیش چاوی بڕیبووە سامانی دەوڵتانی (فەڕەنسا و بەلجیکا و هۆڵندە)هەر لەم پێناوەشدا هەستا بە دامەزراندنی ئەفسەرانی پسپۆڕ لە بواری ئابوریدا لە سوپادا بۆ ئەوەی لە کاتی داگیرکردنی هەر وڵاتێکدا بە خێرایی دەست بگیرێت بەسەر کارگەو دامەزراوەکاندا و تێکەڵ کردنی بەڕەوڕەوەی ئابوری ئەڵمانیا هەروەها دەست گرتن بەسەر ئەو کەرەستە سەرەتاییانەی لە بواری جەنگدا بە کەڵکن.

لە بەهاری ١٩٤٠ دا هتلر هێرشەکەی بۆ سەر ڕۆژئاوای ئەوروپا ئەنجام دەدات و لە (٩)ی ئەپریلدا سوپاکەی (دانیمارك و نەرویج)داگیر دەکەن و ئەو هێرشە تا کۆتایی ئەو مانگە بەردەوام دەبێت و لە (١٠)ی مایودا سوپای ئەڵمانی (بەلجیکا و هۆڵندە)داگیر دەکەن و دەچنە خاکی فەڕەنساوە و جەنگ لە ڕۆژئاوا لە (١٤)ی مایودا کۆتایی پێ دێت لە ساڵی ١٩٤٠ دا.

هیچ زیانێکی ئەوتۆ بە هێزە ئەڵمانیەکان نەکەوتبوو کە شایانی باسکردن بێت جگە لە چەند زیانێکی بچوکی ئاسایی هێزی دەریایی نەبێت. گۆرنگ شانازی بەو سەرکەوتنانەوە دەکرد کە لەلایەن هێزی ئاسمانیەوە ئەنجام درابوون بەڵام زوو زانی کە هتلر هیچ گرنگیەك بەو کارە نادات.

## هیرمان ویلهلم گورنگ

گۆرنگ نیگەران بوو بە دامەزراندنی جەنەڕاڵ (فالکهورست)لەلایەن هتلرەوە بە سەرکردەی هەڵمەتێك بە داگیرکردنی چەند بەندەرێکی نەرویجی بێ ئەوەی ڕای گۆرنگ وەربگرێت.

(سمیر ویلز)هەفتەیەکی لەگەڵ گۆرنگ لە کۆشکی (کارین هول)بەسەر برد سمیر ویلز نێردراوی (روزفلت)ی سەرۆکی ئەمریکا بوو کە لە مانگی مارسدا سەردانی ئەڵمانیای کردبوو کۆشکی کارین هول لەلایەن گۆرنگەوە زۆر گرنگی پێ دەدراو بوبوە جێگەی سەرنجی هەموو ئەو کەسایەتی وخەڵکانەی سەردانی گۆرنگیان دەکرد لەو کۆشکەدا کە تا بهاتایە لەلایەن گۆرنگەوە ڕوبەرەکەی فراوان دەکراو زەوی و زاری دەمدەدرا وای لێ هاتبوو ڕوبەرەکەی خەریك بوو دەبوە هێندەی مۆزەخانەی (هونەر)لە واشنگتۆن سمیر ویلز زۆر سەرنجی خشڵەکانی گۆرنگی دەدا بە تایبەت ئەو (مستیلە گەورەیەی کە زمردێکی گەورەی لەسەرە قەبارەکەی یەك ئینچ چوارگۆشە دەبوو)جگە لە شەش مستیلەی دیکە کە هەریەکەیان نەڵماسێکی گەورەی لەسەرە هەروەها سمرو یلز سەرنجیدا کە هاوڕێیەتی کردنی گۆرنگ ناخۆش نەبێ و بە گۆرنگی ڕاگەیاندبوو کە جەنگ بە زیانی هەریەك لە بەریتانیا و فەرەنسا دەگەڕێتەوە و سەرکەوتن بۆ ئەڵمانیا دەبێت بە هۆی پێشکەوتویی هێزی ئاسمانیەوە.

لەلایەکی دیکەوە کەس لەو بڕوایەدا نەبوو کە هتلر لە مانگی ئەپرێلی (١٩٤٠)دا سەردانی (پاریس)دەکات لە گەشتێکدا بۆ حەوانەوە و بینینی

پایتەختی فەرمنسا پاش ئەوەی کە بەر لە دوو مانگ لەو بەرواره لەلایەن سوپاکەیەوە داگیر کرابوو.

گۆرنگیش سەرکردایەتی گەورەترین هێرش ئاسمانی دەکرد لە مێژوودا چونکە لە کاتی هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر رۆژئاوا (٣٥٠٠)فرۆکە بەشداریان کرد، ئەم هێزە بووە جێگەی سەرسوڕمانی بەرگریکەرە هۆڵەندیەکان لەلایەن بۆمبی ئەو فرۆکانەوە تەواوی شاری (رۆتردام)تێکشکێنرا و نزیکەی (٨٠٠)کەس تێیدا بونە قوربانی و وێرای ئەوەی کە خۆی و سەرۆکی هێزی ئاسمانی (کسلرنج)دەیانزانی کە وتوێژ هەیە لەگەڵ هۆڵەندیەکاندا سەبارەت بە خۆبەدەستەوەدانیان پێش ئەو هێرشە.

هەروەها کاتێك کە هتلر داوای هێزەکانی زرێپۆشی کرد لە پێش (دنکرك)ڕاوەستن گۆرنگ بە شانازیەوە وتی: هێزەکانی دەتوانن دوژمن لەناوبەرن بەبێ هاوکاری زرێپۆش.

سەرۆکی ئەرکانی سوپا (هملر)لەم روەوە باسێکی بۆ (ویلیام شیرر)ناردبوو لە پاش جەنگ.

هتلر سوربوو لەسەر روبەڕوبونەوەی لەگەڵ بەریتانیەکاندا وە شکاندنیان. هەروەها گۆرنگ دەیویست زەبرێکی پتەویان ئاڕاستە بکات.

بەڵام بەریتانیەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە دورخستنەوەی هێزەکانیان یاخود بەشێکی لە (دنکرك)چونکە بارودۆخی ئاو و هەوا نالەباربوو لە بەرژەوەندی کاری فرۆکەوان نەبوو جگە لەوەی کە بەرامبەرەکەی، فرۆکە ئەڵمانیەکان بەهێزن، دوورخستنەوەی ئەو هێزانە

زۆری له شەودا ئەنجامدرا و به رۆژیش پشت به دوکەڵی کەل و پەلی سوتاو دەبەسترا که ناوچەکەی داپۆشیبوو.

رۆژی (٤)ی یونیو (١٩٤٠)هێزە وشکانیەکان دەستیان به پێشرەوی کرد پاش شکست هێنانی ئەرکی هێزی ئاسمانی.

له (٢١)ی یۆنیودا له هەمان ساڵدا گۆرنگ ئامادەی ئاهەنگی خۆبەدەستەوەدانی (فەرەنسا)بوو که له (دارستانی کومبین)ئەنجامدراو تیایدا گۆرنگ بەرزترین مەدالیای وەرگرت که بەدەست هێنانی پلەی (مارشاڵی رایخ)ی مەزن بوو هەروەها هەریەك له پیاوانی (میلش و سبریل و کسلریخ)پلەی (فیلد مارشاڵ)یان پێ بەخشرا.

له پاشان هتلر ویستی لەگەڵ بەریتانیادا پێك بێت بەڵام سەرۆك وەزیرانی نوێ (چرچڵ)له (١٠)ی مایوی (١٩٤٠)دا چووە سەرکار که ڕێکەوتی ئەو رۆژە دەکات. که بەلجیکا و هۆڵەندە لەلایەن هتلرەوە داگیرکران ئەم داوایەی ڕەت کردەوە.

گۆرنگ گەیشتبووە لوتکەی بەرزی دەسەڵات و ناوبانگ و ناودارترین کەسایەتی ئەڵمانیا بوو و جەماوەری له جەماوەری هتلر زیاتر بوو بەڵام له هێزدا ئەم ژمارەیە وەك هتلر نەبوو چونکە تاوەکو ئەو کاتە مانەوەی بەندە به دڵنیایی هتلرەوە لەلایەکی ترەوە بوبوە مایەی چاو تێ بڕین و به زۆر زانینی هەرسێ وەزیری ئەڵمانی (ڕینتروب و گوبلز و هملر)بەڵام (هیس)هەموو گرنگی دابووە چارەسەرکردنی بارودۆخەکە لەگەڵ

بەریتانیادا و حەزی نەدەکرد پێشبڕکێ لە پلە و پایەدا لەگەڵ کەسدا بکات.

هیس گرنگی دەدا بە داگیرکردنی (روسیا)و زۆری سەرکردەکانی سوپا بەچاوی ڕقەوە سەیریان دەکرد چونکە هەر سەرکەوتنێك ئەنجام بدرایە دەکرا بە ناوی ئەوەوە.

لە ساڵی (١٩٤٠)دا هتلر دەستی کردبوو بە نەخشەکێشان بۆ داگیرکردنی (روسیا)و گرنگی داگیرکردنی بەریتانیا کەم بوەبوە، هتلر لە دەریا و سەرکەوتنی ئوستۆڵی بەریتانی دەترسا بەسەر هێزی ئاسمانی ئەڵمانیادا.

هەروەها هتلر پروپاگەندەکانی گۆرنگی بە دوور زانی کە دەیوت دەتوانێت بەریتانیا وا لێ بکات وەك هۆڵەندە خۆی بە دەستەوە بدات ئەویش بە تێکشکاندنی تەواوی فڕۆکە و فرۆکەخانەکان لەسەر زەوی بەهۆی هێرشی بەردەوامی هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا و لە کۆتایدا هتلر گۆرنگی بەرپرس کرد لە ئەگەری بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارە.

چونکە ئەو ئەرکەی کە بە (شێری دەریا)ناسرابوو و تایبەت بوو بە داگیرکردنی بەریتانیا پێویستی بە بەشداری کردنی هێزی دەریایی و ئاسمانی و وشکایەکانی ئەڵمانیا بوو ئەم کارەش زەحمەت و گیروگرفتی خۆی هەیە. هەروەها دەتوانرێت بەریتانیا لاواز بکرێت لە ڕێگەی تێکشکاندنی هێزی ئاسمانیەوە لە پاشان فەرماندرا بە هێرش کردنە سەر هێزی ئاسمانی بەریتانی لە ئاسمان و لەسەر زەوی و هەروەها هێرش کردنە سەر ئۆستۆڵەکان لە بنکە و بەندەرەکاندا لە ڕۆژی (٢)ی ئەگۆست

(١٩٤٠)دا بەم شێوەیە جەنگی بەریتانیا دەستی پێکرد و گۆرنگ لەناو شەمەندەفەرەکەیەوە دەستی کرد بەسەرکردایەتی کردن کە بەشێکی زۆری ناو شەمەندەفەرەکەی کردبووە جێگەی حەوانەوە بۆ خۆی و یاریدەدەرانی هەروەها ئەو کەسانەی سەردانیان دەکرد.

لە مانگی سبتمبەردا گۆرنگ بە هاوڕێیەتی خزمەنتکاری تایبەتی خۆی و پزیشك و برین پێچ (کریستا جورمان)سەردانی شەڕگەی کرد کە تاوەکو ئەو کات لە (پاریس)یاخود لە کارین هولەوە سەرکردایەتی جەنگی دەکرد شایانی باسە کە جەنگی بەریتانیا بە سەرمتایەك دادەنرێت بۆ دابەزین و کەوتنی گۆرنگ، لەبەر درێژبونەوەی جەنگ لە نیوەی ئەگۆستی (١٩٤٠)بۆ نیوەی مایوی (١٩٤١)هەروەها لەگەڵ کەمێك هێور بوونەوەی جەنگەکە لە زستاندا لە نیوەی ینایری (١٩٤١)بۆ مارسی هەمان ساڵ ئامانجی گۆرنگ بریتی بوو لە رەوانەکردنی (١٠٠٠)فرۆکە رۆژانە بۆ سەر بەریتانیا کە پێویست بوو بەشێك لەو فڕۆکانە شەڕکەربن بۆ بەرپەرج دانەوەی فرۆکە شەڕکەرە بەریتانیەکان هەرچەندە کە فرۆکەکانی زۆر لە فرۆکە بەریتانیەکان پێشکەوتوتر و زیاتربوو لە ژمارەدا، لەسەر فرۆکەوانە بەریتانیەکان پێویست بوو شەو و رۆژ خەریکی فرۆکەکانیان بن کە لە جۆرەکانی (سبتفیر و شتوکا و مسرشمیدت)بوو لەگەڵ ئەوەشدا و کەمی ژمارەی فرۆکەکانیان توانیان سەرکەوتن بەسەر ئەڵمانیەکاندا بەدەست بهێنن.

لێرەدا ترس و دوودڵی لە گۆرنگدا پەیدا بووبوو هتلریش رۆژانە بە تەلەفون پەیوەندی پێوە دەکرد بە مەبەستی رودانی هەر پێشکەوتنێك گۆرنگیش بۆ سەرکەوتنی ئەو بەڵێنەی دابووی بە هتلر رۆژانە ژمارەیەکی یەجگار زۆری لە فرۆکە رەوانەی بەریتانیا دەکرد. بەڵام لە ناوەڕاستی سبتمبەردا (هتلر)ناچاربوو کە داگیرکردنی بەریتانیا دوا بخات.

ماوەیەك گۆرنگ بە دابڕاوی مایەوە پاش شکست هێنانی لە داگیرکردنی بەریتانیادا و متمانەی لای هتلر لەدەستدا و ناوەندی سەرکردایەتی و جەنگی جێهێشت بۆ (جەنەراڵ – گالاند)و پیاوانی فرۆکەوانی هەستیان بەبێ نازی دەکرد چونکە وەك گۆرنگ هیچ گرنگیەکی پێ نەدەدان و گالاند یەکێك بوو لەو کەسانەی کە نەیدەویست بە هیچ کاریکەوە بەندبێت کە دەیزانی شکستی تێدا ئەندام درابێت ئەمەش یەکێك بوو لە هەرە هۆکارە عەیبدارەکانی سەردەمی جەنگ گالاند سێ ڕۆژی لە کارین هول لەگەڵ گۆرنگدا بەسەر برد لەوکاتەی کە هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا زیانێکی گەورەی لێ کەوتبوو لەکاتی ئەم ئەنجامەی جەنگی بەریتانیادا گۆرنگ لایکرد بەلای داگیرکردنی (روسیا)کە بەهاری (١٩٤١)ی بۆ دەستنیشانکراوە تا داگیربکرێت.

ئەڵمانیەکان چاویان بڕیبوە سامانەکانی (ئوکرانیا)و چاوچنۆکی هتلر بێ سنوربوو: ئەم هەڵمەتە (ڕۆمانیا و بولگاریا)شی گرتەوە و ئەڵمانیا دەستی گرت بەسەر بیرە نەوتەکانی (ڕۆمانیا)دا.

بەڵام (یوگسلافیا)ئاشکرابوو کە گرتنی ئاسان نیە هەر بۆیە گۆرنگ بەرپرس کرا کە (بەلگردا)وێران بکات بە وێنەی (وارسۆ و رۆتردام).

شایانی باسە داگیرکردنی (بەلقان)بووە هۆی دواکەوتنی داگیرکردنی (روسیا)و لە کۆتایی نەپریلی (١٩٤١)دا جەنگ درێژ بووە بۆ (یۆنان و کریت). تیپە (پەرەشوتەکان)ی سەر بە هێزەکانی گۆرنگ ئەو دوورگەیەیان داگیرکردبوو بەریتانیەکانیان لێ وەدەرنا پاش ئەوەی زیانێکی گەورەیان پێگەیاندن.

هتلر توشی تەوژمێکی پتەوی نیگەرانی دەبێت کاتێك کە (هیس)بە فڕۆکەیەکی تایبەت لە (١٠)ی مایوی (١٩٤١)دا دەچێت بۆ بەریتانیا بۆ گەڕان بە دوای ئاشتیدا ئەویش پێش هێرش کردن بۆ سەر (روسیا)بە چەند هەفتەیەك کە هێرشەکەی سەر روسیا لە (٢٢)ی یونیوی (١٩٤١)دا دەستی پێکرد. ئەرکی گۆرنگ لە داگیرکردنی روسیادا بەکارهێنانی تەواوی هێزی ئاسمانی بوو لە زستانی (١٩٤٠)بۆ بەهاری (١٩٤١).

گۆرنگ هەستا بەدەرکردنی فەرمانێك بۆ هێزەکانی چەکی ئاسمانی ئەڵمانیا کە ئەمە دەقەکەیەتی:- (جەنگ ناتوانرێت بەردەوام بێت گەر بێت و لە روسیادا هێزی ئاسمانی تێروتەسەل نەکرێت بە پشتبەستن بە سامانەکانی روسیا بە جەنگ لە ساڵی سێهەمیدا و گومانی تێدا نیە گەر بێت و پێویستی خۆمان لە ولاتدا بەرین ئەوا چەند ملیونێك لە برساندا دەمرن).

له پاشان گۆرنگ هەستا بەداخستن و لەکارخستنی هەموو کارگە و پیشەسازیەکان لە (مۆسکۆ و لیننگراد)لە پیلانێکدا بۆ بلاوەکردنی خەڵکەکەی و چۆڵکردنی هەردوو شارەکە بۆ گەڕان بە دوای نانداا ئەم کارە و کاتی داگیرکردنەکە لە پیاوانی فرۆکەوان شاردرایەوە و گالاند لە مایوی (١٩٤١)دا بەم کارەی زانی و گۆرنگ پێی راگەیاند کە جەنگ لە روسیادا هەلێکی رەخساوە بۆ ئەوەی هێزی ئاسمانی ئەڵمانی متمانە و رەسەنایەتی کۆنی خۆی بەدەست بهێنێتەوە و لە هاویندا دەتوانرێت بەریتانیا داگیربکرێت پاش کۆتایی هاتنی هەڵمەتەکەی سەر روسیا.

بەڵام گالاند دەیزانی کە توانای هێزی ئاسمانی ئەوەندەیە کە بتوانێت روبەڕوی جەنگ بێتەوە لەگەڵ بەهێزترین دوژمندا کە یەکێتی سۆڤیەتە لە کاتێکدا کە هەمان ئەو هێزانە لە رۆژئاوای ئەوروپادا لە ئیتاڵیا و باکوری ئەفریقا و بەلقاندا بلاوبونەتەوە و لەلایەکی ترەوە فرۆکەوانەکان وا دەزانن کە هەموو ئەرکەکانیان تەنها بەردەوام بوونی هێرشەکانیانە بۆ سەر بەریتانیا.

سەرەتای چەند سەرکەوتنێك لەروسیا دا هتلر پشت ئەستور کرد بەرامبەر سوپاکەی و هێزی ئاسمانی و بەریتانیا بەلایەوە وەك ئەرکێکی رابەڕیوی لێهاتبوو.

سەرنجی گۆرنگ چوو بووە لای گەنمەکەی (ئۆکرانیا)و پێشنیاری بۆ هتلر کرد کە دارستان و زەویەکانی (بیالیستوك)لەسەر کەناری (باڵتیك)بخرێتە پاڵ (بلاروسیا)ی رۆژهەڵات چونکە ناوچەیەکی گرنگە بۆ ڕاو.

هیرمان ویلهلم گورنگ

له پاشان باس له بارەگاکانی تایبەت بە هتلر کرا (قرم و قۆقاز)و بیرە نەوتەکانی (باکۆ)هەروەها بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوان لە شارە روسیەکاندا دەتوانرێت پشت بە هێزی ئاسمانی ببەسترێت.

لەلایەکی ترەوە گۆرنگ بەرپرسە لە دەرکردنی فرمانی قەلاچۆکردنی (یەهود)یان چاسەرسەرکردنی یەکجاری کێشەی یەهود کە لەلای هتلر بە ئەرکێکی پێویست دادەنرا گەر بیەوێت ڕەچەڵەکی ڕەگەزی (ئاری)تەشەنە بکات و بلاوبێتەوە بەرەو ڕۆژهەلات زۆر هۆکار و ڕێ و شوێن گیرانە بەر بۆ کەمکردنەوە و لەناوبردنی روس و یەهود لەوانە برسی کردن، کاری گران و زەحمەت پێیان تاکو ناستی مردن و کوشتنی بە کۆمەڵ. لە ماوەی سالی (١٩٤١)دا لەلایەن تیپەکانی پاسەوانی ڕەشەوە بە هەزاران لە دانیشتوانی روسی و یەهود لە سێدارە دران لە پشت شەڕگەکانەوە بەلام ناوەندی سەرەکی لەسێدارە دان لە (پۆلەندە)دامەزرابوو لەناو ئۆردوگا و گرتوخانەکاندا کە بەناوبانگترینیان ئۆردوگای (ئشویتز)بوو کە (هیدرش)ی جێگری یەکەمی (هملر)سەرپەرشتی ئەم هەلمەتەی دەکرد و گۆرنگ ئەم فەرمانەی لە (٣١)ی یولیوی (١٩٤١)بۆ دەکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:-

(پالپشت بە فرمانی دەرکراو بۆت لە (٢٤)ی ینایری (١٩٣٩)دا تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی یەهود لە ڕێگەی گواستنەوە و کۆچ پێ کردن بە باشترین شێوە لەم کاتەی ئێستادا. فەرمانت پێ دەکەم کە ئامادەبونی تەواو وەربگریت لەرووی خەرجی و ڕێکخستنەوە بە مەبەستی چارەسەری

کۆتایی کێشەی یەهود لە هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە ژێر دەسەلاتی ئەڵمانیاوە لە ئەوروپادا و پێشکەشکردنی راپۆرتێك لەو ڕووەوە لە نزیکترین فرسەتدا).

لەو ساڵەدا هەموو ئەو فرمانانە ئاماژەیان بۆ تونددڕەوی دەکرد کە لە بارەگای سەرکردایەتی گۆرنگەوە دەردەکران و لە دادگای (نورمبرگ)دا پشت بەو فرمانانە بەسترا بۆ تاوانبارکردنی گۆرنگ شایانی باسە کە ئەو بەڵگەنامانەی لە (فایلی سەوز)دان تاوان و تونددڕەوی و بێ بەزەیی دەسەلاتی هتلری نیشان دەدەن لە پێناو دەستگرتن بەسەر ئەوروپادا. لە سبتەمبەری (١٩٤١)دا بەرگری ڕووس ڕوو لە پتەوی بوو و وەرزی زستانیش لەسەر ڕێ بوو لەم کاتەدا ناوبانگی گۆرنگ لە ئەڵمانیادا کەوت چونکە بڵاوبونەوەی هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا بە شەڕگەیەکدا کە درێژدەبووەوە بۆ باکوری (ئەفریقا و فەرەنسا)ڕێگەی خۆش کرد تا فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا چەند هێرشێك بکەنە سەر ئەڵمانیا.

گۆرنگ پەنجەی گەست کە وتبوی ئاسمانی ئەڵمانیا دوور دەبێت لە فرۆکەی دوژمن هەرچەند ویستی ئەم هۆیە بخاتە سەرشانی یەکەی بەرگری زەوی و بە سەرقاڵی هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا لە شەڕگەکاندا پاساوی بۆ ئەم کارە دەهێنایەوە.

لە ئەنجامی سەرکێشیەکانی گۆرنگ (جەنەراڵ ئاودت)خۆی دەکوژێت کە گەورە یاریدەدەرانی خۆی بوو (ئاودت)یەکێك بوو لە پاڵەوانانی جەنگی یەکەمی جیهانی کە (٥٤)فرۆکەی هاوپەیمانانی تێکشکاندبوو لە هەمان

## هیرمان ویلهلم گورنگ

مانگدا جەنەرالّ (مولدر)دەکوژرێت بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەی (مولدر)سەرکردەی هێزی چەکی شەڕکەر بوو لە جێگەی جەنەرالّ (گالاند)دانراو ئامادەی روبەڕوبونەوە بوو لەگەلّ گۆرنگدا.

بەلّام هەموو ئەم نەهامەتیانە کاریان لە گۆرنگ نەکرد کاتێك کە کۆنت (شیانۆ)وەزیری دەرەوەی ئیتالّیا لە نۆڤەمبەری (١٩٤١)دا سەردانی بەرلین دەکات گۆرنگ بە زەردەخەنەیەکەوە پێیّ دەلّێت:-

(ئێمە ناتوانین خۆمان خەریك بکەین بە برسێتی یۆنانەوە. چونکە ئەم کارە بێ شانسی دەگەیەنێت کە زۆر لە هاورێیانیان توشی هاتوون لەگرتوخانەکاندا لە روسەکان و دیلەکانی جەنگ ئەو دیلانە تەنانەت پێلاوەکانی خۆشیان لەبرساندا خواردووە و ئێستا یەکترى دەخۆن لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە پاسەوانێکی ئەلّمانیشیان خواردوە. ئەمسالّ لە روسیا لە برساندا لە نێوان (٢٠ – ٣٠)ملیۆن کەس دەمرێت لە دانیشتوان کە ئەمەش کارێکی باشە بۆ لەناو بردنی هەندێك لەو میللەتانە و دەسەلاتیش نیە، وە گەرهاتوو برسێتی خۆی سەپاند ئەوا دوا میللەت کە کۆتایی پێ دێت گەلانی هەردوو لامانە).

گۆرنگ لە (١٩٤٢)دا سەردانی ئیتالّیا دەکات و گومان پەیدا دەکات پاش ئەوەی کە (ئەمریکا)دەکشێتە جەنگەوە لە دژی ئەلّمانیا.

بەلّام (شیانۆ)هەلّسوکەوتی گۆرنگی بەلاوە سەیربوو وێرای فیز و شانازی کردنی بەخشلّ و زێر و زیوەکانیەوە، شیانۆ وتبوی پێم راگەیاندراوە کە گۆرنگ حەز لە یاری کردن بەخشلّ و زێر و زیو دەکات هەروەك چۆن

منداڵ یاری بە بولبول دەکات لە ماوەی گەشتەکەی بۆ ئیتاڵیا گۆرنگ یەجگار نیگەران و هیلاکی باری دەرونی پێوە دیار بووە بەڵام پاش ئەوەی لەلایەن چەند ئەفسەرێکی یاریدەدەریەوە سنوقێك خشڵ و زێر و زیو دەخرێتە بەردەمی کە پڕ بووە لە یاقوت و ئەڵماس و بەردی بە نرخ گۆرنگ دەستی کردووە بە یاری کردن پێیان و تێکەڵ کردنیان لەگەڵ یەکتری و لەیەك جیاکردنەوەیان و چاوتێ برینیان، بەم شێوەیە هاتۆتەوە سەرخۆی و باری دەروونی حەواوەتەوە بە تەواوی، یەکێك لە گەورە یاوەرانی وتبوی دوو ئارەزوی هەیە کە بریتین لە هلگیرساندنی جەنگ و کۆکردنەوەی هەموو شتێکی بە نرخ هەروەها حەزی بە لەبەرکردنی (جبە و قاپوتی درێژ دەکرد بە جۆرێکی هێند درێژ کە زۆرجار لە زەوی دەدا).

لە (١٩٤٢)دا هتلر (ئەلبرت شبیر)ی کردە وەزیری چەکسازی و بەم شێوەیە رێگرێکی نوێ بۆ گۆرنگ دروست بوو (شبیر)لە یاداشت نامە تایبەتەکەیدا باسی ئەڵمانیای کردووە و نوسیویەتی:-

(گۆرنگ وەك من ئاگادار بووبم هەموو راستیەکانی دەزانی بەڵام خۆی لێ هەڵە دەکرد وەك بازرگانێکی بێ پارە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەکرد هەر ئەم جۆرە هەڵسوکەتەی بوو کە بوە هۆی پاڵ پێوەنانی سەرکردەی یەکەمی چەکی فرۆکەوانی (ئارنست ئاودت)خۆی بکوژێت ساڵی (١٩٤١).

هەروەها لە (١٨)ی ئەگوستی (١٩٤٣)دا یەکێك لە نزیکترین هاوکارانی لە نوسینگەی تایبەتی خۆی بە کوژراوی دۆزرایەوە کە جەنەرال (جاشوفیك)بوو کە بۆ ماوەی چوارسال لەسەر یەك سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، ئەویش لەسەر لاساری گۆرنگ خۆی کوشتبوو (میلیش)پێی راگەیاندم کە نوسراوێك لەسەر مێزمکەی دۆزرابوەوە تیایدا (جاشۆفیك)داوای کردبوو گۆرنگ نەچێتە سەر تەرمەکەی بەلام لەگەڵ ئەوەشدا گۆرنگ ئامادەی مەراسیمی ناشتن دەبێت و بە ناوی هتلرەوە دەستەیەك گوڵ لەسەر گۆری دادەنێت.

بێ بایەخی و گوێ پێ نەدان بە زۆرشت بوبووە پیشەی گۆرنگ و لەم روەوە (والتر شولنبرگ)سەرۆکی مخابەرات لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی رایخ کە سەر بە هملر بوو دەڵێت: لەو ماوەیەدا گۆرنگ هەموو گرنگیەکی بە جەنگ پشتگوێ خستبوو خەریکی ژیانی ئاسایی و رابواردن بە دەوڵەمەندیەکەیەوە بوو. هملریش گۆرنگی بە (پادشای بازاڕی رەش)لە قەڵەم دەدا.

(گوبلز)هاوڕێیەتی لەگەڵدا هێشتبوەوە چونکە لە هەمووان زیاتر و باشتر گۆرنگی دەناسی کە لەژێر ئەو قەڵەوی و چەوریەدا چ دڕندەیەکی فێڵ باز خۆی مەلاس داوە.

لە ساڵی (١٩٤٢)دا ئەڵمانیا بە هەزاران هێرشی فرۆکەی دەکرایە سەر و چەرخی جەنگ بە باشی نەدەسوڕا لە ئەکتۆبەری هەمان ساڵدا دەنگوباسی شکست هێنان لەمەیدانی جەنگدا لە ئەفریقیا بیستڕا و لە

زستاندا روداوی (ستالینگراد)رویدا که سوپای (٦)ی ئەڵمانی بوو و ژمارەیان (٢٥٠)ملیۆن سەرباز بوو هەموو خۆیاندا بە دەست روسەوە لە کۆتایی ینایری (١٩٤٣)و لە نوقْەمبەری هەمان ساڵدا هێزە ئەمریکیەکان لە باکوری ئەفریقیا دابەزین.

کاتێك کە هێرش دەکرێتە سەر شاری (پۆلۆنیا)لەلایەن (١٠٠٠)فرۆکەوە گۆرنگ لە کۆشکی تایبەتی خۆی (فالدن شتاین)دەبێت هتلر دەنێرێت بەدوایدا و هەڵوێستی خۆی بە راشکاوی لەمەڕ هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا بە گۆرنگ رادەگەیەنێت.

فڕۆکە ئەڵمانیەکان شکست ئەهێنن لە داگیرکردنی (مالْتە)دا کە بە خۆراگری مایەوە لەبەردەم هێرشەکانیاندا لەلایەکی ترەوە گۆرنگ زیاتر تووشی کەنار گیری هات کاتێك کە فرۆکەکانی نەیان توانی یارمەتی فریای سوپای (فۆن پاولدش)بخات لە (ستالینگراد)کە لەوەپێش بەلێنی پێ دابوو هەروەك چۆن نەیتوانی یارمەتی فریای هێزەکانی (ئەفریقیا)بخات.

گۆرنگ لە ئاست ئەم کێشانە ئاسای بوو (رۆمل)دەربارەی گۆرنگ وتبوی (لە پێشترین دوژمن ئەو کات گۆرنگ بوو).

چونکە لەو کاتەی کە رۆمل و خێزانەکەی لە فرۆکەیەکدا لەگەڵ گۆرنگدا دەبن گۆرنگ سەرنجی خێزانەکەی بەلای خۆیدا رادەکێشێت بە پێشکەشکردنی مستیلەکانی دەست و پێی و باسکردنی کۆشك سامانە بەنرخەکانی.

بەڵام خێزانی رۆمل گوێی بەم هەڵسوکەوتانە نەدەدا و بەردەوام لە دانغەی ئەوەدا بوو کە گۆرنگ چۆن نەیتوانیوە هیچ جۆرە یارمەتیەك فریای هاوسەرەکەی بخات بەم شێوەیە، هاوسەرەکەی توشی تەنگوچەڵەمە دەبێت هەروەها بەڵای ئەو خانمەوە سەیر بووە کە پیاوێکی لەو ئاستەدا و بەرپرس و دووەم کەسی دوای هتلر ئگوێ بە رووداو و ئاکامەکانی جەنگ نادات.

لە کاتێکدا کە سوپای ئەڵمانیا لە (ستالینگراد)تێکدەشکێنرا گۆرنگ سەرقاڵی سازکردنی ئاهەنگێکی گەورە بوو لە (بەرلین)کە سااڵنە ئەنجامی دەدا ئەویش ئاهەنگی یادی رۆژی لەدایکبوونی بوو لە یەنایری (١٩٤٣)دا.

بڕێکی زۆر لە دیاری و تابلۆی گران بەهای پێشکەشکرا هەر لەو مانگەدا هێرشی رۆژانەی ئاسمانی ئەمریکی بۆ سەر ئەڵمانیا دەستی پێ کردوو بەریتانیەکانیش شەوانە هێرشیان دەکردە سەر ناوەندە پیشەسازیەکان.

فرۆکەوانانی ئەڵمان لە تۆڵەدا زیانی گەورەیان بە دژومنان گەیاند بەڵام پێویستی تەواو لەبەردەم ئەمریکادا بوو، وەك ئەڵمان نەبوو هێزەکانیان بڵاوبوبوونەوە لە نێوان روسیا و ئیتاڵیا و و دەریای سپی و بەلقان و باکوری ئەفریقیا جەنەراڵ گالاند دوو دڵی دایگرتبوو بەهۆی کەمی فرۆکە و فرۆکەوان و پێداویستی هەر بۆیە هەوڵیدا پیشەسازی ئەڵمانیا هەوڵ بدات بڕێکی زیاتر لە فرۆکەی شەڕکەر دروست بکات بە ڕێژەی (٤ – ١)بەڵام هتلر ئەم پێشنیارەی ڕەتکردەوە.

بارودۆخەکە زیاتر روو لە خراپی بوو کاتێك کە هاوپەیمانان (سەقلیە و ئیتالیا)یان داگیرکرد.

هەربۆیە گۆرنگ بە پێویستی زانی لەبەرچاو ون بێت و لە مەیدانی جەنگ دوور بکەوێتەوە لە ئەنجامی ئەم کارەیدا پروپاگەندە بلاوبوەوە کە گوایە گۆرنگ گەراوەتەوە بۆ وەرگرتنی بابەتە هۆشبەرەکان.

گۆرنگ لە دادگای (نۆمبرگ)دا ڕایگەیاند کە تاوەکو سەرەتای ساڵی (١٩٤٢)من بەلای هتلرەوە گرنگ بووم و دووەم کەس بووم بەلام لەو بەرواڕە تاوەکو ساڵی (١٩٤٣)ئەم گرنگیە ڕوو لە کەمی بوو تا گەیشتە نزمترین ئاست). وە وتبوی کە بڕوا ناکەم هیچ کەس وەك من نەبوە دوای من (گوبلز)دێت کە هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ هتلردا تووندوتۆڵ بوو ناو بەناو تێکدەچوو بەلام زۆر گەرم بوو تا کۆتایی و دوا ساڵی جەنگ.

گۆرنگ بە بیانوی نەخۆشیەوە ماوەیەك خۆی دوور ڕاگرت بەلام هتلر دەست بەرداری نەبوو چونکە مانەوەی پێویست بوو بۆ پاراستنی هەیبەتی یاسا لە ئەڵمانیادا گۆبلز لە یاداشت نامە نهێنیەکەیدا لە ساڵی (١٩٤٣)نوسیویەتی کە هتلر پێی ڕاگەیاندوم (گۆرنگ لەبەرچاوم وەك جاران نەماوە بەلام دەسەلاتی پێویستە بۆ سەرکردایەتی کردنی (رایخ)بە هیچ جۆرێك گۆرنگ خانەنشین نەدەکرا. زۆرجار هتلر بانگی دەکرد بۆ ئامادەبون لە کۆبونەوەکانیدا، بەلام گۆرنگ خوی دابوە کۆکردنەوەی تابلۆ بە نرخ و دانسقەکان تا وای لێهات ژمارەی تابلۆکانی گەیشتبوە (١٥٠٠)تابلۆ کە نرخەکەی لە (٦٠)ملیۆن (جونەیهی ئیسترلینی)زیاتر بوو.

گۆرنگ زیاتر گرنگی دەدا بە وێنە کێشەکانی سەدەی حەڤدە هەم بە تایبەت تابلۆی دیمەنە سروشتیەکانی هۆڵەندیەکان هەروەها وێنە و تابلۆی هونەرمەندانی ئەڵمانی سەدەی شازدەهەم کە بریتی بوون لە کۆمەڵە تابلۆکانی هونەرمەندان (روفیز و دینوار و فان کوخ و جوجان و بیکاسۆ و لۆکاس و کرافاك)ی گەورە و بچوك کە دەیوست مۆزەخانەیەك بنیاد بنێت بۆ پیشاندانی وێنە و تابلۆکانی و دژایەتی هتلر بکات کە ئەویش دەیوست لە شاری (لینز)مۆزەخانەیەك بۆ تابلۆکانی بنیاد بنێت.

گۆرنگ چەند تابلۆیەکی کەمی لە گیرفانی خۆی کڕیبو لەوانە تابلۆیەکی هونەرمەند (فیرمیر)، باقی تابلۆکانی تر لەلایەن کۆمپانیا و پیاوانی دەوڵەتەوە لە رێگەی دیاریەوە پێی گەیشتبوو هەروەها لەکاتی جەنگەکاندا دەستی گرت بەسەر رێژەیەکی زۆر لە تابلۆکانی یەهود و پۆڵەندی و بەلجیکی و هۆڵەندی و فەرەنسیەکان کە بە هاوکاری لەگەڵ هتلردا بەشیان کرد و بەشێکی کەمیش خرانە ناو مۆزەخانە و پێشانگا هونەریەکانی ئەڵمانیاوە لە پاش تێپەربوونی ساڵی (١٩٣٤) (موسولینی)لە ئیتاڵیا دەکەوێت و هێزەکانی هاوپەیمانان لە (ئەنزیو)دادەبەزن و هێزی ئەڵمانی لە هاویندا لە ئیتاڵیا کشایەوە لەلایەکی ترەوە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئەڵمانیا زیاد دەکات و هێزی ئاسمانی ئەڵمانیش هیچی بۆ ناکرێت بەهۆی سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا و باشورەوە.

(ئەلبرت شبیر)ی وەزیری چەکسازی پێشکەوتنێکی بەرچاو ئەنجام دەدات لە پێش بەرهەمهێنانی فرۆکە وێرای هێرشی ئاسمانی دوژمنان بۆ سەر

ناوچە پیشەسازیەکان بەرهەمی فرۆکە دروست کردن گەیشتبوە (٣٠٠٠)فرۆکە مانگانە لە بەهاری سالّی (١٩٤٤)دا بەلّام (گالاند)سوربوو لەسەر زیاتر کردنی فرۆکەی شەڕکەر ئەم کارە وایکرد کە گۆرنگ لەگەلّ هتلردا لەو بارەیەوە وتوێژ بکات لە کۆتاییدا.

گۆرنگ بە نیگەرانی و بێ هێزی لە کۆبونەوەکەی لەگەلّ هتلر دەردەچێت کە چاوی پڕ بوە لەئاو چونکە هتلر بە دەنگی بەرز ئەو داوایەی ڕەتکردۆتەوە و داوای لە گۆرنگ کردبوو کە گرنگی بدرێت بە زیاتر لێدانی (ئەنگلتەرە)بە موشەك و داوایکرد کە فرۆکەی هەوایی لە جۆری (مسز شمیدت)کە توانای ئاڕاستە کردنی موشەکی هەیە پەرەی پێ بدرێت.

بەم شێوەیە رێژەی فرۆکەی شەڕکەر کەم بوەوە بە (٧)فرۆکەی هاوپەیمان بەرامبەر (١)فرۆکەی ئەلّمانی. لە زستانی (١٩٤٤ – ١٩٤٥)دا گۆرنگ هەوڵیدا بگەرێتەوە مەیدانی سیاسەت لەسەر فرمانی هتلر بۆ ئەم مەبەستە دەست دەکات بە خوێندنەوەی وتار و بەشداریکردن لەو کۆنگرە سەربازیانەدا کە هتلر سازی دەکرد هەروەها هەستا بە سەردانی شەڕگەی ڕۆژئاوا بەلّام ئەم کارانە کاتی بوون چونکە لە پاشان هتلر دەست دەگرێت بەسەر بارودۆخەکەدا راستەوخۆ بەسەر سەرکردایەتیەکاندا فەرمان دەدات بە شەڕگەکان کە ئاکامەکەی بێ سەرەو بەرەیی رودەدات و کەس لە کەس حالّی نابێت.

بە پێی قسەی گالاند تەنها (١٠٠)فرۆکەی شەڕکەر بەر لە هێرشی هاوپەیمانان دەگرن بۆ داگیرکردنی کەنارەکانی (نورماندی)بەڵام هێزی ئاسمانی ئەمریکی و بەریتانی دەست دەگرن بەسەر ئاسمانی جەنگەکەدا و فرۆکە شەڕکەرەکانی ئەڵمانیا لە دووەم رۆژی داگیرکردنەکەدا دەخالەت دەکەن لە جەنگەکەدا.

ئەڵمانیەکان هیوایان بە موشەکی ئاسمانی لە جۆری (F1)بەڵام لەلایەن فرۆکە و دژە ئاسمانی بەریتانیاوە چالاکانە ئەم موشەکانە پێش لە زەوی دانی تێکدەشکێنران هەرچەندە کە بەشێکی زۆر لەو موشەکانە گەیشتبونە (لەندەن)و زیانی گەورەیان دابوو لە نێوان یونیو و یولیوی (١٩٤٤)دا لە (٢٠)ی یولیودا ئەو بۆمبە دەتەقێتەوە کە کۆنت کولونیل (شتونبرگ)لە ژێر ئەو میزەدا جێگیری کرد بوو لە هۆڵی کۆبونەوەی هتلر لە بارەگای سەرکردایەتی لە (بلاروسیا)ی رۆژهەڵات بەڵام هتلر تەنها بە سوکی بریندار دەبێت کاتێك کە گۆرنگ هەوالەکە دەبیستێت لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی کەدا دەگەنە لای هتلر و بەشداری لە ناهەنگی چا خواردنەوەدا دەکەن کە هتلر لە رێزی (موسولینی)دا سازی کردبوو لە پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژەدا. لەسەر میزی چا خواردنەوەکە پیاهەڵێژانێك لەنێوان رینتروب و گۆرنگدا رودەدات کە خەریك بوە بە دەست لە یەکتری بدەن و هەریەکەیان ویستویەتی دڵسۆزی خۆی پیشانی هتلر بدات.

لە پاشان هتلر بەڵێن بە (هملر و گۆبلز)دەدات کە بەرپرسانی ئەو کارە دەدۆزێتەوە و سزایان دەدات لە دوا مانگی جەنگدا هتلر درکی بەو راستیە

کرد که چیتر ناتوانێت داوا له هێزەکانی بکات ئەرکی گران و نا ئاسایی ئەنجام بدەن.

لە ینایری ١٩٤٥ دا گۆرنگ دەستبەرداری زەویەکانی بلاروسیای رۆژهەڵات دەبێت کە بۆ راوشکار بەکاری دەهێنان بەهۆی هەڕەشەی کشانی هێزی روس و نزیکبونەوەیان لەو ناوچانەو , هەروەها هیتلەریش دەستبەرداری بارەگای سەرکردایەتیەکەی لەو ناوچەیە دەبێت روسەکان دەگەنە نزیکەی (١٠٠)میل لە دووری (بەرلین)ەوە جەنەرال (کۆلر)بە توندی سەرزەنشتی گۆرنگی کردبوو بەهۆی گوێنەدانی بە بارودۆخەکە و دورکەوتنەوەی سالێکی تەواو لە چەکی ئاسمانی کە تەنها بە تەلەفونیش پەیوەندی پێوە نەکردون. پاشان لەسەر گۆرنگ پێویست دەبێت کە دەستبەرداری کۆشکەکەی (کارین هول)بێت پاش ئەوەی هەموو کەلوپەل و تابلۆکانی دەگوێزرێتەوە بۆ باشوری ئەڵمانیا لە رێگەی شەمەندەفەرەوە و خێزانەکەی لە ینایری ١٩٤٥ دا کۆشکەکە جێدەهێڵێت، بەڵام گۆرنگ تا دوا چرکە لە کۆشکەکەدا مایەوە لە ترسی هیتلر هەرچەندە جێنشینی هیتلر بوو بەڵام هەستی بە مەترسی دەکرد لەلایەن هیتلرەوە چونکە گۆبلز چاوی بڕیبوە جێگەکەی ئینجا گۆرنگ ئامادەی دوا کۆبونەوە بوو لەگەڵ هیتلردا، لەپاشان دەچێتە باشور و خۆی لە مەترسی یەکانی جەنگ دوور دەخاتەوە لە کاتێکدا هیتلرخۆی لە ژێر زەمینەکانی بارەگای راوێژکاران زیندەبەچاڵ دەکات. گۆرنگ لە پاش جێهێشتنی کارین هول چەند کەسێکی لە پێناوی خۆی بەرپرس کردبوو لە تەقاندنەوەی کۆشکەکە

لەگەڵ نزیك بوونەوەی روس. گۆرنگ بۆ دواجار كە هتلری بینی رۆژی (٢٠)ی ئەپرلی ١٩٤٥ بوو كە یادی رۆژی لەدایكبونی بوو لەپاش كۆتای هاتنی ئاهەنگەكە بە ئوتومبیل بەرەو (بریخستگادن)كەوتەڕێ لە ڕەوێكی بە كۆمەڵی بەرپرسانی ئەو شارە ئەو كاتە بەرلین نیمچە ئابلۆقەدراو بوو زۆر بە زەحمەت دەتوانرا ئەو شارە جێبهێڵرێت بەهۆی چڕی هێرشی ئاسمانیەوە. بەڵام هتلرچۆڵكردنی بەرلینی رەتكردەوە و تەواوی نیگەرانی و توڕەیی خۆیی باران بەسەر یاریدەدەرانی گۆرنگدا لە هێزی ئاسمانی بەهۆی شكست هێنانیان لە بەر گرتن لە هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان بۆ سەر بەرلین گۆرنگ هتلری بە لەناوچوو لەقەڵەم دەدا لە بەرلین و بەو پێیەی كەجێ نشینی هیتلەرە دەیویست وتوێژ ئەنجام بدات لەگەڵ هاوپەیمانان بە مەبەستی ئاشت بوونەوە لە پاشان جەنەراڵ (كارل كولر)دەچێتە باشوور رۆژی (٢٣)ی ئەپریل و پەیوەندی دەكات بە گۆرنگەوە و پێی دەڵێت گوێی لێ بووە (هتلر بە هەریەك لە مارشاڵ كیتل و كولونیل جەنەراڵ گودلی وتوە كە گۆرنگ بەرپرسە لە هەرجێگەیەك بێت لە كاروباری ئەو ناوچەیە كە لێیەتی و هەركاتێك وتوێژ پێویست بوو ئەوا ئەو واتە گۆرنگ لە من بە تواناترە). كاتێك ئەو هەواڵە بە گۆرنگ دەگات زۆر بەلایەوە سەیر دەبێت بۆ زیاتر دڵنیابوون لەسەر ئەم هەواڵە هەڵدەسێت بە ناردنی بروسكەیەك بۆ هتلر و لەرێ رادیۆوە بروسكەكە بە هتلر دەگات كە بریتی بوو لە (گەورەم , لەبەرئەوەی نێوە بڕیارتان داوە لە قەلای بەرلین بمێننەوە ئایا قایل دەبن وەك جێگرێكی

ئێوە بە پیێ بریارتان لە بەرواری (٢٩)ی ١٩٤١ کە سەر پشک بم بەکارکردن لە ناوەوە و دەرەوە کە هەر ئێستا سەرۆکایەتی (رایخ)بگرمە دەست. ئەگەر تاکو کاتژمێر (١٠)ی شەو وەلامم پێ نەگات ئەوا کار بەو بریارەتان دەکەم لە پێناو بەرژەوەندی گەل و نیشتمان). گۆرنگ داوای لە (رینتروب و کایتل)کرد کە بگەنە (بریخستگادن)بۆ چاوپێکەوتن لەگەلیان گەر هتلر ئەو بڕیارەی هەلنەوەشاندەوە. لەپاشان خۆی ئامادە کرد بۆ چونە ناو وتوێژ لەگەلْ , جەنەرالْ (ئایزنهاوەر)و بیری لە پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ دەکردەوە. کاتێك ئەم بروسکەیە بە هتلر دەگات زۆر تورِە دەبێت و (مارتن بورمان)یش زیاتر خوێی پێوە دەکات لای هتلر و پێی دەلێت: گۆرنگ لەدەسەلاتی کەمکردویتەوە و بەم هەواڵەی نێوەی بە لادراو لەسەرکار لە قەلەمداوە. لە پاشان هتلر بە فەرمانێك گۆرنگ لە هەموو دەسەلاتێك دەخات لە دەولەتدا و لە بروسکەیەکدا بە گۆرنگ دەلێت:

(بڕیاری دەرچوو لە (٢٩)ی ئەپریلی ١٩٤١ هەلوەشاوەتەوە لەسەر نامۆژگاری تایبەتی خۆم سەربەستم لە هەموو کارێکدا و رێگەت نادەم لە هەر هەنگاونانێکدا لەو باسەی کردوتە.. ئەدولف هتلر). (شبیر)لەو کاتەدا لەگەلْ هتلردا بووە باسی لەوە کردوە کە چۆن هتلر تێکچووە بە بیستنی ئەو هەواڵە نیشانەکانی بێزاری لە رووپدا بینراوە و لە تورِەیی خۆیدا وا هەستی دەکرد کە کەسی لە دەور نیە وە دەیوت (من دەمزانی کە وایە بە درێژای کات و دەمزانی کە گۆرنگ تەمەلْ و پیسە هێزی ئاسمانی بە شێوەیەك جێهێشت کە بەکەلکی هیچ نەماوە , وە وتەکانی ناپاکی لە

دەوڵەتدا بڵاوکردەوە لەگەڵ ئەمانەشدا دەمزانی تلیاك خۆرە چەند ساڵ لەمەوبەر). پاش نیو کاتژمێر (مارتن بورمان)وەڵامی گۆرنگی هێنابوو بۆ هتلر کە گۆرنگ دەڵێت: بەهۆی نەخۆشیەکەوە دەستی کێشاوەتەوە لە هەموو پلەو دەسەڵاتەکانی. پاش ئەوە بورمان بە ناوی هتلرەوە بروسکەیەکی ئاڕاستەی گۆرنگ کردوە کە بە خیانەتکار تاوانبارکراوە و داوای لێدەکات خۆی بە دەست بەسەر بزانێت و خۆی و خێزانەکەی و ئەندامانی ناوەندی سەرکردایەتیەکەی لە مالّەکەیدا لە (برگهوف)خرانە ژێر چاودێریەوە لە (بریخستگادن). هەروەها هتلر لە (وەسیەت)نامەیەکدا گۆرنگ لە جێنشینی خۆی دەخات لە دوای خۆی و ئەمیرال (دونتز)دادەنێت بە سەرۆکی دەوڵەت و سەرکردەی گشتی هێزی چەکدار بە پاشقول. هەروەك (هملر)لەسەرکار لا دەبات بە بیانوی هەوڵدان بۆ وتوێژ لەگەڵ هاوپەیمانان. هتلر وتبوی هەریەك لە گۆرنگ و هملر بە پەیوەندیە نهێنی یەکانیان لەگەڵ هاوپەیمانان بە مەبەستی وتوێژ بەبێ ئاگاداری و رەزامەندی من و بە هەوڵدانیان بە گەیشتن بە جڵەوی دەسەڵات لەگەڵ خیانەتکارییان بەرامبەرم سوکایەتیان هێناوەتە سەرخۆیان و تەواوی گەل). لە ئێوارەی (٣٠)ی ئەپریلدا هتلر لە رێگەی گوللەیەك خۆی دەکوژێت و پێش خۆی ژنەکەی (ئیڤا براون)بەهۆی خواردنی ژەهرەوە خۆی دەکوژێت. ئێوارەی (١)ی مایو (مارتن بورمان)دەیویست دڵنیا بێت لە جێبەجێکردنی لەسێدارەدانی گۆرنگ و بۆ ئەم مەبەستە فەرمانیدا بە پاسەوانی رەش لەو روەوە بەڵام سەرکردەکانی

پاسەوان ئەنجامدانی ئەو کارەیان رەتکردەوە و لە جیاتی ئەوە پێشنیاریان کرد کە (کولر)گۆرنگ ئازاد بکات. گۆرنگیش هەوڵی تەواوی دا کە دڵی پاسەوانانی دەوروبەری نەرم بکات بەوەی کە گوایە بە تەنها ئەو ماوەتەوە لە نێوان سەرکردە بەرزەکانی نازی لە دوای خۆکوشتنی هتلر و گوبلز هەر ئەو دەتوانێت لەگەڵ ئەمریکیەکان پێك بێت. پیاوانی پاسەوان بەم قسانەی گۆرنگ قایل بوون و دایانە دەست یەکەمین پۆستەی پیاوانی هێزی ئاسمانی. لە (٦)ی مایۆدا هەڵدەستێت بە پەیوەندی کردن بە ئەمیراڵ (دونتز)ەوە کە جێنشینی هتلر بوو پێی راگەیاند زانیوێتی جەنەراڵ (گودل)نێردراوە بۆ وتوێژ لەگەڵ (ئایزنهاوەر)گۆرنگ بە دونتزی راگەیاندبوو کە باشترین کەسە واتە گۆرنگ خۆی بۆ وتوێژ لەگەڵ ئایز نهاوەر بەو پێیەو کە پلەی سەربازی وەك پلەی ئایز نهاوەرە و لەگەڵ ئەوەشدا پیاوانی سیاسەت و راگەیاندن لە بەریتانیا و ئەمریکا من واتە گۆرنگ بە شیاوترین نازی لەقەڵەم دەدەن بەهۆی کەمی تونڕەوەی و گونجاندنەوە. بەلام دونتز گرنگی نەدا بە وەڵامدانەوەی و لە هەوڵەکانی خۆی بەردەوام بوو لە (٢٩)ی ئەپریل هێزە ئەڵمانیەکان لە ئیتالیا خۆیان بە دەستەوە دەدەن و لە (٤)ی مایۆدا هێزە ئەڵمانیەکان لە باکور و رۆژئاوای (ئەفریقیا)خۆیان دەدەن بەدەست مارشاڵ (مونتگمری)یەوە لە (٧)ی مایودا تەواوی هێزە ئەڵمانیەکان خۆیان دەدەن بەدەستەوە. بەڵام گۆرنگ سوربوو لەسەر پەیوەندیکردن بە ئایز نهاوەرەوە هەرچەندە ئەو جێگەیەی کە (کولر)بۆی دیاریکردبوو بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ

ئەمریکیەکان بۆ ئەوەی خۆی بەدەستەوە بدات بخرێتە ژێر چاودێریەوە بەڵکو راستەوخۆ لەگەڵ ئەندامانی ناوەندی سەرکردایەتیەکەیدا خۆی بەدەست یەکەیەکی سەربازی ئەمریکیەوە بدات ئەوانیش زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکرد و دەیانخواست کە چەند وێنەیەکی لەگەڵدا بگرن کاتێك کە هەواڵی خۆ بەدەستەوەدانی دەگات بە سەکردایەتی سوپای ئەمریکی داوا دەکرێت کە تەنها وەك دیلێکی جەنگی ئاسای سەیری بکرێت و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت , نەوەك وەك کەسایەتی گرنگ. لە پاشان بە فرۆکەیەك دەگوێزرێتەوە بۆ بەندیخانەی (نۆجسبرگ)ی تایبەت بە دیلەکانی جەنگ و لەم گواستنەوەیەدا ئەلفیلد ماریشاڵ (بروشتش و روبرت کروب)ی پیاوی پیشەسازی هاورێیەتی دەکەن و لە پاش گەیشتنی بۆ بەندیخانە ئەفسەران لەوێ پێشوازی لێدەکەن و خوانی بۆ ئەنجام دەدەن و رێزی لێ دەگرن. رۆژی (١١)ی ئەگۆست پیاوانی راگەیاندن چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ساز دەکەن و لە چاوپێکەوتنەکەدا گۆرنگ دەڵێت: لەسەر هتلر پێویست بوو کە لە ساڵی ١٩٩٤ دا خۆی بەدەستەوە بدات. لە (٢١)ی مایۆ ١٩٤٥ داگۆرنگ دەگوێزرێتەوە بۆ بەندیخانەی (موندورف)لە نزیك (لوکسمبرگ)کە بەدەستبەسەری مایەوە تاکو رۆژی پێشکەشکردنی بە دادگا.

بەشی شەشەم:

## دادگایی کردن

گۆرنگ و دوو جانتای پڕ لە (پاراگۆدین)کە جۆرێکی خاوکراوەیە لە (مۆرفین)دەگەنە بەندیخانەی (موندورف)کۆلونیل (هندرسن)کە ئەفسەرێکی ئەمریکی بوو دەڵێت: کاتێك کە گۆرنگ گەیشتە بەندیخانە وامزانی دەرمان فرۆشی گەرۆکە. لە پاشان هندرسن بیری لەوە کردەوە کە کە داوا لە پزیشکی تایبەتی بەندخانە بکات هەوڵبدات گۆرنگ لە تلیاك وەرگرتن دور بکەوێتەوە هەرچەندە بۆ چەند مانگێك توشی ئازار دەبێت لە ماوەی چارەسەرکردندا. بەم جۆرە پاش دورکەوتنەوەی لە وەرگرتنی تلیاك گۆرنگ دەتوانێت بە تەواوی بە ئاگا بونەوەی لە دادگادا بوەستێت و بەرگری لە خۆی بکات کە مانگی نۆڤەمبەری بۆ دەستنیشانکراوە. لە ماوەی بەندێتیدا لە چاوەروانی دادگایی کردنیدا بەشێکی زۆر لە کێشی لەشی ون کردبوو، زۆر چالاك بووبوەوە. بەندکراوێکی نمونەی بوو دانغەی تەنها لای مانْ و منداڵەکەی بوو شایانی باسە کە ژنەکەیی و کچەکەشی بە دیل گیرابوون کاتێك (سیرئیفۆن لیبرکباتریك)سەردانی دەکات دەبینێت زۆر ئاساییە و ورەشی بەرزە کباتریك بەریتانی بوو پێشتر گۆرنگی ناسیبوو لە پێش جەنگدا لە بەرلین. بەڵام رینتروب لە حالەتێکی ئالۆزی

باری دەرونیدا بوو، گۆرنگ هاوکاری تەواوی نواندبوو لەگەڵ لێکۆڵەران و پزیشکانی تایبەتی دەرونی دیلەکان. گۆرنگ ئاوی کۆلۆنیا و تۆزی واتە (بۆدرە)ی بەکاردەهێنا لە پاش ریشتاشین و جل و بەرگی ژێرەوەی حەریر بوو هەروەها لەگەڵ خۆی گەورەترین سێ مستیلەی هێنا بوو کە یەکێکیان یاقوتێکی گەورەی لەسەربوە و دووەم زومردێکی گرانبەها و سێ هەمیان ئەڵماسێکی شینی لەسەر بووە لەگەڵ سێ کاتژمێری گرانبەهادا. گۆرنگ زۆر ئاسای مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەکرد. چونکە تا ئەوکاتەی شانازی بەو پلەو پایانەوە دەکرد کە لە پێشوودا گرتبویە دەست و هەمیشە دەیویست بە باشترین شێوە خۆی پیشان بدات بەو پێیەی کە گەورەترین سەرکردەی نازیە لە ژیاندا ماوە و بۆتە کەسێتیەکی مێژوویی لەکاتێکدا کە ئەو کەسانەی دادگایی دەکەن لە ئاستی ئەودا نین. گۆرنگ بە پزیشکەکەی راگەیاندبوو کە پاش (٥٠)یان (٦٠)ساڵی تر پەیکەری هرمان گۆرنگ لە هەموو ئەڵمانیادا بنیات دەنرێت کاتێك کە کاتی دادگایی کردن نزیك دەبێتەوە گۆرنگ و هیس کە لە بەندیخانەی بەریتانیاوە هێنرابوون بۆ بەندیخانەی (نۆرمبرگ)لەگەڵ ینترۆب و شاخت و فۆن باین. یەکێك لە بەندکراوەکان کە (روبرت لی)بوو توانی خۆی بکوژێت ئەم کارە بوە هۆی تووندوتۆڵ کردنی چاودێری لەسەر باقی دیلەکان. لە پێش دادگایی (٣٠)رۆژێ فایلێك دەدرێت بە گۆرنگ تیایدا (٢٤)هەزار تاوانی تیا تۆمارکرابوو کە درابونە پاڵی و بە زمانی ئەڵمانی نوسرابوو شایانی باسە ئەو تاوانانە بەپێی ئەو بەڵگەنامانە

دەستنیشانکرابوون کە ئەمریکیەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو لە بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی پێشووی حکومەتی نازی لە کاتی جەنگەکاندا.

تاوانەکانی زۆر بوون بریتی بوو لە:-

١- گوێ نەدان بە پەیماننامەکان و بەرپاکردنی جەنگی قورس و پیلان دانان بۆ دەست بەسەراگرتنی سەربەستی گەلان و خراپی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دانیشتوانی وڵاتە داگیرکراوەکان و بەکار هێنانی چەوساندنەوەی رەگەزی و ئایینی و گاڵتەجاڕی لەکار کردندا.

٢- ئەنجامدانی تاوانی دژ بە ئاشتی لە رێگەی داگیرکردنەوە.

٣- تاوانەکانی جەنگ کە لە دژی تاك و کۆمەڵ ئەنجام دراون.

٤- تاوانەکانی دژ بە رۆڤایەتی.

بەندی سێ هەم و چوارەم قەڵاچۆکردنی هەندێك رەگەز و دڵڕەقی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ گیراو دیلەکانی جەنگ و دانیشتوانی مەدەنی لە خاکە داگیرکراوەکاندا دەگرێتەوە لەگەڵ چەوساندنەوەی کرێکاران بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی و ترسناك و بەکارهێنانی ئەشکەنجەدانی بێ بەزەیانەی گیراوەکان لەناو ئۆردوگاو گرتوخانەکاندا.

دادگایی درێژەی کێشا بۆ (٢١٨)رۆژ لە (٢٠)ی نۆڤەمبەری ١٩٤٥ تاوەکو (٣١)ی ئەگوستی ١٩٦٤ لە پاشان بە مانگێك لە (٣٠)سبتەمبەر و (١)ی ئەکتۆبەر حوکمەکان دران.

ئینجا هەر دیلە و لیستێکی بە ناوی باشترین پارێزەرانی ئەڵمانی خرایە بەردەست بۆ ئەوەی هەیئەتی بەرگری دەستنیشان بکەن. شایانی باسە کە

تاوانباران لەلایەن هاوپەیمانانەوە بە کۆمەڵێك جەردە سەیر دەکران کە بەهۆی تووندوتیژی و هێزەوە دەستیان گرتووە بەسەر دەسەڵاتدا و جەنگی قورسیان بەرپارکردوە لە دژی دراوسێکانیان هەستاون بە کوشتنی ملیۆنەها کەس بەهۆی جیاوازی رەگەزیان لە ناویان بردون بەم پێیە دادگاییەکە بووە بڵندگۆیەکی جیهانی بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر نازیەت و دیکتاتۆریەت. شایانی باسە کە دادگای (نورمبرگ)یەکەمین دادگایی بوو لە دژی تاوانبارانی جەنگ و نازیەکان، ئەو دادگایە تاوەکو ئەمرۆ بەردەوامە لە کارەکانیدا لە ئەڵمانیادا. سەرۆکایەتی دادگا درایە دەست لۆرد (لورانس)ی بەریتانی نەژاد کە لە سەرەتای دەست پێکردنی دادگاییدا لە گۆرنگی پرسیبوو کە بە (بەڵی یان نەخێر)وەڵام بداتەوە کە ئایا تاوانبارە یان بێ تاوان گۆرنگیش وتبوی کە (من خۆم بەبێ تاوان دەزانم)گۆرنگ ببوە جێی سەرنجی هەموان لە دادگادا. لە کاتەکانی حەوانەوەدا کاتێك کە دیلەکان دەگەڕانەوە بەندیخانە بۆ نانخواردن گۆرنگ دەیوت (گوێ مەدەنێ خەڵکی چی دڵێت ئێستا ئەوە پەیوەندی بە منەوە نیە چونکە من دەزانم کە ئەوان لەڕابردودا چیان دەوت ئەوان چەپڵەیان لێ ئەدا و هاواریان دەکرد قایل بوون بە رەوتی ژیانیان، من دەربارەی جەماوەر زۆر دەزانم). کاتێك ئەمرکیەکان درکیان بە کاریگەری گۆرنگ کرد لەسەر گیراوەکان لە کاتی نانخواردندا لەوان جیا دەکرایەوە. هەر بۆیە گۆرنگ وتبوی (ئەمە هەمووی لەبەرئەوەیە کە من یەکەمین تاوانباری نازیم لە کۆمەڵەکەدا. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ترسناك

ترینیان بم , بەهەرحال پێویستە لەسەر بەرێوبەری بەندیخانەکە چۆن هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ کەسایەتییە گرنگە مێژوویییەکان گەر هەڵەش بین یاخود راست). لە (٨)ی ینایردا گۆرنگ بەبێ دەنگی لە هۆڵی داداگادا دادەنیشێت و گوێبیستی ئەو تاوانانە دەبێت کە درابوونە پاڵی و بڕیاری دادگا بە کەسایەتی ناوەندی بازنەی ئامادەباشی سەربازی ئەڵمانی تاوانبار کرد هەر وەك بەشداری کردووە لە داگیرکردنی (نەمسا و چیك سلۆفاکیا)و ئامادە بووە بۆ داگیرکردنی (پۆڵەندە و روسیا)و دزینی ئابوری ئەو وڵاتانە و بەکارهێنانی گاڵتەجاڕی بۆ ئەم مەبەستە بەڵگەنامەی پێویست لەو رووەوە خرانە روو بە ئیمزای گۆرنگەوە بۆ سەلماندنی ئەم تاوانە هەروەها هەستانی بە دروستکردنی ئۆردوگا و گرتوخانە، بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی ترسناك و لەسێدارەدانی یەهود و بەکارهێنانی کرێکارانی وڵاتانی داگیرکراو بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی. هەروەها تاوانبارکرا بە هاندان بۆ نەهێشتن و لەناو بردنی یەهود و بەپێی ئەو بەڵگەنامەیەی کە بەئیمزای گۆرنگەوە دەستکەوت و بڕیتییە لە دەرکردنی فرمانێك بۆ (هیدرش)بە دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ کێشەی یەهود. لە پاشان رێدرا بە گۆرنگ کە بەرگری لە خۆی بکات و لەگەڵ پارێزەرەکەی (ئوتو شتاهمر)بدوێت ئەنجا مافی بەرگری لێکردنی لە (٨)ی مارسدا دەستی پێکردوو ماوەی (١٥)رۆژی خایاند. پارێزەرەکەی دەیوت کە ئەو لە هەموو ئەو تاوانانەدا بەشداری نەکردووە زۆربەیان بەبێ ئاگاداری ئەو ئەنجامدراون بە تایبەت لەو ماوەیەدا کە لە هتلر دوور

کەوتۆتەوە لە ساڵی ١٩٤٣ دا بۆ سەلماندی ئەم راستیەش مارشاڵ (میلش)و چەند کەسێکی تر وەك شاهید بانگکران و هەموو وتیان کە ئێمەش و گۆرنگیش ئاگاداری ئەو تاوانانە و لەسێدارەدانی یەهود نین ئەو کارە تەنها پیاوانی پاسەوانی رەش و (هملر)لێ بەرپرسن و هیچ کەس بە گۆرنگیشەوە نەی دەتوانی دژی هتلر بوەستێت. بەڵام سێر (ماکسویل فیف)جێگری داواکاری گشتی بەریتانی توانی لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ مارشاڵ (کسلرنج)راستی حاشا هەڵنەگری دەست بکەوێت سەبارەت بە ئاگاداری گۆرنگ لە هێرشە ئاسمانیەکانی سەر (وارسۆ و روتردام)کاتێك کە (کسلرنج)سەرکردەی هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا بووە. لە پاشان گۆرنگ (١٣)ی مارس بەرگری لە خۆی دەکات و جەماوەریش بە تەوسەوە چاوەڕوانی ئەنجامی دادگان و گۆرنگ لە سەرەتای بەرگری کردن لە خۆی وەك نەکتەرێك کە پێشتر خۆی بۆ چونە سەر شانۆ ئامادە بکات وابوو پاش ئەوەی چەند مانگێکە چاوەڕوانی ئەو کاتەی دەکردوو دەیویست راستگۆ بێت لەو دەسەڵاتانەی کە هەیبوە لە حکومەتی نازیدا دەیزانی کە راستگۆیی سوودی هەیە لە سوکی بڕیاردان لە دادگاو لە هەمانکاتدا راکێشانی سۆزی هەندێك بەلای خۆیدا , بەڵام ئەو پرسیارانەی کە ئاڕاستەی کران بارودۆخەکەی گۆڕی بە جۆرێك کە تەنها لەوەدا راستگۆیی بنوێنێ کە هاوکاری کردوە لە چەسپینی یاسای نازیدا بە شێوەیەکی گشتی سەرکردایەتی کردوە , هەروەك نەرمی پشانداوە لەو قەسابخانەیەی بە مەبەستی پاکسازی دوژمنانی حیزب ئەنجامدرا کە تیایدا (رۆهم)و زۆری

تر له ناوبران پێش وەخت کۆتایی هێناوە بەو کارە هەروەها بەرپرسێتی خۆی لە بەشداری کردنی لەسێدارەدانی دوژمنانی هتلریدا دەوری یاسا پێشاندان هەروەها بەرپرسێتی خۆی پیشاندا لە دەرکردنی یاساکانی (نۆرمبرگ)بەڵام رایگەیاند کە ئەو یاسایانە تەنها لەبەرئەوە دەرکرابوو کە رێژەی یەهود لە هێز و سامان و رەگەزدا لەسەرو ئەڵمانەوە بوو. هەروەها شانازی بەوە دەکرد کە پرۆگرامی چەکسازی لە ئەڵمانیای پێدرابوو لەگەڵ زیندوکردنەوەی هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا و وەرگرتنی سەرۆکایەتی ئابوری، کاتێك کە دەگەڕایەوە بەندیخانە لەگەڵ پزیشکەکەی دەدوا و پێی دەوت: (ئێستا چۆنم، رات چی یە لەو بڕوایەدا نیم کە ترسنۆك هاتبمە بەرچاو لە هۆلی دادگادا هەرچەندە هەستم بە شڵەژانێکی زۆر دەکرد لەم پێناوەدا پشتم بە بیرکردنەوە دەبەست ئەزانی ئەو وشانە زۆر کەمبوون کە تۆ ئامۆژگاریت کردم لە کاتی بەرگری کردندا بیانکەم). پاش ئەوەی گۆرنگ لەبەرگری کردنی خۆی دەبێتەوە توشی لێکۆلینەوەیەکی گران دەبێت لەلایەن داواکاری گشتی بەریتانی روسیەوە و شاهیدی (شاخت و شبیر)دژی و لە پاشان پارێزەرەکەی دوا بەرگری لە گۆرنگ دەکات و دەلێت: (گۆرنگ هەوڵیداوە جەنگ بەرپا نەبێت و ئەو بەرپرس نیە لە سیاسەتی دوژمنکارانەی هتلر و هەڵنەساوە بە دەست بەسەراگرتنی تابلۆ هونەرییەکان، بە ناوی دەوڵتەوە نەبێت و بەشداری نەکردوە لەو کارانەی کە لە ئۆردوگا و گرتوخانەکاندا ئەنجامدراون، بەڵکو نەگبەتی لەوەدا بووە کە دڵسۆز بووە بەرامبەر بە هتلر). ئینجا داواکاری گشتی دێتە قسەو

دەڵێت: ژیانی گۆرنگ دوو بەش بووە بەشی یەکەمیان سەربازی بەشەکەی تری وەك پیاوانی (کاوبۆی)وابووە و پەنجەی گەورەی کردووە بە هەموو خواردنێکدا بەشداری کردووە لە لە سێدارەدانی بەرهەڵستکاران و بوختانو تاوان خستنە پاڵ سەرکردە سەربازیەکان بە مەبەستی رزگاربون لە دەستیان بە هاوکاری لەگەڵ هتلر. لە پاشان داواکاری گشتی بەریتانی (سێر هارولد شوکرس)باسێکی دورودرێژی باس کردو تیشکی خستە سەر ئەو تاوان و بەڵگانەی کە تاوان دەسەلێنن و وتبوی کە (گۆرنگ زانیاری و ئاگاداری لە کارەکاندا لە هتلر زیاتر بووە، لە هتلەر کاریگەری زیاتر بووە لە رێکخستنی دەوڵەتدا لە پێناو بەرپاکردنی جەنگی دوژمنکارانە چونکە جەنگاوەران سنوری وڵاتان ناشکێنن و بە بۆمبو تەقە کردن و بنیادنانی ژوری تایبەت بە ژەهراوی کردن بە گاز خەڵکی بکوژن و لەناویان بەرن لەو روەوە فرمانیان پێنەکرێت). ئینجا لا دەکات بەلای گۆرنگداو دەڵێت: (لەسەرمتای دادگاییەکەدا تاوانبارم کردی‌و پێم راگەیاندیت کە رۆژێك دێت پیاو پێویستە دەستنیشان بکات لە نێوان وێژدانی و جێبەجێ کردنی داواکاریەکانی سەرۆکەکەی بەڵام تۆ و هەموو ئەو تاوانبارانەی تریش هەموو دەستبەرداری وێژدانتان بوون)لەپێناو گوێڕایەڵی ئەو دڕندەیەی کە دروستتان کردبوو بۆیە نێستا ناتوانم حاشا لە بەشداربوون و بەرپرسیارێتیتان بکەن لەو تاوانانەی کە ئەو دڕندەیە ئەنجامیداوە. شایانی باسە گۆرنگ یەکەمین تاوانبار بوو کە بانگکرا بۆ ئەوەی گوێبیستی بریاری کۆتای دادگا بێت لەو کاتەدا ئامێری

گوێبیستنەکەی تێکدەچێت کە لە هەردوو گوێچکەیدا بوو هەربۆیە سەۆرکی دادگا چاوەڕوان بوو تاکو ئامێرەکە چارەسەرکراو لە پاشاندا دوا بڕیاری خۆیدا بەسەر گۆرنگداو وتی: (هرمان گۆرنگ)بەپێی ئەو تاوانانەی دراونەتە پاڵت دادگای نێونەتەوەی سەربازی بڕیاریدا بە کوشتنت بە لەسێدارەدان)شایەنی باسە کە گۆرنگ بە پێوە رادەوەستێت کاتی بیستنی دوا بڕیاری دادگاو هۆلی دادگا چاوەڕوانی بەرپەرچدانەوە بوون لەلایەن گۆرنگەوە بەڵام گۆرنگ ئامێرەکەی لە گوێی کردەوە و یەکڕاست بە بێدەنگی هۆڵی دادگای جێهێشت. لە مارسی ١٩٤٦ دا ژن و کچەکەی لەگەڵ خێزانی باقی گیراوەکان ئازاد دەکرێن و ژنەکەی و کچەکەی سەردانی دەکەن کە گۆرنگ بەبینینی کچەکەی زۆر نیگەران دەبێت لە پاشان جارێکی تر لە پاش بڕیاردانی لە سێدارەدران ژنەکەی سەردانی ئەکاتەوە گۆرنگ داوا دەکات کە وەك سەربازێك گوللە باران بکرێت بەڵام ئەو داوایەی رەتکرایەوە چونکە ئەو بە جۆرێك ئەو بڕیارەی بەسەرا دراوە لەبەرئەوەی ئەو وەك سەرباز هەڵسوکەوتی نەکردوە. ئەنجا گۆرنگ بڕیاری خۆکوشتن دەدات لە شەوی (١٥)ی ئەکتۆبەری ١٩٤٦ دا پێش نیوەی شەو بە دوو کاتژمێر بەر لە جێبەجێ کردنی بڕیاری دادگا. ئنجا ئەو (کەپسولە)سیانیدە دەخوات کە لە ناو دەمیدا شاردبوویەوە هەرچەندە پزیشك بانگکرا بۆ فریاکەوتنی بەڵام کات درەنگ بوو ئەو مردبوو لە پاش ئەو (رینتروب)بڕیاری دادگای بەسەرداجێبەجێ کراو لەسێداردرا لە پاشان لاشە کانیان لەگەڵ لاشەی گۆرنگ دەسوتێنرێن و خوڵەمێشەکانیان

هیرمان ویلهلم گورنگ

له هەوادا بلاوکرایەوە بۆ ئەوەی گۆڕیان نەبێت لەپاش مردنی گۆرنگ نوسراوێك دۆزرابۆوە کە لەلایەن گۆرنگەوە نێردرابوو بۆ بەڕێوەبەری بەندیخانەو تیایدا هاتبوو (بۆ بەڕێوەبەری بەندیخانە. من هەمیشە (کەپسول)ی ژەهرم لەگەڵ خۆم هەڵدەگرت لە کاتی دەستگیرکردنمەوە. کاتێك چوومە بەندیخانەی (موندورف)سێ دانەم پێبوو. یەکەمیانم لە جل و بەرگەکانم شاردمەوە بۆ ئەوەی گەر پشکنین ئەنجامدرا بدۆزرێتەوە و دووەمیش لە ژێر (عەلاگە)ی جلەکانمدا بوو کاتێك کە جلەکانم دەگۆڕی لەوێم دادەناو کەخۆم دەگۆڕی دووبارە جارێکی تر هەڵم دەگرتەوە و لەکاتی دانیشتنەکانی دادگادا یاخود لە پێڵاوەکانمدا یان لە هەرجێگایەکی لەشمدا دەمشاردەوە سێ هەم دانەش نەوەتا لە قوتوی کرێمی دەم وچاوەکەدا , پێویست نەبە کە ئەو کەسانە تاوانبار بکرێن ئەرکی پشکنیان ئەنجامدەدا چونکە بە رێکەوت نەبوایە نەدەدۆزرانەوە. لەبەرئەوەش بڕیارمدا کە خۆم بکوژم پاش ئەوەی لەلاین پزیشك (جلبرت)ەوە پێم راگەیەندرا کە داواکەم سەبارەت بە گوللە باران کردنم لە جیاتی لەسێدارەدانم رەتکراوەتەوە.

نیمزا

(هرمان ویلهلم گۆرنگ)